دابینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٦٦

www. kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

پێنج شەممە ● ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٨٦ ● ١٩ی جولای ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن



لە ١٨ ساڵەی شەهید بوونی د. عەبدولرەحمان قاسملوو و هاورێیانی‌دا، لە کوردستان‌و دەرەوەی وڵات، ئۆگران، قوتابیان‌و درێژەدەرانی رێگای ئەو رێبەرە هەڵکەوتوویە، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی دووپات کردەوەو نەفرەت‌و بێزاریی خۆیان بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان دایەوە.

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب رێورەسمێکی گەورە بە بەشداریی رێبەری، تێکۆشەرانی حیزب‌و بنەماڵەکانیان‌و دەیان کەسایەتیی خەڵکی کۆیە پێك هات کە تێی‌دا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وتارێکی گرنگی پێشکێش کرد. لە رۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵك بەم بۆنەیەوە هاوپێوەندیی نەتەوەیی خۆیان پێشان دایەوەو بە شێوەی جۆراوجۆرو لە هێندێك شار بە مانگرتنی گشتی، یادی شەهید بوونی رێبەری پایەبەرزی خۆیان کردەوە.

لە ئورووپاو ئۆسترالیا چەندین رێورەسم بەو بۆنەیەوە بەڕێوە چوون.

**لەسەر گڵکۆی دوکتور قاسملوو لە گۆرستانی "پێرلاشێز"ی پاریسیش، رێورەسمێکی بەشکۆ بەڕێوە چوو کە لەم ژمارەیەو لە پاشکۆی تایبەت بەم یادەدا پانۆرامایەك لەو رێورەسمانە، دەبینن.**

### دانییێل میتران بۆ بەشدارانی رێورەسمی گۆڕستانی پێرلاشێز:

# ئێوە وەفاداریی خۆتان بە ئامانجەکانی قاسملوو نیشان دایەوە

## سوپاس‌و پێزانینی کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

خەڵکی خەباتگێڕو تێکۆشەری کوردستان!

لاوانی بە هەست‌و تێکۆشەر!

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

وێرای بەرزو بەڕێز راگرتنی یادو بیرەوەریی رێبەرو سیاسەتمەداری گەورەی گەلەکەمان شەهید د.عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

لە هەژدەهەمین ساڵرۆژی شەهید بوونی ئەم تێکۆشەرە مەزنەدا رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ بۆ رێزگرتن لە خەبات‌و تێکۆشانی دکتور قاسملووو دەربڕینی نارەزایەتی‌و نەفرەت لە رێژیمی کۆنەپەرست‌و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران شاهیدی فیداکاری‌و لە خۆبردوویی‌و هاوخەباتیی کەم وێنەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووین. ئەوەش لە حالێك دا بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە پێی بەرنامەیەکی لە پێش دا دیاریکراو بۆ پێشگیری کردن لە بەڕێوەچوونی هەر حەرەکەتێکی شۆڕشگێڕانەی خەڵك وەك کاری تەبلیغی، داخستنی دوکان‌و بازار، خۆپێشاندان‌و هاتنە سەر شەقامەکان‌و دەربڕینی ناڕەزایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر هێزەدژی گەلییەکانی زیاتر لە جاران لە نێو شارو شەقام‌و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دا بڵاو کرد بوونەوە و لە حالی ئامادە باشی تەواو دابوون‌و بە خولقاندنی فەزایەکی پڕ لە ترس‌و تۆقان خۆیان بۆ سەرکوتی خەڵك ئامادە کردبوو.

بەڵام خەڵکی ئەمەگناس‌و چاو نەترسی کوردستان‌و تێکۆشەرانی رێگای ئازادی بۆ دەربرینی نارەزایەتی بەرامبەر بەو جینایەتە گەورەیەی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان کرا بوو، بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی‌و بوونی وشیاریی سیاسی‌و بە هێز بوونی هەستی نەتەوایەتی‌و بە یەکگرتوویی خۆیان‌و بە بێ گوێدان بە هێزی زۆر و هەرەشەی بەکرێگیراون، بە تاك‌و بە کۆمەڵ بەهەر شێوەیەك کە بۆیان رەخسا، لەو هەلومەرجە ناسکە دا ئەوەی شایانی رێزگرتن لە گیانی پاکی ئەو رێبەرە بە توانا و بلیمەتە بوو کردیان. بەکرێگیراوان کە چاوی دیتنی ئەو حەرەکەتە شۆرشگێرانەیەیان نەبوو، لە چەند شوێن و ناوچەی کوردستان پەلاماری خەڵکیان دا بە تایبەتی لە شاری مەهاباد لە مەیدانی شۆرش هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی کۆمەڵێك لە لاوانی دڵسۆزو دەستیان کرد بە ئەشکەنجەو ئازاری ئەو لاوانە. لە ئاکام دا لاوێکی تێکۆشەر بە ناوی عبدالصمد نصیری کوری احمد نصیری شهیدو چەند کەسیش بریندار بوون. وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس‌وکاری ئەم شەهیدەو بە هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری برینداره‌کان، بە بۆنەی بەشداریی چالاکانەی خەڵکی خەباتگێری کوردستان بە گشتی‌و شارەکانی مەهاباد، شنۆو سەقز بە تایبەتی، لە هەژدەهەمین ساڵوەگەری شەهید بوونی رێبەری مەزنی نەتەوەکەمان دکتور قاسملووی هەرگیز نەمر داو لە ئاست پشتیوانی‌و دڵسۆزیی ئەوان لە پێناوی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان دا سەری رێزو نەوازش دادەنوێنین‌و دەستی هاوخەباتییان دەگوشین‌و سوپاسی بێ کۆتایی خۆمان لە بەرامبەر هەستی دڵسۆزی‌و نیشتمانپەروەری‌یان دەردەبرین.

سڵاو لە خەڵکی خەباتگێری کوردستان، یارو پشتیوانی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رێبەر قازی، قاسملووو شەرەفکەندی‌و گشت شەهیدانی کوردستان.

هەر بژین‌و سەرکەوتوو بن.

**کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**١٣٨٦/٤/٢٣**




**بۆ گۆڕستانە پیرو خەماوی‌یەکەی پێرلاشێز بەخێر بێن! بۆ ئێرە کە ناوداران‌و نەمرانی ئەم وڵاتە لە پانتایی مێژوودا راکشاون‌و پشووی ئەبەدیی خۆیان دەدەن... بۆ ئێرە کە شەهیدانی کۆمۆن لە ئاسمانە زۆر بەرزەکان راماون‌و ناز بەسەر ئەو خاکەدا لێ دەدەن کە تێیدا خەوتوون.. بۆ ئێرە کە گڵکۆی سپی‌و ساکاری چەند سەرداری رۆژهەڵاتیی لە باوەش گرتوە، جەستەی پیرۆزی چەند شەهیدی گەورەی کورد کە لەمێژ نیە لێرەن، بە میوانی لێرەن‌و وێ ناچێ بە تەما بن رۆژگاریکی درێژە لێرە بمێننەوە... قاسملوو بە خەبات‌و خوێنی خۆی گوڵستانێك لە شانازیی بۆ حیزبەکەی‌و بۆ گەلەکەی هێنایە بەر. ئەمڕۆ، لە هەژدەهەمین پووشپەڕی ڤییەندا، ئەم گوڵستانە بە گوڵەکانی دەستی ئێوەی رێبوارانی رێگای قاسملوو دەخەملێ. ئەمڕۆ، تۆزی ئەو رێگا دوورەی ئێوە بڕیوتانە لەگەڵ تۆزی سەر گۆڕەکەی قاسملوو ئاوێتە دەبێ هەتا هەودای بێپسانەوەی کاروانی خەباتی میللەتێك بۆ ئازادی قایمتر بێ."**

**ئاسۆ حەسەن زادە**

## جیابوونەوە لە پارتی ئازادیی کوردستان دا

زۆر بەداخەوە ئاگادار بووین کە رۆژی ٢٠٠٧/٧/٧ بەرامبەر بە ١٣٨٦/٤/١٦ دەستەیەك لە ئەندامانی رێبەری‌و کادرەکانی پارتی ئازادیی کوردستان (PAK) بە دەرکردنی راگەیەندراوێك جیابوونەوەی خۆیان لەم حیزبە راگەیاندوەو ناوی پێشووی ئەم حیزبە واتە "یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان"یان بۆخۆیان داناوە.

هەروەك ئەو دۆستانە لە بەشی یەکەمی راگەیەندراوی خۆیان دا نووسیویانە "هەر جۆرە لە یەك دابڕانێك لە زەرەری بەرژەوەندی گشتی‌و رەوتی بەرەوپێشچوونی ناسیۆنالیزمی کوردو یەکیەتیی ریزەکانی نەتەوەییمانە". هەربۆیە ئەم رووداوە بێ لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە هۆیەکانی چی بوون، بۆ ئێمە رووداوێکی ناخۆش‌و نەخوازراوەو ئارزوو دەکەین هەر دوو لا بتوانن بە دەست پێکردنی وتووێژێکی هاوڕێیانەو بنیاتنەر رێگای پێك گەیشتنەوەو وەسەر یەك خستنەوەی ریزەکانیان تەخت بکەن.

لەو پێوەندی‌یەدا رادەگەیەنین ئەگەر هەر دوو لای کێشەکە پێیان خۆش بێ ئامادەین هەموو توانای خۆمان بۆ لێك نیزیك خستنەوەو بە یەك گەیاندنەوەیان بخەینە کار.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٦/٤/١٩ (٢٠٠٧/٧/١٠)**


وتاری مامۆستا حەسەنزادە لە ٢٢ی پووشپەڕدا ٢


شەهید قاسملوو، رەمزی بەرخۆدان ٥


پرسی رێفۆرم لە وتووێژ لەگەڵ ئەحمەد عەزیزی‌دا ٨


گەڕانەوە لە لێواری مەرگەوە ٩


لە پەراوێزی کۆنفرانسی خەسارناسی‌دا.. ١٠


پاشکۆی تایبەت بە ١٨ ساڵەی تیرۆری قاسملووی رێبەر

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:

# دروستکردنی دوکتور قاسملوو لە ئایندەی میللەتی کورددا هەم ئەرکەو هەم شانازییە، هەم مومکینە



میوانە بەڕێزەکان! خوشك و برایانی خۆشەویست! پڕبە دڵ سوپاستان دەکەم کە بۆ یادی گەورە پیاوی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نەتەوەی کورد، دوکتور قاسملووی نەمر لێرە بە یەك گەیشتوون.

١٨ ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژی ١٣ی ژووئیە(٢٢ی پووشپەڕی تاریخی ئێرانی)دا دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە نەیان‌توانیبوو بە ڕێگەی دیکەدا زەفەر بە دوکتور قاسملوو بەرن، بە ناوی وتووێژ بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد، ئەو گەورەپیاوەیان کێشایە سەر مێزی وتووێژو بە شێوەیەکی نامەردانە تیرۆریان کرد. تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەگەڵ ویشدا دوو ڕەفیقی خۆشەویست و دوو یاری وەفادار، عەبدوڵڵا قادری‌ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ فازیل مەلا مەحموود یا فازیل ڕەسوول، مامۆستای دانیشگا کە کوردێکی باشووری کوردستان بوو بەڵام نزیك لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و دۆستی دوکتور قاسملوو بوو، شەهید کران.

ئەو تیرۆرە لە دنیادا دەنگێکی زۆری دایەوە. یانی لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو وەکوو بەزیندوویی گەورە بووو بە زیندوویی خزمەتی گەورەی کرد، بە مردنیشی ناوی کوردو مەسەلەی کوردی لە دنیایەدا زەقتر کردەوە. لەو بۆنە تاڵەدا جارێکی دیکە بە ناوی خۆم و ئێوەو، لە لایەن ئێوەش ئیجازە لە میللەتی کورد دەخوازم بە ناوی هەموو میللەتی کوردەوە، سڵاو لە گیان و یادی مامۆستای دێموکراسی، دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی بکەم. جارێکی دیکە بەناوی هەمووانەوە ئەو تیرۆرە ناپیاوانەیە مەحکووم دەکەم.

ئەمڕۆ کە ئێمە لێرە دانیشتووین دەکرێ بڵێین لە هەموو جێیەك، بەڵام لە هەر جێیەی بە جۆرێك دڵسۆزانی میللەتی کورد یادی کارەساتی ڤیەن و شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو دەکەنەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو لە ڕاستیدا تەنیا هەر هی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبوو بەڵکوو ڕێبەرێکی نەتەوەیی بوو کە پێوەندیی بە هەموو کوردەوە هەبوو، هەموو کوردەکان وەك یەك ڕێزیان لێ دەگرت. بەو حاڵەش هەموو ئەو ڕێز لێنانە کە ئێستا هەیە پێم وایە هەموومان قەبووڵمانە کە بارتەقای خزمەت و خەبات و تێکۆشان و گەورەیی دوکتور قاسملووی نیە. ئاوات بەو ڕۆژە دەخوازین کە ئەو بەشەی دیکەی کوردستانیش وەك ئێرەو زیاتر لێرەش ڕزگار بێ، ئاواتی دوورەدەستریش بۆ ئەو ڕۆژەی کە وڵاتی قاسملووی هەروەك قاسملوو دەیویست وڵاتێك بێ بە هوویەتی خۆیەوەو بە پێناسەی خۆیەوە، جا ئەو وەختی لە کۆبوونەوەی سەدان هەزار کەسی‌و میلیۆن کەسی‌دا یادی دوکتور قاسملوو بکەینەوە.

بەڵێ دوکتور قاسملوو هی هەموو کورد بوو. پیاوێکی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی دەڵێ، لە خۆڕایش ناڵێ: "کوردەکان پێیان وایە ئەگەر دوکتور قاسملوو لەم هەلومەرجەدا مابایە دەی‌توانی زۆر خزمەتی گەورەتر لەوەی کردی، بە میللەتی کورد بکا". بە هەق قاسملوو مەردی مەیدانی دیپلۆماسی بوو. هیچ زۆرمان نەکوتوە کە بڵێین لە دەورانی خۆیدا زیاتر لە هەموو کەس هەوڵی دا بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە دنیایەدا وەك مەسەلەیەکی گرنگ بناسرێ. هەمووومان دەزانین یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کە لە سەر مەسەلەی کورد لە پاریس گیرا، بە هەوڵو تێکۆشانی دوکتور قاسملووی گیرا کە بەداخەوە بۆخۆی تێیدا بەشدار نەبوو، هەر بۆیەش کۆنفرانسەکە پێشکێش بە یادو ناوی دوکتور قاسملووی کرا. بەڵام شاراوە نییە کە دوکتور قاسملوو ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو، تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بووو ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو. کە وایە زیاتر پێوەندی بە حیزبی دێموکراتەوە هەیە. خزمەتەکانیشی ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی خزمەت بە هەموو میللەتی کوردن، بە شێوەیەکی تایبەتی لە خزمەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خۆیان دەبیننەوەو چڕ دەبنەوە.

هەرچەند زۆرمان لە سەر گوتوەو زۆرمان لە سەر نووسیوە، بەڵام دیسان ئێمە پێی قەرزدارین. لە شەرایتێکی ئاوا کورتیشدا و لە مەجالێکی ئاوا کورتیشدا ڕێگە نیە کە ئێمە هەموو خزمەتەکانی، هەموو نەخشەکانی دوکتور قاسملوو لێرەدا باس بکەین. بۆیە لەسەر ئیزنی هەمووتان ئەمن لێرەدا تەنیا چەند نوختەیەك لەو خزمەتانە کە دوکتور قاسملووی نەمر بە حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی دێموکراتی کردوون زەق دەکەمەوە. بۆ زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب بە تایبەتی ئەوانەی کە جۆرێك لە جۆران هاودەورەی دوکتور قاسملوو و پێش دوکتور قاسملوو بوون (پێش دوکتور قاسملوو مەبەستم پێش ئەوەی دوکتور قاسملوو نەقشی ڕێبەری بە عۆدە بگرێ) ڕەنگە ئەو قسە ئاشنا بی‌و ئیعترافێکیشە بەوە کە ئێمە لە ڕاستیدا چونکی هەر وەختی خۆی کەحیزب دامەزراوە، ئەوەندە دەوامی نەکرد کە ئوسوولی حیزب، پرەنسیپەکانی حیزب، تەنانەت بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبی جێ بکەون و لە نێو خەڵکی‌دا ئاشنا بن، ئێمە شتێکمان بە ناوی ئوسوولی حیزبی نەدەناسی. ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە بەگرتنە دەستی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ئوسوول و پرەنسیپی هێنایە نێو حیزبی دێموکرات. ئەوەی کە پێی دەڵێن زەوابیت، زەوابیتی لە نێو حیزبدا بەسەر ڕوابیتدا حاکم کرد. بەجۆرێك کە زۆر لەوانەی لێرە دانیشتوون لەبیریانە لە یەکێك لە کۆنگرەکانی حیزبیدا، یەکێك کە موخالیفی خەتی دوکتور قاسملووی بوو، ئەوەی لە دوکتور قاسملوو بەئیراد گرت کە زابیتەیەکی توند حاکمەو ئیدی ڕابیتە لە بەین چووە. زۆر کەس پێیان وابوو کە بە غەڵەت وا دەڵێ، گوتی نەخێر، نەخێر بە غەڵەت وا ناڵێم زۆر چاك دەزانم کە دەڵێم چی. بەڵێ زەوابیت هێندە مەحکەمە کە ڕەوابیت لە بەین چووە.

شتێکی دیکە کە بۆ ئێمە بۆتە سەرمایەیەکی گەورە، ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو ئێمەی فێری سەربەخۆیی سیاسی کرد. پێی گوتین کە سەربەخۆیی سیاسی دەبێ بە هەموو قیمەتێك بپارێزین، لە ئامۆژگارییە بە نرخەکانێتی کە دەڵێ دۆست بۆ ئێمە گرنگە، سەربەخۆیی سیاسییش بۆ ئێمە گرنگە. بەڵام ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ناچار بووین یەکێکیان وەپێش ئەوی دیکە خەین، سەربەخۆیی‌یەکە هەڵدەبژێرین. چونکە ئەگەر وەك حیزبێکی سیاسی سەربەخۆ بووین، دوایە دۆستیشمان بۆ پەیدا دەبێ. بەڵام ئەگەر سەربەخۆ نەبین دۆست تازە سەربەخۆییمان ناداتێ. چونکە ئەو دۆستەی بێ سەربەخۆیی تۆی دەوێ، سەربەخۆیی بۆ تۆ ناوێ. فێری کردین کە ئێمە سنوور دابنێین لە بەینی دۆستایەتی‌و بەستراوەیی لە لایەك و، لە بەینی بۆچوونی ڕەخنەگرانەو دوژمنایەتی لە لایەکی دیکە. زۆر جار دەیگوت بە تایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی‌دا( کە لە بیرمانە وەختێك دوکتور قاسملوو کورتەباسی هێنایە گۆڕێ لە هەموو لاوە داری تەکفیری لێ هەڵگیرا) ئەو دەیگوت ئێمە نە دوژمنی وڵاتانی سۆسیالیستی‌و یەکیەتیی سۆڤیەتین نە نۆکەریانین، بەڵکوو دۆستین. دۆستیش جارێك نەزەری وەکوو دۆستەکەی دەبێ، جارێك نەزەری جیا دەبێ، جارێك ڕەخنەی لێ دەگرێ، جارێك تەئییدی دەکا.

شتێکی‌دیکە کە پێم وابێ بۆ ئێمە زۆر جالیبەو دەبێ فێری بین دیدی دوکتور قاسملووی بۆ مەسائیلی سیاسی بوو. کە پێی وابوو نابێ لە ڕابردوودا حەبس بین، دەبێ هەمیشە سەعی بکەین نوێ بین، شتی نوێمان پێ بێ بە جۆرێك کە بێگانەکان شاهیدیان بۆ دەدا. یەکێك لەگەورە پیاوانی ئورووپایی دەڵێ: "قاسملوو! ئەمن هەتا تۆم دەدی شتی تازەت لێ فێر دەبووم". بەڵێ ئەو هەمیشە دەگەڵ تازەترین ئەفکاری دەورانی‌خۆی‌دا دەژیا، لە هەمووومان زاناتر بوو بەڵام لە هەمووشمان پتر موتالیعەی دەکرد، گوێی بۆ ڕادیۆ ڕادەگرت، ئەخباری تەعقیب دەکرد، بۆ ئەوەی هەمیشە شتی تازەی پێ بێ. زۆر جار لە سەر شتی تازە هێنانیش دیارە دوچاری تەکفیرو دوچاری حەملەی ئەملاو ئەولا دەبوو. ئێستاش دەبێ ئێمە هەر وابین. حیزبی ڕێبەرانی گەورەی وەکوو قازی‌و قاسملوو دەبێ سەعی بکا هەمیشە لە خۆ نوێ کردنەوە دابێ، لە ڕابردوودا نەژی لە ئێستادا بژی، بۆ ئایندە.

شتێکی ئەخلاقیی دیکە کە دیسان بەجێیە ئیشارەی پێ بکەین ئەوە بوو کە دوکتور بە قووڵی ڕێزی لە ڕێبەرانی پێش خۆی دەگرت. چ ڕێبەرانی پێش خۆی لە بزووتنەوەی کورددا و بە تایبەتی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوانەی بەرهەمەکانی دوکتوور قاسملوویان خوێندۆتەوە دەزانن کە بە چ تەجلیلێکەوە باسی پێشەوا قازی محەممەد دەکا. ئەو عیبارەتە جوانە کە دەڵێ:" گوڵێك بوو لە بیابانێ ڕوا بوو"، چەندە تەعبیرێکی جوانە کە پێمان دەڵێ قازی لەدەورانی خۆی‌دا دەگمەن بوو. گوڵ لە بیابانێ ناڕوێ، یانی هیچ گوڵی دیکەی بە دەورەوە نەبوو، جارێکی ئەوەی شەرح کرد لە سەر تەختەڕەشە، نەخشەیەکی کێشاوەو ئیشارەی کرد گوتی لە سەرەوە، ئەوە قازی محەممەد بوو، هەتا خوارێ کەسی لێ نەبوو جا پاشی فاسیلەیەکی زۆر جەمعێك هەبوون. ئەوە دەڵێ. بەڵام لە کتێبی خۆی‌دا دەڵێ لە ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥دا قازی محەممەد تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو. یانی عەزەمەتی قازی محەممەد پێش چاوی وی ناگرێ کە ئیراد لە کارەکەی بگرێ. ئێمەش هەر دەبێ وابین. ئێمەش دەبێ قاسملوومان ئەوەندەی گەورەیە، ئەوەندەو زیاتریش لە دڵدا گەورە بێ، بەڵام پێمان وا نەبێ دوکتور قاسملوو ئیدی مومکین نەبووە هەڵە بکا. هەر لێرەدا با ئێمە بڵێین لە ڕۆژی ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩دا دوکتور قاسملوو تووشی هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە باوەری بە عەهدی دوژمن کرد. بە تەنیاو بێ سیلاح و بێ موحافیز، چوو دەگەڵ تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دانیشت و لەو ڕێگەیەوە گەورەترین زەربەی لە کاتی خۆی‌دا لە بزووتنەوەی کوردو حیزبەکەی دا.

خزمەتێکی دیکە کە دوکتور قاسملوو بە ئێمەی کردو دەبێ لە بیرمان بێ، دەتوانم بڵێم لە نێو بزووتنەوەی کوردیش دا، ئەوخزمەتە هەر بەرچاوە، ئەوەیە کە ناتەبایی لە بەینی کوردبوون و ئێرانی بووندا نەدەدی، حەللی دەکرد. کورد بوو تا ئەو جێیەی دەیگوت ئەگەر کورد ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ئێران و عێراق و تورکیەو سووریەی جودا بێتەوەو دەوڵەتی خۆی پێك بێنێ ئەوە جودا بوونەوە نیە، ئەوە یەك گرتنەوەیە. چونکی ئەو میللەتە، ئەو وڵاتە یەکن و دابەش کراون، هەقی موسەللەمیانە یەك بگرنەوەو ئەوە دەبێتە یەك کەوتنەوە نەك جودا بوونەوە. ئەو وەختەی ئەو، ئەوەی دەگوت باوەر کەن باسی لە یەککەوتنی کورد وەك دەڵێن باسی سەر بوو. بەڵام لە باری پێوەندی دەگەڵ گەلانی ئێرانەوە، چونکی ئەو سیاسی بوو، قەت دەگەڵ ئارەزوو نەدەژیا، دەگەڵ واقعییات دەژیا، لە وێشدا باوەڕی بە هاوکاری‌و هاوپەیمانیی دەگەڵ گەلانی ئێران و دەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکان هەبوو. تەنانەت گاڵتەی بەو کەسانە دەهات کە خۆیان لە کورد بە ئێرانیتر دەزانی( نەك خۆی بە ئێرانیتر بزانێ، قەت دوکتور قاسملوو وای نەکوت) بەڵام گاڵتەی بەو کەسانە دەکرد کە دەیانکوت یا پێیان وابوو ئەوان لە کوردان ئێرانیتر بن. یانی پێی گوتین کە تەزاد لە بەینی ئەو دوو شتەدا نیە. هەر وەکوو ڕێبەرایەتیی کورد ئێستاش لە باشووری کوردستان کە بە خۆشیەوە لە باری سیاسی‌یەوە لە دەورانێکی پێشکەوتووو تەلایی‌دا دەژین، ئەو ناتەباییەیان حەل کردوە. دەگەڵ ئەوەی لەسەر تەواوی مافەکانی میللەتی کورد پێی دادەگرت، واقعییاتی‌دەوروبەری خۆشیان دەبینن و داوای فیدرالیزم دەکەن. چونکی تێدەگەن کە پێویستییەکانی عەسر ئەوە هەڵدەگرێ کە لە وڵاتێکدا دەگەڵ دراوسێکانیان‌دا بە هاوپەیمانی بژین.

لەو پێوەندییەدا پێم خۆشە دوو سێ شتی دیکە باس بکەم و بگوزەرێم. یەکیان ئەوەیە کە( ڕەنگە تیکرار بێ بەڵام قەت لێی ماندوو نابم) دکتور قاسملوو کە لە دایك بوو منداڵێك بوو وەکوو هەموو منداڵان. بە دوکتور قاسملوویی لە دایك نەبوو. بە کارو تێکۆشان و خوێندنەوەو فێربوون بوو بەو قاسملوویە کە ئێمە شانازیی پێوە دەکەین و میللەتەکەشی شانازیی پێوە دەکا. کە وابوو بوونە قاسملوو نە مەحاڵە نە تاوان. با هەر نەڵێین دوکتور قاسملوومان ڕێبەر بوو، با تێبکۆشین دوکتور قاسملوویان دروست کەین. دروستکردنی دوکتور قاسملوو لە ئایندەی میللەتی کورددا هەم ئەرکەو هەم شانازییە، هەم مومکینە. ئێمە ئەو وەختی دوکتور قاسملوو دەبوو بە دوکتور قاسملوو لە هەموو میللەتی کورددا سەد خوێندکاری دانیشگامان نەبوو، ئێستا بە دەیان و سەدان هەزار دانیشگاییمان هەیە. با هەوڵ بدەن، قوتابیانی دوکتور قاسملووی هەوڵ بدەن قوتابییەکی باش بن، ببنە دوکتور قاسملوویەکی دیکە. ئەوە نیشان دەدا کە بە مردنی دوکتور قاسملوو، حیزبی قاسملووی، میللەتی قاسملووی نەمردوەو زیندوە.

شتێکی دیکە کە پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا عەرز بکەم ئەوەیە کە بە ساتو سەودایەکی کاسبکارانەو دەتوانین بڵێین زەبونانە کە دەوڵەتی ئوتریش لە کاتی خۆی‌دا کردی، پەروەندەی دوکتور قاسملووی بەسترا. ئێمە لە دادگای ڤیەندا، لە

←



**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## چالاکیی تەبلیغیی بەربڵاوو مانگرتنی گشتی لە کوردستان لە ١٨ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمردا

بەبۆنەی ١٨ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی بە دەست دیپلومات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، ئۆگرانی حیزبی دیموکراتو خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان، ئەمساڵیش بە کاری تەبلیغیی بەربڵاو، داخستنی دووکانو بازاڕو پیشاندانی نەفرەت لە ڕێژیمی ئێران، یادی شەهیدبوونی ئەم ڕێبەرە مەزنەیان کردەوەو وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی سەلماندەوە. لێرەدا پوختەی هەڵبژاردەیەك لە هەواڵو ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بەم یادە دەخەینە بەرچاو:

### مەهاباد

ڕۆژی هەینی ٢٢ی پووشپەڕ ١٣٨٦ بە بۆنەی هەژدەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو مەیدانی شارەداری، شەقامی شاپوور، شەقامی تاڵەقانی، چوارڕێیانی مەیدانو دووکانو بازاڕی سەرجەم شوێنو گەڕەکەکانی شاری مەهاباد هەر لە مەیدانی ئیستقلالەوە، تا باغی شایگان، مەلا جامی شەقامی شاریکەندی، جامی جەم، چوارڕێیانی مەولەوی، فەلەکەی مامڵێ، چوارڕێی ئازادی، فەلەکەی شوانە، شەقامی دانیشگاو فەلەکەی محەمەدی قازی، تەعتیلو داخران. شەوی پێشتریش بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئاواییەکانی چۆمی مەجیدخان، شاماتو شاروێران تراکتو وێنەی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو بڵاو کرایەوە. بە گوێرەی هەواڵێك دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، خەڵکی ئەم شارە بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی وەفاداری بە ئامانجەکانی قاسملووی شەهید، چوونە سەر گڵکۆی پێشەوای نەمر، دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانو سەرۆك کۆماری کوردستان.


ــ زۆربەی کووچەو کۆڵانەکانی شارو ناوچەی شامات: تۆپزاوا، دێمەسوور، گردێ، گردی عەباس، قەڵات، دێی حەسەنخان.

### نەغەدە

ئاواییەکانی قەرەقەساب، چەقەڵ مستەفا، مەمەلیان، خەلیفەلیان، دێهاتی دەوروبەری ڕێگای نەغەدە پیرانشار

### سەقز

لە شاری سەقز لە چەند ڕۆژ بەر لە ساڵڕۆژی د. قاسملووی نەمر، هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە توندی جموجۆڵی خەڵکیان گرتبوە ژێر چاوەدێریو بە ڕواڵەت خۆیان بۆ بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ هەر چەشنە حەرەکەتێکی ئیعتیرازیی خەڵك ئامادە کردبوو. بەڵام٢٢ی پووشپەڕ هەر لە بەیانییەوە خەڵکی ئەم شارە بە شێوەیەکی گشتی مانیان گرتو بۆ نارەزایەتی دەربرین لە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیو دەربرینی وەفاداری بە ئامانجەکانی ڕێبەری شەهیدیان، نەك هەر دووکانو بازار بەڵکوو تێرمیناڵەکانی ڕاگوێستنی موسافیرو تاکسیو وەسیلە گشتییەکانی هاتوچۆیش، دەستیان لە کار هەڵگرتوە. هێزە سەرکوتکەرەکان بە شێوەیەکی دیار لە زۆربەی شوێنە ئاستەمەکانی شار جێگیر بوونو جموجۆڵی خەڵکیان بە توندی گرتۆتە ژێر چاوەدێری.


شنۆ

### شنۆ

خەڵکی خەباتگێری شنۆ ئەمساڵیش لە ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوو دا یەکپارچە دووکانو بازاڕیان داخستو بەم شێوەیە وەفاداریان بە ڕێگاو ڕێبازو ئامانجەکانی ڕێبەری شەهیدیان، پێشان دایەوە.

ــ بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ لە زۆربەی شوێنو گەڕەکەکانی شار کاری تەبلیغی کراوە بۆ وێنە: قەبری شەهیدان، مامتەمر، شاکرئاباد، ڕەحیم ئاباد، سەلیم ئاباد، سەیدئاوێ، چوارڕای کارگەرو هەروەها گوندەکانی سەرگیز، قەرەسەقەل، سەردەرێ، دێشەمسی گەورەو بچووك، باڵاگیر، دەربەند، کاموس، زەیلان، گوندەوێڵە، حەسەن نووران، خانلەر، سەوجە، پرداوێو ئاڵیاوێ، ناوچەی دەشتە بێڵ، ئاواییەکانی سیاوان، سێکانی، سەنگەر، عەینەڕۆم، ئیسلاملوو، گرکە گوول.


مەهاباد


مەهاباد

### بۆکان

خەڵکی شاری بۆکانیش لە ساڵڕۆژی شەهید بوونی قاسملووی ڕێبەرپدا دووکانو بازاریان داخست، زۆر بە کەمی خەڵك لە نێو شاردا دەبیندرانو دارو دیوار بە تراکتی تایبەت بەم ڕووداوە تاڵەو وێنەی ڕێبەری نەمر د.قاسملوو کە لە شەوانی ڕابردوو دا لە ئاستی شاردا بڵاو کرابوونەوە، نەخشێندرابوون.

ـ شەوی ٢١ی پووشپەڕ بە بۆنەی هەژدە هەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر، لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری بۆکانو میراوە چالاکی تەبلیغی ئەنجام دراوە. ئەو شوێنانەی کاری تەبلیغییان لێ کراوە بریتین لە: شەقامی ٢٠ میتری، لای مەدرەسەی حەمام، خیابانی مخابرات، مزگەوتی جامعە، بەردە گەڵاڵە، مەدرەسەی نەجاڕی، مەدرەسەی فروغ، مەجبووراوا، کانی باقر، مەدرەسەی کەوسەر، خیابانی ئەسلی، گەڕەکی بێهداشت، نەساجی، سێڕای حەمامیان، میراوەی کۆن، مزگەوتی ئەبوبەکری سەدیق، چوارڕای ئیتلاعات.

### سنە

ئەندامانی حیزب لە بەرەبەری ١٨ ساڵەی شەهیدبوونی ڕێبەری نەمری حیزبو گەلەکەیاندا کارێکی تەبلیغیی بەربڵاویان لە نێو شاری سنەدا کرد

شەوی ٢٠ی پووشپەڕ لە لایەن ئەندامانی نهێنیی حیزب لە شاری سنە تراکتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نێوەرۆکی ئەوان بریتی بوون لە مەحکووم کردنی تیرۆری ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩و بێزاری دەربرین لە کۆماری ئیسلامیو دووپاتکردنەوەی وەفاداری بە ئامانجەکانی د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو، هەروەها وتەکانی ڕێبەری شەهید د.قاسملوو وتەی کەسایەتییەکان لە بارەی ئەم ڕێبەرە شەهیدە، لە ئاستێکی بەرین دا لە شاری سنە دا بڵاو کراونەوە. ئەو شەقامو گەڕەکانەی کاری تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە: عەباساوا، دەوروبەری مەیدانی فوتباڵی ئەمین، سیرووس، بڵواری کوردستان، ئاپارتمانەکانی ئەدەب، شەقامی ئەدەب، شەریف ئاوا، هەروەها شەقامو گەڕەکەکانی شێخان، جەوراوا، فەرەح، قەڵاچوارلان، قەتارچییان، تازاوا، وەکیل، مەردووخ، خانەقاو بڵواری خوسرەوئاوا، سەفاری، کەلەکجارو ژاندارمەری.

### بانە

گەڕەکەکانی: گوڵشاری ١و٢، ئازادەگانی ١و٢، گەڕەکی موخابەرات، شارەکی تەوحید، دەوروبەری پاساژی خدری، دەوروبەری پاساژی سەدەف، دەوروبەری پاساژی سەداقەت، پاساژی نوور، کۆڵانوماڵەکانی پشتی مەدرەسەی حیجاب و شەقامی بیمارستان.

شەوی ١٩ی پوشپەڕییش ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری بانە هەر بەم بۆنەیەوە زەنجیرە کارێکی تەبلیغیان لە ژمارەیەك لە گەڕەك و شوێنە گشتییەکانی ئەو شارەدا بەڕێوە بردوە کە بریتین لە: گەڕەکی هەمزاوا، گەڕەکی ساڵحئاوا بازاڕی کەوش فرۆشان، گەڕەکی ساتاوا، دەوروبەری گاراجی بۆیەن، دەوروبەری دادگا، پارکی شار، گەڕەکی پادگان، گەڕەکی کوی فەرهەنگیان، قوتابخانەی حاجی عەبدوڵڵا نەویدیو دەنگو ڕەنگی شاری بانەو هەروەها گوندی شوێو نمنجێ.

شایانی باسە لەو زنجیرە چالاکیەدا دروشم و تراکتو وێنەی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو بڵاو کراونەتەوە.

### پیرانشار

لەچوارچێوەی ئەو چالاکییە بەرینەی بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری پایەبەرزی بزووتنەوەی کورد د.قاسملووو هاوڕێیانیدا شارو ناوچەکانیکوردستانی گرتەوە، تێکۆشەرانی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گوندیی شوێی شاری بانەو، ئاواییەکانی گردبخانە، کانی ئەشکەوت، بادیناوێو بێکۆسی ناوچەی پیرانشاریش چالاکییەکی هاوشێوەیان بەڕێوە بردوە.

لەو چالاکییەدا تراکت و وێنەی ڕێبەرانی شەهید بڵاو کراونەتەوە.

### دێوڵان

ڕێکەوتی ١٨ی پووشپەڕ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری دێوڵان لە بەرەبەری ساڵڕۆژی تیرۆری ڕێبەری گەورەی گەلەکەمان دوکتور قاسملوو بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان کرد بە کاری تەبلیغیو چالاکی لەو شارەو هێندێك شارۆچکەی دەوروبەری.

ئەو گەڕەکانەی نێو شاری دێوڵان کە کاری تەبلیغیان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: گەڕەکی جەهادیە، گەڕەکی فەرهەنگیان، گەڕەکی قەڵا، گەڕەکی کەلەملە، گەڕەکی پشتی بێنزینخانە، شەقامی ئیستیقلال، شەقامی ئازادی، شەقامی سەلاحەددینی ئەیووبی، کۆڵانەکانی "بڵواری کەشاوەرز"، شەقامی غەزالی. هەروەها لە شارۆچکەی بڵواناوایش لە هەموو گەڕەکەکان و زۆربەی شەقام و کۆڵانەکاندا بەو بۆنەیەوە کاری تەبلیغی کراوەو لە گەورەدێی قوریچیاش ئەندامانی حیزبەکەمان وێڕای کاری تەبلیغی یادی شەهیدی ڕێبەرمانیان زیندوو ڕاگرتەوەو لە جاددەکانی قوروەو دێوڵانو مووژەژ دروشمی حیزبیان نووسیەوە.

## لە یادی ١٨ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمردا کۆماری ئیسلامی گیانی لاوێکی دیکەی مەهابادی ئەستاند

### مەهاباد

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم کە دیتیان خەڵکی خەباتگێری شاری مەهاباد، گوێیان بە جموجۆڵو ئامادەباشو هەرەشەکانی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی نەداوەو سەرەڕای تەعتیلی گشتیی دووکان و بازار، لە نێو شەقام و مەیدانەکان پێکەوە بە کۆمەڵ ڕادەوەستن، بەربینگیان بە لاوانی ئەو شارە دەگرت و بەردەوام هەرەشەیان لێ دەکردن کە کۆ نەبنەوە. هەرەشەو سووکایەتی مەئموورانی هێزی بەناو ئینتزامی بە لاوان، لەگەڵ بەرەنگار بوونەوەی لاوەکانی مەهاباد بەرەو ڕوو بوو. لە ئاکامی پەلامار بردنی ئەفرادی بە ناو هێزی ئینتزامی بۆ سەر لاوەکانو دەسرێژی لێکردنیانو لێدانیان بە باتووم، لاوێك بە ناوی عەبدولسەمەد نەسیری کوڕی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و دەسکورت، بە توندی بریندار بوو و بە هۆی کاری بوونی برینەکەی، گیانی لە دەست دا. باوکی عەبدولسەمەد نیگابانی شیرکەتێکەو بە هۆی ڕووداوێك کە چەند مانگ لەمەوبەر بۆی هاتۆتە پێش لە جێدا کەوتوە.

فەرمانداری مەهاباد بەدوای ڕووداوەکەدا، دەچێتە ماڵی باوکی کوژراوەکەو پێی ڕادەگەیەنێ کە بڵێ کورەکەم بە تەسادوف مردوە. ئەگەر هۆی مەرگی کوڕەکەی بەمجۆرە کە فەرماندار داوای لێ کردوە ڕابگەیەنێ، هەموو ئیمکاناتێکی بۆ دابین دەکرێ. بەڵام ئەگەر بڵێ لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا کوژراوە، لەگەڵ عاقیبەتێکی ناخۆش بەرەوڕوو دەبێ.

شایانی باسە لە ئاکامی سەرکوتی لاوان و خەڵکی مەهاباد دا حەوت کەس بریندار بوون و ژمارەیەکیش دەستبەسەر کراون.

## لە گوندی "لکبن" تالانچییەکانی سەر بە سوپای پاسداران خەریکی تاڵانی شوێنەواری مێژووین

تاقمێك لە دزانو تاڵانکەرانی ڕێژیم (سەر بە سوپای پاسداران) بە ئاشکراو لەبەر چاوی جەماوەرو بە بیانووی پاك کردنەوەی ئەم تەپۆڵکە لە مین، شوێنەوارە مێژوویەکانی تەپەی باستانیی "لکبن" یان بە تاڵان بردوە. چەند دەزگا بولدزێر بە ئارمی ڕەسمی سوپای پاستارانەوە، خاکی ئەم تەپۆڵکەیە بە ماشێن دەگوێزنەوە یەك کیلومیتریی ئەو تەپۆڵکەیەو لە بێژینگی دەدەن. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ساڵی ڕابردوو هەر لەم گردەدا چەند پارچە کەلوپەلی لەمێژینەو مومیاییەك لەلایەن خەڵکەوە دۆزرابۆوە کە باش پێزانین ئێدارەی ئاساری باستانی دەستی بەسەر دادەگرێ.

لەو پێوەندییەدا گروپێك بە ناوی "لایەنگرانی ڕێکخراوی یادگارە مێژوویەکانی کورد" داوایان لە مێدیاکانو دڵسۆزانو ئۆگرانی شوێنەوارە مێژوییەکانی کوردستان کردوە لەم تاوانو تاڵانەی سوپای پاسداران بێدەنگ نەبنو پێش بە دزینی شوێنەوارە مێژوویییەکانی کوردستان بگرن.

### بۆکان:

## تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك و هێزە ئینتزامییەکان

سەر لە بەیانیی سێشەممە ١٩ی پووشپەڕ تێکهەڵچوونێکی گەورە لە نێوان خەڵك و هێزە ئینتزامییەکان لە فەلەکەی ئەسکەندەریی بۆکان دا ڕووی داوە. بە پێی هەواڵ ئەم تێکهەڵچوونە کاتێك ڕووی دا کە هێزە ئینتزامییەکان هەڵیان کوتایە سەر ئەو ماشێنە بارهەڵگرانەی کە باری برینجیان هێنابووە بازاری شارو خەڵکیش بۆ ناڕەزایەتی نیشاندان بەرامبەر بەو کردەوەیەی ئەو هێزانە ڕووبەڕوویان بوونەوە.

لەو تێکهەڵچوونەدا خەڵك بە دارو بەرد ڕووبەڕووی هێزە ئینتزامییەکان بوونەتەوەو ئەو هێزانەش بە تەقەی هەوایی بڵاوەیان بە خەڵك کردوە. لەو تێکهەڵچوونەدا ژمارەیەك لە ماشێنەکانی هێزی ئینتزامی زیانیان پێ گەیشتوە.

شایانی باسە ڕێکەوتی ١٧ی پووشپەڕیش لە بازاڕی چایی فرۆشانی بۆکان لە کاتێك دا هێزەکانی ئینتزامی دەیانەویست دەست بەسەر بارە چایی کاسبکاران-دا بگرن تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك و ئەو هێزەدا دروست بووەو ژمارەیەك لە خەڵك دەست بەسەر کران.

## سەقز: تێکهەڵچوونی نێوان هێزەکانی ئینتزامیو خەڵك

ڕێکەوتی ١٧ی پووشپەڕ لە گەڕەکی حەماڵئاوای خوارووی شاری سەقز هێزەکانی ئینتزامی بەر بە ماشێنێکی هەڵگری گازۆئیل دەگرنو دەیانهەوێ دەستی بە سەردا بگرن. لەم نێوەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك بۆ داکۆکی لە شۆفیری تانکێرەکە ڕووبەڕووی هێزە ئینتزامییەکان دەبنەوە. لەو تێکهەڵچوونەدا هێزە ئینتزامییەکان تەقەی هەواییان بە سەر خەڵكدا کردوە. لە ئاکامی ئەو تێکهەڵچوونەدا دوو سەربازی ئەو هێزە بریندار بوونو ماشێنێکیشیان تێك شکاوە. لە ژمارەی بریندارەکانو دەستگیر کراوەکانی خەڵك هەواڵێك لە دەست دا نیە.

### بۆکان:

## بەکرێگیراوێکی ڕێژیم تەقەی لە کەسێك کردو برینداری کرد

چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەکرێگیراوێکی ڕێژیم بە ناوی مستەفا دەرویش هاوگوندییەکی خۆی دایە بەر دەسرێژو برینداری کردو. بە پێی هەواڵ بریندارەکە ناوی عەبدوڵڵا عەبدییەو ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری بۆکان کراوە.

## کۆیە (کەمپی ئامریە): بە هۆی تەقینەوەی پریموس خاتوو فاتمە مام ئەحمەد گیانی لە دەست دا

ڕێکەوتی ١٣ی پووشپەڕ خاتوو فاتمە مام ئەحمەد هاوسەری کاك سمایل سەیدی لە کاتی نان کردندا بە هۆی تەقینەوەی پریموس ئاگر لە جەستەی بەربوو. هەرچەند ناوبراو برایە نەخۆشخانەو چەند ڕۆژ لە ژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو بەڵام بەهۆی زۆر بوونی ڕێژەی سووتانەکەی ڕێکەوتی ١٩ی پوشپەڕ گیانی لەدەست دا.

بەم بۆنەیەوە وێڕای بە داخ بوون لەو ڕووداوە سەرەخۆشی لە هاوسەرەکەی و بنەماڵەکەی لە شاری قەڵادزێ دەکەین.

دریژەی

# وتاری مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە هەژدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاورێیانیدا

دادگای مەنتەقەی ڤیەنداو لە دادگای ئوتریشدا ــ سێ مەرحەلە بوو ــ لە هەر سێکیان دا لە جیاتی وەی دەگەڵ جمهووریی ئیسلامیو تیرۆریستانی تەڕەف بین دەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش تەڕەف بووین و مەحکوومیان کردین. بەڵام دەبێ هەموومان بزانین کە پەروەندەی تیرۆری قاسملووو یارانی لە ویژدانی کورددا، لە ویژدانی ئینسانییەت و بە تایبەتی لە ویژدانی رێبوارانی رێگەی دوکتور قاسملوودا زیندوویە. دەبێ لە دەرفەت بگەڕێین لە رۆژی خۆیدا جارێکی دیکە ئەو پەروەندەیە بێتەوە مەیدان. نە بۆ کوشتنەوەی قاتلانی دوکتور قاسملوو. چونکی بە تەعەسوبەوە وا ناڵێم بە واقیعبینییەوە دەڵێم، کەم کردنەوە لە نرخی دوکتور قاسملوویە کە بڵێین ئەگەر دوو پاسدار کوژرانەوە، خوێنی دوکتور قاسملوومان ئەستاندۆتەوە! نەخێر خوێنی دوکتور قاسملوو بە ریسوا کردنی قاتڵەکانی کە رێژیمی جمهووریی ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی دایەو بە بەدیهێنانی ئاواتەکانی دەستێندرێ.

دۆستانی بەرێز! دەگەڵ دوکتور قاسملووی دوو نەفەری دیکە شەهید بوون: کاک عەبدوڵلا قادریئازەرو دوکتور فازیل مەلا مەحموود. راستە مردنیش دەگەڵ گەورەپیاوان شانازییە. بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە مەزنیی ناو و یادی دوکتور قاسملووی ئەو دوو کەسەی خستۆتە سێبەرەوە. ئەوانە هەر کامێکیان بە تەنیا بایەن یا لە حادیسەیەکی دیکە دا تیرۆر کرابایەن، یان بە جۆرێکی دیکە شەهید کرابان جێیان زۆر زیاتر دەبوو. عەبدوڵلا قادری ئازەر کە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات بوو، کادرێکی لاو بوو، بەڵام کادرێکی تێگەیشتووو پێگەیشتوو بوو. کە چوو بۆ فەرانسە زۆر بە خێرایی زمان فێر بوو، زۆر بە خێرایی لە مەیدانی دیپلۆماسیدا وەپێش کەوت، دەیتوانی بۆ ئایندەی حیزبی دێموکرات ئەگەر بمێنێ کادرێکی بەوەجو دیپلۆماتێکی لێوەشاوە بێ. دوکتور فازیل رەسووڵیش کە من لە نزیکەوە دەمناسی، زیاتر لە ١٠ تا ١٥ ساڵ بوو دەمناسی، ئینسانێکی بە هۆش، ئینسانێکی زیرەك، سیاسی، دیپلۆمات، زمانزان بوو. (زمانی کوردی باش دەزانیو عەرەبییشی باش دەزانی، ئینگلیزیشی باش دەزانی، ئەڵمانیشی باش دەزانی) ئەویش دەیتوانی خزمەتگوزارێکی گەورە بێ.

لە پێوەندی دەگەڵ دوکتور فازیل رەسووڵ دا جارێکی دیکەم گوتوە پێم خۆشە دیسان بیلێمەوە. هێندێك ئیتیهام درایە پاڵ ئەو پیاوە، کە گۆیا دەستی لەو کارە دا هەبووە! ئەوە وەکوو زۆر ئیتیهامی دیکە کە دەدرێن لە تاریخ دا، ناڕەوایە. ئەو ئینسانە راستە پێوەندیی دەگەڵ هێندێك هێزی ئیسلامی هەبوو کە ئەوەشی دلیلی خۆی هەبوو، یەك لەوانە دەگەڵ بەنی سەدر بەینی خۆش بوو. مجەللەیەکیشی دەردەکرد بە فیکری ئیسلامییەوە رەنگبی دەلیلی هەبێ پێم خۆش نیە ئێستا بڵێم چیە. بەڵام هەم وەك بنەماڵە هەم وەکوو خۆی دۆستی دوکتور قاسملووشو دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بوو. بۆیە پێم خۆشە ئەو گومانە بڕەوێتەوە. جمهووریی ئیسلامی ئەوی کوشت بۆ ئەوەی ئەوەندی بکرێ رازەکەی سەر پۆش بکرێ. جمهوریی ئیسلامی دەیزانی ئەگەر وەکوو جارەکەی پێشوو رێبەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان مام جەلال تاڵەبانی لەوێ بێ ئەو تیرۆرەی بۆ ناکرێ. بۆیە هەوڵیان دا کە یەکیەتیی نیشتمانیو شەخسی مام جەلال لەو دانیشتنەدا نەبێ کە دەزانین لە دانیشتنی ٦ی مانگ پێشتر دا هەبوو. ئەحمەد بن بیلا رەئیس جمهووری پێشووی ئەلجەزائیریش جارەکەی پێشوو هەبوو، نەیاندەویست رێبەرێکی عەرەب بکوژن، چونکە دەگەڵ ٢٠٠ میلیون عەرەب تەرەف دەبوون، ئەویشیان لابرد. بەڵام بۆ جمهووری ئیسلامی، قوربانی کردنی یەکی وەك دوکتور فازیل رەسووڵ ئاسان بووە.

مانگی پووشپەڕ بۆ ئێمە بەداخەوە بیرەوەریی تاڵی دیکەشی تێدان. ئەگەر لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ٦٨ دا (١٨ ساڵ لەوە پێش) دوکتور قاسملووو رەفیقەکانی لە دەست چوون، لە ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ (٨ ساڵ لەوە پێشیش یەکێك لە شاگردەکانی دوکتور قاسملوو، لە هاوسەنگەرەکانو هاوخەباتەکانی دوکتور قاسملوو مان لە دەست چوو. ئەویش هاورێی هەمیشە لە یاد کاك سەید سەلامی عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو. کاك سەید سەلامی عەزیزی لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاشنا بوو. دیارە ناوی حیزبی دێموکراتی پێشتر بیستووەبەڵام مەبەست وەکوو ئەندامێتییە. ئەو وەخت یەکێك لە مەقامە گەورەکانی ئێداریی بەدەستەوە بوو، رەئیسی دادگای شارستانێك بوو، بەڵام هەموو پلەو پایەیەكو هەموو مەنسەبێکی وەلا نا. لە راستیدا بوو بە پێشمەرگەیەکی فیداکاری حیزب، بە هەموو ئەو ئیمکاناتەی کە هەیبوو، تەنانەت وەك رەئیسی دادگا جاری وابوو کۆمەڵێك پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە جێیەکەوە بۆ جێیەك بە ماشێنی خۆی دەگوازتەوە. کە هاتە نێو حیزبی دێموکرات زۆر بە خێرایی پلەکانی تەشکیلاتی بڕین. لە کۆمیتە شارستانەوە بۆ کومیتەی ناوەندی، لە کومیتەی ناوەندییەوە بۆ دەفتەری سیاسی، لە پاشان لە وەرگرتنی مەسئولیەتی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتیو دیپلۆماسی دا. بە راست کاك سەلامی عەزیزی یەکێك لە ئومێدەکانی حیزبی دێموکراتی ئێران لەو مەیدانەدا چالاکن. ئەگەر رۆژێك لە مەیدانی سیاسەتی دەرەوە دا جمهووری ئیسلامی دەی توانی لە ناتەبایی نێوان ئورووپاو ئەمریکا یان ئەمریکاو شۆرەوی دا مانۆر بدا، ئێستا دنیای دوو قوتبی لەبەین چووە، ناکۆکییەکانی نێوان ئورووپاو ئەمریکایەش( منافعیان حەتمەن موتەزادە) بەڵام ئیختلافاتەکەیان، لە پێوەندی دەگەڵ ئێراندا هەتا دێ کەم رەنگتر دەبێ. یانی هەموویان بە یەك دەنگ خەتری ئاژاوەگێری، تیرۆریست پەروەریو هەوڵی رێژیم بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ دەرك دەکەنو دەزانن ئەوە خەتەرێکە بۆ هەمووان.

لەم پێوەندییەدا ئێمە تێکۆشەرانی رێگەی ئازادی لە ئێرانو بە تایبەتی لە کوردستان دا دەبێ ئامادەییمان هەبێ. زۆر جارمان گوتوە ئاڵوگۆڕێك لە وڵاتی ئێمەدا روو بدا هەرچی بێ، میللەتی ئێمە، هەر بە قەدەر ئەوەندە دوژمنێکی موشتەرەکمان هەیە، سواری کەشتیەکین کە ئەگەر غەرق بوو هەموومان تێدا غەرق دەبین، هەر یەکێکی تێدا غەرق نابێ. حاڵی بین کە ئێمە دوژمنی یەکتر نین، هاوسەنگەری یەکترین هاورێی یەکترین، پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا بە ناوی هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتەوە رابگەیەنم وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەی هاوکاریو هەنگاو رێکخستن دەگەڵ یەك یەك، دوو دوو، سێ سێو دەگەڵ جەمعی هەموو تێکۆشەرانی رێگەی ئازادی لە کوردستان داین بە دەرەجەی یەکەمو بە پلەی دوو و سێ لە گەڵ گەلانی ئێرانو دەگەل هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکان، ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادیو دێموکراسی هەیە.

ساڵیادی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دیسان لە کاتێکدایە کە ئێمە بەرەو کۆنگرە دەچین. ئەو کۆنگرەیە هەموو کەس لە نێو خۆی حیزبو لە کوردستان بوو کە بەداخەوە زۆر بە ناوەخت ئەگەر بە تیرۆریش نەبوو بەڵام بە نەخۆشیەکی کوشەندەی ناوەخت لە دەستمان چوو، روحی ویو هەموو هاورێیەکانی شاد بێ.

خوشکان! برایان!

لە کاتێکدا یادی ١٨ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە کە وڵاتەکەمان بە قۆناغێکی ناسك دا تێدەپەرێ. هەموو وەختێك ئەو کەلیمەیەی بەکار دەبەین. بەڵام زیادمان نەکوتوە کە بڵێین هەلومەرجی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان بە کوردستانیشەوە تەنانەت ناوچەکەمان بە قۆناغێکی ناسکتردا تێ دەپەرێ. لە کوردستانو ئێرانو ناوچەکەدا چاوەروانی ئاڵوگۆر دەکرێ. ئەگەر تەماشای ئێرانێ بکەین، ئێران لە ژێر سێبەری رێبەرایەتیی ئاخوندەکانو بە تایبەتی رەئیس جمهووری ئێستادا خەریکە بەرەو هەڵدێرێکی زۆر خەتەرناك دەڕوا. ئەو هەڵدێرە راستە ملی رێبەرایەتیی رێژیمو ئەم رەئیس جمهورەی دەشکێنێ بەڵام ئەگەر ئێمەو هەموو تێکۆشەرانی رێگەی ئازادی لە ئێراندا وشیار نەبین خەتەری ئەوە هەیە کە ئەو رێژیمە کە دەروخێ بە سەر میللەتانی ئێرانێ دا برووخێو بەسەریان دا بکەوێ.

با چاومان لە چاو وراو هەڕوگیڤیان نەبێ. رێبەرایەتیی ئێرانێ ئێستا لە خراپترین هەلومەرجی ژیانی سیاسی خۆیدا دەژی. ئەگەر وەختێ لە وەختەکان تەنیا میللەتی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافو ئازادییەکانی لە مەیدانێدا بوو، ئێستا هەموو گەلانی دەسکەوتی دەبێ کە تەئسیری لە ئالۆگۆرەکەدا هەبووە. بۆیە دەبێ ئێمە سەعی بکەین نەقشمان لەو ئالۆگۆڕانە دا هەبێ، ئەویش بەوە دەبێ کە هەوڵ بدەین خۆمان بە هێز بکەین، هێزیش لە یەکیەتی دایە. کە باسی ئەوەی دەکەم زەینی هەموان یان هەر کەسێك کە گوێی لەو قسانە دەبێ دەچێتە سەر ئەوە کە ئەدی بۆچی چەند مانگ لەوە پێش، لە حیزبی دێموکرات دا لەت بوون رووی دا. لێرەدا ئەمن ناچمە سەر ئەسبابی ئەو لەتبوونەی. ناچمە سەر ئەوە کە حەکەمییەت بکەم کە خەتای کێ بوو. بەڵام باسی ئەوەی دەکەم کە یەکیەتیو یەکریزی لە نێو هەموو حیزبەکان دا پێویستە، بەڵام لە بەینی حیزبێكو حیزبێکدا شەرت نیە مرۆڤ هەر لە یەك حیزب دابێ، یەکیەتیو یەکریزی دەتوانێ لە بەینی چەند حیزب دابێ، هەر وەکوو ئێستا لە باشووری کوردستاندا ئەو نەخشو نیگارە دەبینین، لەگەڵ هەموو کەموکوریەکی کە تێیدا هەبووە لە راستیدا لە ماوەی ١٥، ٢٠ ساڵی رابردوو دا،ئیمکانی ئەو یەکریزیە بینراوەو بەرهەمەکانیشی بینراون. ٢٠ ساڵی رابردووی باشووری کوردستان بۆ ئێمە دەرسی زۆر گەورەی تێدان. هەموو ئەو وەختانەی کە هێزە گەورەکانی ئەم ناوچەیە، ئەم بەشەی کوردستان پێکەوە هاوکارییان کردوە، خەباتی میللەتی کورد لە بەرەو پێشچوون دابووە، رۆژێك کە ئەوان یەکریزییان نەبووە، خەباتەکە بەرەو نوشوستی رۆیشتووە و دۆستەکانی پشتیان تێ کردووە. بۆیە شەرت نیە بۆ ئەوەی ئێمە یەکریز بینو یەکگرتوو بین حەتمەن لە حیزبێك دا بین. دەتوانین لە وڵاتێکی ١٠ میلیۆن کەسی دا، کە هەر کوردستان بگرین دەتوانین خاوەنی چەند سازمان بین بەڵام پێکەوە یەکتر بگرین، تێبگەین کە دەرەوەی حیزب تەنانەت لە نێو کوردستانو لە دەرەوەی کوردستان تەعقیبی دەکەن، چاوەروانیان لێی هەیە. بۆتە ئیمتیحانێك بۆ ئێمە کە چی دەکەین. چونکی لە ساڵیادی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی داین با بڵێین هەر بە ئیلهام لە فیکری دوکتور قاسملوو، دەبێ هەوڵ بدەین ئەو کۆنگرەیەمان کۆنگرەی نوێ بوونەوە بێ. دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٧٠ بە گەرانەوەی بۆ نێو رەفیقەکانی لە کوردستان بە حەق رێنێسانسێکی لە نێو حیزبی دێموکرات پێك هێنا. با هەوڵ بدەین شاگردێکی باشی دوکتور قاسملوو بین. جارێکی دیکە رێنێسانس لە نێو حیزبی دێموکراتدا وەرێ خەین. با حیزبی قاسملوو هەمیشە نوێ بێ، هەمیشە شتی نوێی پی بێ. هەمیشە مایەی رووسووریی ئەندامەکانی بێ کە بڵێین ئێمە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانین. دیارە ئەمە بەوە دەبێ کە هەموومان پێکەوە کار بکەین لەنێو حیزبدا. حەقی موشارەکەت بە هەموان بدەین. رەئی ئازاد بۆ هەمووان لە حیزب دا تەزمین بکەین. بەڵام ئەوەندەی لەنێو حێزبدا جۆراوجۆریی بیرو باوەرمان هەیە ئەوەندە لە دەرەوەی حیزب یەکپارچە بین. ئەو دووانە هیچ ناتەباییەکیان لە نێو دا نیە. لە ئایندەی تێکۆشانمان دا ئێمە دیسان دەبێ دەرسە بە نرخەکانی مامۆستامان لە بیر بن. سەربەخۆیی سیاسیمانو سەربەخۆیی تەشکیلاتیمان.(پێم وایە ئەو دوو سەربەخۆییە بۆ هەمووتان مەفهوومە) وەك سەرمایەیەکی بەنرخ بپارێزین. مادام سەربەخۆ بین، زۆر بوحران دەتوانین لە سەرسەری خۆمان رەت کەین. دەبێ سەعی بکەین ئایندەی حیزبی دێموکرات، ئایندەی بە هێز کردنی رووحی نەتەوەپەرستی لە نێو ئەندامانی حیزبو لە نێو رۆڵەکانی میللەتی کورد دا بێ.

بە خۆشییەوە میللەتی کورد لە سەتحێکی گەورەو بەرزی ئاگاییو وشیاریی نەتەوەیی دایە، بەڵام ئێمە دەبێ سازمانی بدەین. هەروەك لە هێڵە گشتییەکان دا گوتومانە: هەوڵدان - باسکردن نا - خەبات بۆ یەکخستنەوەی هەموو کوردستان تاوان نیە. حەقی موسەللەممانە، بە خیلافی ئیرادەی خۆمان لەت کراوین، حەقمانە بە ئیرادەی خۆمان هەوڵ بدەین یەك بگرینەوە. هەر لەو حاڵەتەدا ئێمە شوعاری فیدرالیزم دەدەین، باشە نامانهەوێ لە خەڵکی ئێران جودا وەبین. ئەوەش لە ئاموژگارییەکانی دوکتور قاسملوویەوە دێ. ئەوانەی بە ئێمە دەڵێن جیاییخواز، بۆ خۆیان جیاییخوازن. جیاییخواز ئەو کەسەیە کە حەقێکی زیاتر لە خەڵکی ئێمە بە خۆی دەدا، حەقێکی کەمتر دەدا بە خەڵکی لەوەی کە بۆ خۆی قائیلە. ئەگەر ئێران، ئێرانی هەمووانە، ئەگەر هەمووان خاوەنی حەقی موساوین باوەر ناکەم نە کورد نە بەلووچ نە ئازەربایجانی و نە کەس بیهەوێ لە ئێران جودا وەبێو لە ئێرانییان جوداوە بێ. بەڵام ئەگەر ئێران، ئێرانی تەبعیزە، ئێرانی بێ مافییە، ئێرانی هاونیشتمانی دەرەجە یەكو دەرەجە دوویە، بەڵێ هەموو ئینسانێکی شەریف دەیهەوێ لەو وەزعە جیا بێتەوە. با بڵێم ئەگەر ئەوە "تجزیه طلبی"یە، هەزار سلاو لەو "تجزیه طلبی"یە.

لە سەر ئەساسی ئەو سەربەخۆییە کە باسمان کرد، ئەمرۆو لە ئایندەشمان دا ئێمە هەموو هەوڵمان دەدەین بۆ پتەو کردنی پێوەندیی دۆستایەتیو هاوکاری، لە پێشدا

**چونکی لە ساڵیادی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی داین با بڵێین هەر بە ئیلهام لە فیکری دوکتور قاسملوو، دەبێ هەوڵ بدەین ئەو کۆنگرەیەمان کۆنگرەی نوێ بوونەوە بێ. دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٧٠ بە گەرانەوەی بۆ نێو رەفیقەکانی لە کوردستان بە حەق رێنێسانسێکی لە نێو حیزبی دێموکرات پێك هێنا. با هەوڵ بدەین شاگردێکی باشی دوکتور قاسملوو بین**

دەگەڵ هێزە کوردستانییەکان لە نێو خۆی وڵاتدا، لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە پاشان لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، دەگەڵ هێزە سیاسیەکان لە وڵاتی خۆمان ئێرانداو لەگەڵ هێزە سیاسییە نێونەتەوەیییەکان، هەر کەس لە سەتحی خۆی دا و لە رادەی خۆیدا.

ئێمە شانازی بە خەباتی میللەتی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەین. پشتیوانیی لێ دەکەین. بەڕەوای دەزانینو چەندی بۆمان بکرێ هاوپێوەندیمان دەگەڵ ئەو خەباتە بە حەقو تەنانەت بە ئەرکی خۆشمان دەزانین. هەر لێرەدا بە ئیجازەی هەمووتان سلاو بۆ خەباتو قوربانیدانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەنێرم کە ئەگەر رۆژێك لە رۆژان مەهاباد ببوو بە قیبلەی ئازادی، ئێستا ئەو بەشەی کوردستان بۆمان بۆتە قیبلەگای ئازادیو هەموومان بە چاوی ئومێدەوە سەیری دەکەین. هاورێیان!


لەسەر یەك ئێمە ئایندەی میللەتی کورد لە رۆژهەڵاتو لە ناوچەدا، هەروەها ئایندەی ئێرانێ بە رووناك دەبینین. پێمان وایە هەوڵو خەباتو یەکریزیو یەکپارچەیی ئێمە لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، یەکریزی ئێمە دەگەڵ هێزە کوردستانییەکان، دەگەڵ هێزە نیشتمانپەروەرەکان لە ئێرانو لە ناوچەدا دەتوانێ بەرهەمی باشی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردو ئێرانو ناوچە بەدواوە بێ. لەو پێناوەدا ئێمە خۆمان لەبەرەی ئاشتیو ئازادیو مافی مرۆڤ لە دنیا دا دەبینین، دژی هێزە کۆنەپەرستەکان، تیرۆریستو تیرۆریستپەروەرانو موخالیفانی ئاشتیو ئازادیو هەوڵدەرانی تێکدانی ژیانی ئینسانەکانین، بە هاوکاریی هەموومانو بە هاوکاری دەگەڵ مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو ئومیدمان زۆرە کە ئایندەیەکی روونمان لە پێش دایە.

سلاو لە یادی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ، سلاو لە گیانی شەهیدانی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی سێ رێبەری شەهیدمان قازی، قاسملووو شەرەفکەندی. سلاو لە خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. سەرکەوتن بۆ ئازادیو دێموکراسی. بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ئێوەش هەر شاد بن.



# شەهید قاسملوو، ڕەمزی بەرخۆدان

کەماڵ کەریمی



٢٢ی پووشپەڕ ڕۆژێکی تاڵ و خەماوی لە مێژووی پڕ کارەساتی نەتەوەی بندەستی کورد دایە. ڕۆژێك کە لاپەڕەیەکی دیکەی لە مەرگەساتەکانی کوردی لە سەر پەرتووکی مێژووی نەتەوەیی دا زیاد کرد. یەکێك لەو ڕۆژانەی کە ڕۆژژمێرە خوێناوییەکەی نەتەوەیەکی مافخوراوی ڕەنگینتر کرد. ئەو ڕۆژەی لە درێژەی پیلانی سەد ساڵەی دوژمنانی کورد بۆ کپ کردنی دەنگی ڕەوای نەتەوەی کورد، ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی دیکەی ئەم نەتەوە بە دەستی غەدر تێیدا شەهید کرا.

نەتەوەی کورد زیاتر لە یەك سەدەیە بە تێگەیشتنەوە ڕێگەی خەباتی ڕزگاریخوازی گرتۆتە بەر. ڕێکخەری ئەم خەباتە لە چوارگۆشەی کوردستاندا کەسانی دیار لە سەرۆك عەشیرەت، شێخ، مەلاو ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوە بوون. لە زیاتر لە سەد ساڵدا هەوڵی دوژمنانی کورد بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشی ڕەوای کورد بە سوتاندن و وێران کردن و کوشتنی بە کۆمەڵ درێژەی هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا تێکڕای ئەم دوژمنانە بەردەوام چاویان لە سەری ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوانە بووە و لە هەوڵی لە نێو بردنیان خافڵ نەبوون. شێخ عوبەیدیلا، شێخ سەعیدو قازی محەممەد سەردارانی سەرداری ئەم غەدرەن. لە درێژەی ئەم دوژمنکارییەدا شەهید کردنی ڕێبەری هەڵکەوتووی کورد دوکتوور قاسملووی ڕووناکبیرو شۆڕشگێر ڕشتنی ڕق و کینەی بێسنووری ئەم دوژمنانەی باشتر دەرخست.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ کاتێك کە دوکتور قاسملووی نەمر لە درێژەی هەوڵی دڵسۆزانەیدا کە لە باوەڕی قووڵی بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو، بە نیازی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چووبووە ڤییەن. لە دانیشتنێکی ڕەسمیدا لەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو دەبێ‌و بە پێی بەرنامەیەکی لەپێش داڕێژراو کە لە ژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی ئەسڵیی ڕێژیمدا بەڕێوە چوو، پەیامە ئاشتییەکەی بە گوللە وەڵام درایەوەو شەهید کرا.

ئەم کارەساتە برینێکی قووڵی لە جەستەی نەتەوەی کورد کرد. برینێك کە هەرچەند ساڕێژ بوونی بە خەبات و خۆڕاگریی ڕێبوارانی ڕێگەی قاسملوو و تێکڕای خەڵکی کوردستان گران نەبوو، بەڵام ئازارەکەی هەر ماوەو تا وەدیهاتنی ئاواتەکانی قاسملوو هەر دەمێنێ.خەڵکی کوردستان کە بە بیستنی هەواڵی شەهید بوونی ڕێبەرەکەیان تاسان، پاش وەخۆ هاتنەوە ئەم ئازارەیان کردە هاوارو بەگژ جەللادان و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا چوونەوە. لە خۆڕا نیە کە هەموو ساڵێك ٢٢ی پوشپەڕ بووەتە ڕۆژی سەرهەڵدان و دەربڕینی نارەزایەتیی تێکڕای چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

دوکتور قاسملووی نەمر کە بۆخۆی لە تەواوی ماوەی ژیانیدا ڕەمزی خەبات و خۆڕاگری بوو، لە هەر هەلومەرجێك دا دەژیا، بە شێوەی گونجاو لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەی کورددا خەباتی دەکرد. وانەیەکی فێری نەتەوەکەی کرد کە دوای شەهید بوونی بوو بە ئامانج. ئەویش وانەی خۆڕاگریو بەرخۆدان بوو. هەر بۆیە خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان نەتەنیا بە لە دەست دانی ڕێبەرەکەیان وازیان لە خەبات نەهێنا، بەڵکوو بە پێچەوانەوەو بە دەرس وەرگرتن لە مامۆستای ڕێبەریانو بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانی دوژمنان جیدیترو بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕیزەکانیان ڕێکخستو بە بەگژداچوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، ڕقو بێزاریی خۆیان لە کردەوەی جینایەتکارانەی ئەوان دەربڕی. خەڵکی کوردستان بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ڕێبەری شەهیدیان دوکتور قاسملووی خەباتکار، ڕۆژی شەهید بوونیان کردە ڕۆژی دەربڕینی نارەزایەتیی گشتی. ٢٢ی پووشپەڕ بۆ خەڵکی کوردستان بووەتە ڕۆژی هاوپێوەندیی نەتەوەیی کوردان و خەڵك بە شێوەی جۆراوجۆر، بە بڵاو کردنەوەی دروشم و وێنەی شەهید قاسملوو، تەعتیل کردنی کارو داخستنی بازاڕەکان و ڕێپێوانی نارەزایەتی، بە بێ ترس لە دەستدرێژیی هێزە سەرکوتکەرەکان ئازایانە یادی ئەم ڕۆژەو کارەساتەکەی دەکەنەوەو بەم شێوەیە پەیامی هاودەنگیی خۆیان لە بەرانبەر ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامیدا بەگوێی دنیا دەگەیەنن.

ئەم خەڵکە بە ئەمەگە بە حەق لە مامۆستای ڕێبەریان فێر بوون کە دەیگوت نەتەوەیەك کە ئازادیی بوێ دەبێ نرخی بۆ بدات. ئەوان بەحەق گوێڕایەڵی ئەم وتە پڕبایەخە بوون کە تەنیا ڕێگەی بەرز ڕاگرتنی شەهیدەکان درێژەپێدانی ڕێگایانە و بۆخۆشی گیانی پیرۆزی لە سەر ئەم ڕێگایە دانا.

دوکتور قاسملووی شەهید کە بەحەق ببووە دیارترین ڕێبەری ئەم سەردەمەی بزووتنەوەی کورد، لەگەڵ ئەوەی بە تێگەیشتن و توانایییەوە گەلێك دەسکەوتی لە بیر نەکراوی بۆ نەتەوەکەی دەستەبەر کرد، بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریش گەلێك قوتابیی پێگەیاندن کە بە دڵنیاییەوە دەتوانن ڕێگەی پڕ هەوراز و نشێوی خەبات ببڕن و ئاواتی بەرزی قاسملوو کە ڕزگاریی نەتەوەکەی بوونە وەدی بێنن.

لە یادی ١٨ ساڵەی ڕێبەری شەهیدماندا سڵاوی وەفاداری بۆ گیانی پاکی قاسملوو دەنێرین.

سڵاو لە قاسملوو و سڵاو لە ڕێبوارانی خەباتکاری ڕێگای قاسملوو، ڕێگای ئازادی و دێموکراسیو ڕزگاریی نەتەوەیی.

**به هەوڵو ماندووبوونێکی زۆریش گەلێك قوتابیی پێگەیاندن کە بە دڵنیاییەوە دەتوانن ڕێگەی پڕ هەورازو نشێوی خەبات ببڕنو ئاواتی بەرزی قاسملوو کە ڕزگاریی نەتەوەکەی بوو وەدی بێنن.**

# لە یادو بیرەوەریی ڕا پەڕینی خوێندکارانی ئێران لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ دا

مستەفا مەعرووفی

١٨ی پووشپەڕی ئەم ساڵ ٨ ساڵ بەسەر یەکێك لە ڕووداوە گرنگەکانی مێژووی ئێران دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تێ دەپەڕێ. لەو ڕۆژەدا خوێندکارانی زانستگەکانی تاران لە پێش دا بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە داخرانی ڕۆژنامەی "سلام"و پاشان هێرشی هێزە نیزامیو ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شوێنی ژیانو حەوانەوەیان دەستیان بە ڕاپەڕینێکی گەورە کرد کە ماوەی ٦ ڕۆژی خایاند. ئەم ڕاپەڕینە لە ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕدا لە تاران دەستی پێکردو پاشان چەندین شاری دیکەی ئێرانیشی گرتەوە. تەواوی زانستگەکانو شەقامو کۆڵانەکانی دەوروبەریان بوون بە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانیی لاوانو خوێندکاران لە لایەکو هێزە نیزامیو ئەمنییەتییەکان لە لایەکی دیکەوە. داموودەزگا ئیدارییەکان پەکیان کەوتو کەشوهەوایەکی نائاسایی بەسەر تەواوی وڵات دا زاڵ ببوو. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دا ئەوە یەکەمینو بەربڵاوترین ڕاپەڕینی بەرین لە دژی حکوومەت بوو بەڕێوە دەچوو.

ئەم ڕاپەڕینە گەورەو بەشکۆیە هەڵگری زۆر پەیامو تایبەتمەندی بوو و بوو بە سەرەتای زۆر ئاڵوگۆڕو ڕووداوی دیکە لە نێوخۆی ئێران دا کە بە کورتی ئاماژە بە هێندێك لە لایەنەکانی دەکەین:

ڕاپەڕینی ١٨ ـ ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٧٨ لە ڕاستی دا خاڵی کۆتایی قۆناغێك لە بزووتنەوەی خوێندکاریو دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لەم بزووتنەوەیەدا بوو. لەو ڕاپەڕینەدا قۆناغێك کۆتایی هات کە کۆماری ئیسلامی پێکی هێناو بە شێوەی جۆراوجۆر دای سەپاندو سەرەنجام شکستی تێدا خوارد. ئەم ڕاپەڕینە لە شوێنێك سەری هەڵ دا کە کۆماری ئیسلامی بە گرنگترین پێگەو سەنگەری خۆی لە قەڵەم دەدا. لە بانەمەڕی ١٣٥٨ لە هێرش بۆ سەر زانستگەکانی ئێران دا دەستی بەسەر ئەو سەنگەرە داگرتو بە ئێعدامو وەدەرنانو دوور خستنەوەی هەزاران خوێندکارو مامۆستای ئازادیخواز بە تەواوی دەستی بەسەر زانستگەکان داگرت. لە ڕووی ئیدئۆلۆژیو پەرەپێدانی بیرۆکەی "سیاسی"یەوە دوو ناوەند گرنگترین پێگەی کۆماری ئیسلامی بوون: "حەوزە" وەك ناوەندی پەرەپێدانی بیری ئایینیو "زانستگە" وەك ناوەندی زانست. دەبووا ئەم دوو ناوەندە گرنگە شانبەشانی یەکتر لە جێگیر کردنو پتەو کردنی مەرامو ئیدئۆلۆژی ڕێژیمی مەزهەبیی ئێران دا هەولیان دابا. دروشمی "یەکیەتیی ڕووحانیو خوێندکار"، یەکیەتیی حەوزەو زانستگە" لە خزمەت بەو مەرامو ئیدئۆلۆژییەدا بەرز کرانەوەو نوێژی هەینی لە تاران بۆ حەوشەی زانستگە ڕاگوێزرا. ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی دامەزراندو بەهێزی کردن. سێبەری قوورسی نیزامی مەزهەبی بەسەر زانستگەکان داکشاو قۆناغێکی ڕەش لە بزووتنەوەی خوێندکاری دا دەستی پێ کرد.

١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ یەکیەتیی زانستگەو حەوزەو یەکیەتیی خوێندکارو ڕووحانیی کە بە زەبری چەکو توندوتیژی سەپا بوو، لەبەر یەك هەڵ تەکاندو زانستگە بوو بە سەنگەری هەرە پێشەوەی بەربەرەکانی لە دژی ڕووحانیی دەسەڵاتدار دا. یەکێك لە بناخە ئیدئۆلۆژییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووخاو تەواوی دامو دەزگاکانی ڕێژیمی وەلەرزە خستو بنەما فکریو سیاسییەکانی ئەم ڕێژیمەی بە تەواوی خستە ژێر پرسیارەوە.

ڕاپەڕینی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨ بزووتنەوەی خوێندکاریی لە حاڵەتی ڕیفۆرمیستییەوە بەرەو ڕادیکالیزمو شۆڕشگێڕ بوونو لە حاڵەتی سینفیو فەرهەنگییەوە بەرەو سیاسی بوون برد. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە سیستمی حکوومەتیی زاڵ بەسەر وڵات دا ئەوەندە بێ نێوەرۆکو نامەنتیقییە کە نەی توانی وەڵامی شیاو بە ویستو داخوازی ڕیفۆرمیستانەو سینفیو فەرهەنگی زانستگە بداتەوە. هەرچەند نزیك بە ساڵێك بوو قۆڵی ڕیفۆرمخواز بە سەرۆکایەتی محەممەدی خاتەمی بە زۆربەی دەنگی خەڵکی ئێران هاتبووە سەر کار، بەڵام لە بەرامبەر تاقمی دەسەڵاتداری ڕێژیم دا ئەوەندە بێ ئیرادەو لاواز بوو کە ئەویش نەیتوانی وەڵامی ویستو داخوازی خوێندکاران بداتەوە. ئەوە لە حاڵێك دابوو خوێندکارانی ڕیفۆرمخواز لە سەر خستنی قۆڵی ڕیفۆرمخواز بە سەرۆکایەتیی محەممەدی خاتەمی دا ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو. هەر لە کاتی ڕاپەڕینی خوێندکاران دا دەرکەوت کە نە قۆڵی ڕیفۆرمخوازی نێو حاکمییەت ئەوەندە جیددیو شێلگیرەو نەسیستمی کۆماری ئیسلامی دەرتانی بەڕێوەچوونی ڕیفۆرمی تێدایە. بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری لە قالبو چوارچێوەی قۆڵی ڕیفۆرمخوازی نێو دەسەڵات هاتە دەرو بوو بە هێزێکی سەربەخۆ. ئەم بزوتنەوەیە هەرچەند بەهۆی لەدەست دانی پەناگەیەکی وەك قۆڵی ڕیفۆرمخواز زیاتر کەوتە بەر هێرشو زەبروزەنگی ڕێژیمەوەو لە ڕووی چەندییەتییەوە لە کەمییدا، بەڵام لە ڕووی چۆنییەتییەوە ئەزموونی زیاتری وەدەست هێناو قاڵتر بووە. لە ١٨ی پوشپەڕدا دروشمو داخوازەکانی خوێندکاران هەر تەنیا بە کێشەکانی نێو زانستگەو توێژی خوێندکارو کەمو کوڕییەکانی زانستگە نەبڕایەوە. خودی ئەم ڕاپەڕینە دژکردەوەیەك بوو بە کێشەیەکی دەرەوەی زانستگە کە بریتی بوو لە داخرانی ڕۆژنامەی "سلام" لەلایەن باڵی پاوانخوازی ڕێژیمەوە ئەم ڕۆژنامەیەش بەهۆی دژکردەوە بە کێشەیەك بە ناوی " قەتڵە زنجیرەیییەکان" کە ژمارەیەك نووسەرو ڕووناکبیری ئێران بەدەستی مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعات تیرۆر کرابوون، داخراو هەربەم جۆرەش ڕووداوی ١٨ی پووشپەڕ بوو بە سەرچاوەی چەندین ڕووداوی گرنگی دیکە لە داهاتوودا. نزیك بە دوو ساڵ دوای ڕاپەڕینی ١٨ی پووشپەڕ لە کاتێك دا بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی حوکمی ئیعدامیان بۆ هاشمی ئاغاجەری مامۆستای زانستگە دەرکرد، بزووتنەوەی خوێندکاری لە دژکردەوە بەو حوکمە ناڕەواو کۆنەپەرستانەیەدا جارێکی دیکە ڕاپەڕیو بوومولەرزەیەکی دیکەی لە جەستەی کۆماری ئیسلامی خستو ئەو ڕێژیمەی ناچار بە وەرگرتنەوەی ئەو حوکمە کرد.

لەو کاتەوە بزووتنەوەی خوێندکاری هەرچەند قووڵتر بۆتەوەو ڕادیکاڵتر بووەو ئەزموونی زیاتری وەدەست هێناوە، بەڵام نەیتوانیوە هێزو توانای ساڵانی ١٣٧٨و ١٣٨٠ی بپارێزێ. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر سێ تایبەتمەندیی سەرەکی: یەکەم ئەم بزووتنەوەیە کە پێی‌ناوەتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە، ستراتیژییەکی ڕوونی بۆ ئاڵتەرناتیڤی دەسەڵات لە ئێران دانیە. ئەم بزووتنەوەیە وەك شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا کە خەڵك دەیان زانی ڕێژیمی پاشایەتیان ناوێ بەڵام نەیان دەزانی چیان دەوێ، دەزانێ کە کۆماری ئیسلامیی ناوێ



بەڵام بەرنامەو سیستمێکی ڕوونی بۆ داهاتووی دەسەڵات نیە تا بەرچاوی خۆیو کۆمەڵانی خەڵکی پێ ڕوون بکاتەوە. دووهەم، ئەم بزووتنەوەیە بێ ڕێبەرە. ڕێبەرایەتییەکی نیە تاکوو بەرەو ئامانجێکی دیاری کراوی بەرێ. سێهەم، کۆماری ئیسلامیش لەو ماوەیەدا، لە سەرکوتو کۆنتڕۆڵی ئەم بزووتنەوەیەدا ئەزموونی وەدەست هێناوەو تا ئێستا توانیویەتی تاڕادەیەك مەترسییەکانی ئەم بزووتنەوەیە پووچەڵی بکاتەوە.

داهاتووی ئەم بزووتنەوە بەستراوەتەوە بە تایبەتمەندییەکانو نێوەرۆکێك کە ئەم بزووتنەوە هەیەتیو لە هێزێك یان ڕەوتێکی ڕێکخراوەیی دیکەی جیا دەکاتەوە. هەر ئەو تایبەتمەندییەش وای لەو بزووتنەوەیە کرد کە لە بزووتنەوەیەکی دەسکردی ڕێژیمەوە ببێتە سەنگەری دژی ڕێژیم. ئەم تایبەتمەندییە دەتوانین لە دوو خاڵ دا چڕ بکەینەوە: ١ـ بەرەو ژوور چوونی ئاگایی ڕۆژ بەڕۆژ زیاتری نەسلە تازەکانی ئێران، ٢ـ ئاڵوگۆڕێکی بەردەوام لە پێکهاتەی بزووتنەوەکەدا. قۆناغی خوێندکاری قۆناغێکی کاتییە.

ساڵێ بە هەزاران کەس خوێندنی زانستگە تەواو دەکەنو بە هەزارانی دیکە پێ دەنێنە زانستگەوە. ئەم تایبەتمەندییە ئەگەر پێشی بەوە گرتوە کە بەرنامەیەکی درێژخایەنو ڕێبەرایەتییەکی نەناسراوی هەبێ، ئەم دەرفەتەی بۆ پێك هێناوە کە وەك ئۆرگانیزاسیۆنێکی زیندوو، بەردەوام لە ئاڵوگۆڕو نوێ بوونەوە دابێو شێوەو میتۆدێکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی خۆی لە خەبات دا بدۆزێتەوە کە خەڵکی دەرەوەی زانستگە بە زەحمەت پێش بینی دەکەن.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### شەهید مراد عەزیزی

١٨ ساڵە لەگەڵ کولانەوەی زامی لە دەست دانی دوکتور قاسملووی ڕێبەرماندا، دەکەومەوە یادی ئەو لاوەی - بڕواتان بێ ئەگەر وا زوو گیانی لێ نەستێندرابا - دەبوو بە یەکێك لەوانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبوو هیوای گەورەی پێ ببەستێ.

باسی مرادی عەزیزیتان بۆ دەکەم. ئەو لاوە ڕووناکبیرو شۆرشگێڕەی تەنیا چوار ڕۆژ بە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی جەرگبڕی تیرۆری ناجوانمێرانەی دوکتور قاسملوو دا، لەگەڵ دوو هاوڕێی هەتاسەری (حەمە ساڵە حەسەنپوورو سمایل محەممەدی) دا، گیانی خۆیان لە پێناوی سەربەرز مانەوەی نەتەوەکەیان دا بەخشی.

ئەوان ڕۆژان "بێمزۆرتێ"یش وەك هەموو دەشتی شنۆو دەشتی شنۆش وەك سەرانسەری کوردستان "کوڵی گریانێکی خەست"و باری خەمێکی گرانیان پێ بوو. ڕۆژی ٢٧ پووشپەڕ سێ ڕۆڵەی بەوەجی حیزبی دێموکرات کە لەبەر سروشتی نهێنیو تەشکیلاتیی کارەکەیان، لە چەکی شانیان دوور کەوتبوونەوەو تەنیا دەمانچەیان پێ بوو، لە پڕ بە هۆردوویەك جاشو پاسدارو بەسیجی دەوریان دراو داوای خۆبەدەستەوە دانیان لێ کرا. مرادو حەمەساڵەو سمایل دوو ڕێگا زیاتریان لە بەر نەبوو: یا لەم ساتە وەختە دا کە کوردستان بە بۆنەی لە دەستدانی پێغەمبەری ئاشتییەوە یەکپارچە تووڕەییو نەفرەت بوو، بە نرخی خۆبەدەستەوەدان گیانیان دەرباز بکەن، یا بە دەمانچە تا دوا هەناسە شەڕ بکەنو بەو مردنە سەری خۆیانو حیزبەکەیانو نەتەوەکەیان بەرز بکەنەوە. ئەوان بە بێ هیچ دوو دڵییەك ڕێگای دووهەمیان هەڵ بژاردو لە لیستی دوورو درێژی شەهیدانی نەتەوەکەیان دا، دراوسێیەتی ڕێبەرو گەورە پیاوێکی وەك دوکتور قاسملوویان، بۆ خۆیان مسۆگەر کرد.

مرادم لە سەردەمی قوتابخانەوە دەناسی. لە قۆناغی دواناوەندیی دا پێکەوە بووین. لە "بابخالاوێ" را بۆ خوێندن هاتبووەشاری شنۆ. جگە لەوەی هەردووکمان منداڵی لادێ بووین، هەردووشمان ئۆگری شیعرو ئەدەبیاتو خوێندنەوە بووینو ساڵی ١٣٥٧، بە تایبەتی بە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو بووژانەوەی هەستوبیری نەتەوەیی لە نێو لاوانی کوردستان دا، پتر ڕوومان کردە خوێندنەوەی شێعرو باسی شاعیرانی کوردو شەنو کەو کردنی فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی. هێندێك ئێوارانی یەکەم بەهاری ئازادی لەگەڵ چەند هاوپۆلو برادەری دیکەدا بە لێواری چۆمی شار دا هەڵدەکشاینو تا درەنگانێك کاتمان بە باسی ئەدەبیو گروگاڵی ئەدەبییەوە تێپەر دەکرد. بۆ پاییزو زستانی داهاتوو کە بنکەکانی ڕێکخراوی لاوانی دێموکرات بوون بە ناوەندی چالاکیی سیاسیو فەرهەنگی، بووین بە لایەنگرو ئەندامی هەڵسووری ئەو ڕێکخراوەیە. مراد ئەگەرچی زۆر بەمایە بووو بە تێگەیشتنی ئەو کاتم زۆر باش دەیتوانی ئەوەی مەبەستیەتی دەری ببڕێو ڕوانینو، بیرکردنەوەی ئەدیبانەو جوانی هەبوو، بەڵام کەمتر بە لای نووسیندا دەچوو. ئەو پێی خۆش بوو هەستو بیر کردنەوەو ڕوانینی، هەورووەها ئەوەی لە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانو نووسەران دەستی کەوتوە، بە زمان دەری ببڕێ. بەڵام لە هاندانی منو "دڵسۆز"ی هاوڕێمان بۆ بەردەوامبوون لە سەر شێعرو نووسین غافڵ نەبوو.

ساڵی ٦٠ - ١٣٥٩ بە دوای جیا بوونەوەی "پەیرەوانی کۆنگرەی چوار" لەحیزبی دێموکرات، مرادیش ڕەگەڵیان کەوت. ئێمە دۆستانی مراد لە نێو حیزبی دێموکرات دا، سەرەڕای جیاوازیو دووریی بۆچوونو هەڵوێستی سیاسیی حیزبیمان، نەماندەتوانی رقمان لێی بێو خۆشمان نەوێ. ئارەزوومان دەکرد جارێکی دی لە کۆڕی خۆمان دا بیبینینەوە. چەن ساڵ رابردو ئاگامان لێی نەما تا سەرەنجام، ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٥ کە بە سەفەرێك ڕێم کەوتە فێرگەی سیاسی - نیزامیی حیزب، مرادم دیتەوە. لەبەر لێهاتوویيو پوختە بوونی بە ئەندامی شووڕای پێشمەرگەکانی دەورەی سەرەتایی هەڵیان بژارد بووو، ماموستاکانی ڕێزێکی تایبەتیان بۆ دادەناو زۆریان شایی پێ بوو. مراد بە زوویی لە هێزی کێلەشینو کومیتە شارستانی شنۆ دا جێگای خۆی کردەوەو بوو بە یەکێك لە کادرە هەرە باشەکانی ناوچەی شنۆ. بە ئاگایی بەرز، بە هەوڵدانێکی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆ خۆپێگەیاندن، بە سادەو خاکیو کۆمەڵایەتی بوونی، بەسەراحەتو ئازایی سیاسیو، بە پێشرەوە بوونی لە مەیدانی تێئۆریو کردەوەداو سەرەنجام بە شەوقێکی بێ سنووری بۆ کاری شۆرشگێرانە لە نێو کۆمەڵانی خەڵك دا، ببووە هومێدێك کە داهاتوویەکی پڕ لە پێشکەوتنی لێ چاوەڕوان دەکرا. بەڵام مەخابن، لە بیستو شەشەمین ساڵی تەمەن دا گوڵی ژیانی هەڵپرووکا. ئەگەرچی بەش بە حاڵی خۆم هێشتا باوەڕم بە مردنی نەکردووەو هەر چاوەڕێی گەرانەوەیم.

**یادی مرادی عەزیزیو هاوسەفەرانی بۆ نێو کاروانی نەمران، بەخێر**

## "گریانی ئاگراوی"

"بۆ شەهید دوکتور قاسملوو"

نیما

له سەر قەڵاندۆشی چیام
چاو لە ئامانجم دەگێڕم
وەک گێژەبا وێڵە نیگام
لە پڕ لە دوور
لەوبەر سنوور
لە دەم ئاسۆی مات و ڕووسوور
پەڵە هەورێک
سەرنجی وردی ڕاکێشام
لە دایکی کوردستان دەچوو
پیاڵەی گلێنەی چاوانی پڕ لە
ئەشکی خەماوی بوو
تنۆک
تنۆک
دادەچۆڕا و
دەڕژایە سەر دڵی پاریس
کە فرمێسکەکانیم بینی
ناسیمەوە هی چاوی کێن

چاوی سیروان و تەتەهوو
زرێبار و زێ و جەغەتوو
کانیاوی کوردستان هەمووی وەرگرتبوو
شۆڕابەی ئەشکی هەڵدەڕشت
بەسەر تەوێڵی پاریس و سنگی کپی
پڕلاشێز و
بە سەر باڵای بەرز و تەرزی کێلی
گۆڕێکی غەریبا
کە توزی بە سامی غوربەت
لەسەر تەوێڵی نیشتبوو
ئەو کێلە بەرز و مەزنەی
چیای سەفین و بێستوون
ئارارات و پیرە مەگروون
قەندیل و ئاویەر و شاهۆ
ئاربەبا و تەرەغە و هەڵگورد
هەیبە سوڵتان و دالاهۆ
هەموو کڕنۆشی بۆ دەبەن
منیش لە کوردستانەوە
لە گەڵ هەموو چیاکانا
بردم بۆ گۆڕەکەت کڕنۆش

لە پڕ دەروونم هاتە جۆش
ئەسرین لە چاوم هەڵوەری
لە پڕ داخورپا دڵەکەم
کەلامی تۆم هاتەوە بیر
کە دەتفەرموو:
"شینی ناوێ شەهیدی کورد
بەجێی شیوەن
درێژە بدەن بە ڕێگایان"
بەڵام گەورەم!
گرینی من
هۆی زەبوونی و دیلی نییە
گوللە و پڕیشکی ئاگرە
تکەی گەشی ئەسرینی کورد
فرمێسکی من
لە قورگی قووڵی زامەوە
هەڵدەقوڵێ
تەشەنەی گڕپژێنێکە
بۆتە زەریای رق و تۆڵە و
دوژمنی تێدا دەکوڵێ




## شیوەن

"بۆ شەهید د.قاسملوو"

خەمبارە دڵی مێژوو بەدەم ژانەوە دەگری
قەندیل لە تەمی گرتووە لوتکەو ڕەوەزی خۆی
ئەستێرە خەمی مانگی لە نێو باوەشی دایە
خنکاوە هەنیسکی هەور ئەمڕۆ لە گەروویدا
هەڵگورد چەمی ئەسرینی لە دیدەی وەکوو لافاو
سۆرانی لە هەش ناوە سلێمانی هەڵەبجەش
ورمێ دەکوڵێ ئەمڕۆ لە نێو گۆلی گلێنەی

گڵکۆ بە چڵی زامی شەهیدانەوە دەگری
شاهۆ بە زرێباری مەریوانەوە دەگری
بێ ئۆقرە بە ناڵەی شەوی ئاسمانەوە دەگری
کانی بە بناری کەژو کێوانەوە دەگری
دەڕژێت و بە هاژەی خەمی سیروانەوە دەگری
هاودەنگی مەهاباد بە موکریانەوە دەگری
تاساوە دیاربەکرو بەدەم وانەوە دەگری

ڕەسووڵ سوڵتانی

# خزمەتە زانستییەکانی پرۆفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف بە زمانی کوردی



پروفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف کە بە داخەوە رۆژی ١٩ی پووشپەڕی ئەمساڵ لە رووداوێکی دڵتەزێن دا گیانی لەدەست دا سەرەڕای دەیان ساڵ خزمەت و وانە وتنەوە لە زانکۆکان و پێگەیاندنی خوێندکارانی بەشی زمان و سەرپەرستیی‌نامە و باسە زانستی‌یەکان لە قۆناغە بەرزەکانی خوێندن‌دا و هەروەها بێجگە لەو هەموو خزمەتە کە لە رێگای کۆڕی زانیاریی کوردەوە پێشکێشی زمانی کوردی و زانستی زمان لە نێو نەتەوەی کوردی‌دا، کرد، دەیان نامیلکە و کتێبی زانستی‌و بە نرخیشی لە بواری زمان‌دا، کە سەرجەم سەر لە چەند هەزار لاپەڕە دەدەن، پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردوە کە بریتین لە:

**لە بواری زمانی‌دا:**

١ـ چی لە بارەی زمانی کوردی‌یەوە نووسراوە، بەغدا، ١٩٤٧

٢ـ وشەی زمانی کوردی، ١٩٧٥، بەغدا

٣ـ زمانی کوردی لە بەر رۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا، ١٩٧٦

٤ـ وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧

٥ـ نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەڕەبی ، (سەرەتای هەشتاکان)

٦ـ لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٧

٧ـ دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا، بەغدا، ٢٠٠٠

٩ـ زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشە، بەغدا، ٢٠٠٠

١٠ـ سەرەتایێکی زمانناسی (بەرگی یەکەم)، (بە رووسی نووسیوێتی و میدیای کچی لە رووسی‌یەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی)، سلێمانی، ١٩٩٨

ب. هانا

شایانی باسە سەرجەم ئەو باس و لێکۆڵینەوانە، ساڵی ٢٠٠٠، لە سلێمانی لە توێی کتێبێکی ١٥٠٠ لاپەڕەیی‌دا، لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری، سەر لە نوێ چاپ و بڵاو کرانەوە.

لە بواری رێزمانی کوردیدا:

١١ـ بەرگی یەکەم(مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم، (ناو)، (٢٨٤ لاپەڕە)، ١٩٧٩، بەغدا

١٢ـ رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (وشەسازی)، بەشی دووهەم، ـ جێناو ـ (٣٠٦ لاپەڕە)، بەغدا، ١٩٨٧

١٣ـ رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی سێهەم ـ ئاوەڵناو ـ (١٥٢ لاپەرە)

١٤ـ رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم،( وشەسازی)، بەشی چوارەم،ـ ژمارە و ئاوەڵکردار ـ(١٩٠ لاپەرە) ، بەغدا ، ١٩٩٨

١٥ـ رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم ، (وشەسازی)، بەشی پێنجەم ـ کردار ـ (٣٧٤ لاپەرە) ، سلێمانی ، ٢٠٠٠

دەبێ بگوترێ کە سەرجەمی ئەم پێنج بەرهەمەی دوایی، ساڵی ٢٠٠١ لە توێی کتێبێکدا لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سەر لە نوێ بڵاو کراوەتەوە.

---

# نیایی

قادر بەشدار



لەوێوە دێم. من نیایی تیشکی رۆژهەڵاتم‌و لێرەوە بە رۆحتان دا رۆدەچم، ئەوەتا خۆم‌و پریاسکەی دەستی لاوێتیم، چەندین دیاریی زەماوەندو کامەرانی تیایەو پێشکەشی دەکەم بە ئێوە.

لەوێ لە شاری ئاوازو گۆرانی سەوڵی سەفەری بەهرەکانم لە زەریای هونەر لێداو، لێرەوە لە کاناڵی دەنگوڕەنگی ئازادی گیرسامەوە، خورجینی کلتوورم پشکنی‌و وێنەکانی شایی لۆغانیم بە باڵای یەك بە یەکی کوردستانی ئازاد بڕی.

کاکە فەردین، کە ئەمە شوناسنامەی دەوڵەمەندی ئەو تەمەنە چکۆڵانەت بوو، بۆ نەتهێڵا هەریەك لە ئێمە لە ئاوێنەی کانیلەی گیانت، لە باڵای خۆمان بڕوانین‌و تا وەکوو جوانیی تۆ جەوانی جوان بین‌و ببینە خۆشەویستی ئاپۆرایەك لە ژیان،... تۆ لەوێ لە ژێر لێزمەی چەوسانەوەو لە تاو لە گۆخستنی هونەرو کوژرانی کلتوورەکەت بۆ ئێرە سەفەرت کردو لە هەمێزی شارەکەی حاجی گیرسایتەوە، بەڵێن وابوو هەموو تابلۆکانی کلتووری نەتەوەکەت لە هەر چوار لەتە جەرگی کوردستان وەکوو قەڵات پیشکەش بکەیت‌و بە ناوەکانی دوا رۆژیان ئاشنا بکەیت ـ بەڵام قەدەر دایبڕاندی تۆ لەوێ لە کوردستان ـ لە سنە کۆترێکی گمە پەنگخواردووی دەروونی خۆت بوویت، هاتیت بەغیلمان، حاجی وتی: کوریان غیلمانە کچیان عەینی حۆری ـ تۆش ئەو غیلمانە میوانە بوویت‌و بە بێ پرس‌و بە ناکامی رۆیشتی بۆ دنیای ئەبەدی. ئێستا من چی بنووسم، چ بابەتێك دەربارەی ئەو گیانە پاکەت بکەم بە سەردێڕی لاپەڕەیەکی نوێی شار، چونکە لێرەوە قەدەر حوکمی دای‌و کۆیەش بوو بە هەمێزی تاهەتاییت ـ ئەگەر سبەی گوڵێك لە سەر گۆڕەکەت بڕوێ بێ گومان ئەو گوڵە گیانی تۆیەو گوڵە فەردینەو تێکەڵ بە گوڵ‌و جاجیلەکانی دەشتی هاموون دەبێت.

کۆیە ـ ٢٠٠٧/٧/٧

---

# چەمەری بەسە!

## لە یادی فەردینی جوانەمەرگ دا

بێبەش

ئەرێ هۆ سەرچۆپی کێش! بەو دەسرەی بەدەستەوە باوەشێنی یاران کە تا تین دەگەڕێتەوە. گەڕی گەڕیانی یاران خاو بۆتەوە لە خەم دا، گۆوەند چاوەڕێی رەزمە لەگەڵ هێزی قەدەم دا. ئەرێ هۆ سەرچۆپی کێش! هەستە چەپی نارێکە، باری خەمت گرانەو قەدی دۆیان باریکە، هەستە فەتتاح پاشایی خرۆشی لێبڕاوە، سێپێیی ساردو بێتین، گەڕانەوە وەستاوە. چەمەری بەسە، هەستە، ئەرێ



هۆ سەرچۆپی کێش! کورد راپەڕی مەبەستە.

هەل ناسکەو کوا وادەی خاو بوونەوەو کەوتنە، دە رابەوەو رایبێنە دیلانگێڕانی دیکە، رابەوە دوڕگەی ئارەزووەکان نزیکە، شایی گەورە لەڕێ دایە. دەسرەی دەستت کە ئاڵایە لەمەوبەدواش بی‌شەکێنە، لەخۆت جوانە سەرچۆپی، گۆوەندێ وەڕازێنە.

هەستە سەرچۆپی مەستە، دەست بگرە دەستی یارو بەرەو دەواری ژیان رەش بەڵەکێ بکێشە، کوا وادەی دست بەردانە، شایی گەورە لە پێشە.

١٣٨٦/٤/١٤

---




گۆڤاری پریمێری بریتانیا کە هەموو ساڵێك لیستەی، ٥٠ پیاوی جوانی سینەما، ٥٠ عاشقانەی سینەما، ٥٠ ژیان نامەو ٥٠ سناریۆ بڵاو دەکاتەوە.

ساڵی رابردوو تەنیا لیستەی ١٠ فیلمی عاشقانەی مێژوویی بەم شێوەیە بڵاو کردەوە.

١ـ کازا بلانکا ١٩٤٢، ٢ـ بەفیرۆ چوو ١٩٣٧ (ئەو فیلمە هەر لە سەرەتاوە یەکەم‌و دووهەم بوو)، ٣ـ رووناکیەکانی شار ١٩٣١، ٤ـ پاسێك بە ناوی "هەوەس" ١٩٤٩، ٥ـ سامسۆن‌و دەلیلە ١٩٥٢، ٦ـ زایەڵەی مۆسیقا، ٧ـ داستان‌و ست‌و ساید، ٨ـتایتانیك (کە پێشتر لە پلەی ٣٧ دابوو)، ٩ـ رۆمیۆ ژولێیت، ١٠ ـ ناتینگ هیل.

لێرەدا کورتەیەك لە ٤ فیلمی ئەو لیستەیە دەخوێنینەوە:

**"چەند لە عاشقانەکانی مێژووی سینەما"**

" ٤ فیلم لە سێ دەیەدا."، "ئێستا دەتبینم چاڕلی"، ناوی فیلم: رووناکیەکانی شار ١٩٣١، دەرهێنەر: چاڕلی چاپلین، ئەکتەرەکان: چاڕلی چاپلین (ئاوارە). وێرجینیا (کچە کوێرەی گوڵ فرۆش). هەری مەییێرز (میلیونێر)، کچە گوڵفرۆشێکی کۆێر تەنیا لەبەر ئەوەیکە چاوی نابینێ بەڵێنی دڵداری پێ دەدا. بەڵام پاش ئەوەی کە چاڕلی پوڵی نەشتەرگەریی چاوەکانی کچەکە دەدا، کچەکە لە بەڵێنی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، تا ئەوەی کە چاڕلی تێی دەگەیەنێ‌و پێی دەڵێ: تۆ دەبێ دڵ بە دەرونی من بدەی نەك بە روخسارم. دەی ئێستا من دەبینی؟ کچە بە دڵنیایەوە دەڵێ: بەڵێ ئێستا دەتبینم چاڕلی.

"ئیتر هیچ بۆم گرینگ نیە خۆشەویستەکەم"

* * *

ناوی فیلم: بە فیرۆ چوو (برباد رفتە) ١٩٣٧ (خاوەنی حەوت خەڵاتی ئۆسکار)، دەرهێنەر: ڤیکتۆریا فلیمینگ. ئەکتەرەکان: کلارك گیبل (سەروان رێد)، ڤیڤان لی (سکارلێت)، بە پێی رۆمانێك نوسراوەی "مارگارێت میچل"

شەڕی نێو خۆیی ئامریکا (باکوورو باشوور) دەستی پێ کردوە، سکارلێت کچە دەوڵەمەندەو کەوتۆتە داوی عەشقی کوڕێکی جیرانیان بە ناوی (ئەشلی ویلز). ئەوە لە حالێك دایە کە ئەشلی کچە پوورەکەی خۆی مارە کردوە.

لە زەماوەندی ئەشلی دا سکارلێت لەگەڵ سەروانێك بە ناوی (رێد باتلێر) ئاشنا دەبێ کە خاوەنی جوانیەکی بێ هاوتایە.

شەڕێك هەڵدایسێ کەوچکی تێناگەڕێ‌و باکوورییەکان ناچار ماڵ‌و حاڵی خۆیان بەجێ دێڵن‌و ئاوارە دەبن.

لەو کاتەدا دیسان سەرو کەللەی سەروان رێد باتلێر پەیدا دەبێ‌و یارمەتی سکارلێت دەدا کە لەو ماوەیەدا ٢ جاری زەماوەندی کردوە.

ئەوان پێکەوە زەماوەند دەکەن بەڵام ئەوەش ناتوانێ ئاوری عەشقی ئەشلی لە دڵی سکارلێت دا بکوژێنێتەوە. تاوەکو رۆژێك کە ژنی ئەشلی بە هۆی نەخۆشی‌یەوە دەمرێ، رێد سکارلێت لە باوەشی ئەشلی دا دەبینێ‌و سەری خۆی هەڵدەگرێ.

کاتێك کە ئەشلی بە سکارلێت دەڵێ قەتی ئەو خۆش نەویستووە، سکارلێت پەشیمان لەوەی کە ئەو چەن وەختە ژیانی لە خۆی تێك داوە دەچێ تا پێش بەرۆیشتنی رێد بگرێ، بەڵام رێد پێی دەڵێ: (تازە هیچ بۆم گرنگ نیە خۆشەویستەکەم) رێد دەڕواو سکارلێت تەنیا دەمێنێتەوە.

* * *

"دیسان لێدە سام" کازابلانکا ١٩٤٢ ،ناوی فیلم، دەرهێنەر: مایکل کورتیز، ئەکتەرەکان: همفری بوگارت (ریك)، ئەنگرید برگمن (لیزا)

بە دوای هێرشی ئەڵمانی نازی بۆ سەر وڵاتانی دیکەی ئورووپا، جەماوەر روویان کردۆتە شارۆچکەی کازابلانکا لە شۆرەوی (منطقە آزاد)

کابارای ریك گەورەترین کاباراو رستۆرانتی ئەو شارە قەرارە ئەو شەو (ویکتۆریا لازۆ)و ژنەکەی لێ میوان بێ کە دەیانهەوێ وەك ئاوارەکانی دی لە کازابلانکاوە بچن بۆ ئەمریکا.

میوانەکان دێن و تازە رێك (خاوەنی کافەکە) ئاگادار دەکرێتەوە کە ژنە ڤیکتۆریا لازۆی، سیاسەتمەدارو رۆژنامەوانی فەرانسەوی، هەمان لیزا (کۆنە دۆستی خۆی) یەتی. کە چەند ساڵێك لێك ون بوون. ریك تێدا ماوە هاوکاریان بکا بۆ دەرچوون یان نا.

لە کۆتایی فیلمەکەدا دڵتەزێن ترین تراژیدی سینەما دەخولقێ.ریك لەسەر ئەو هاوکاریە دوو شت لە دەست دەدا، (لیزاو ژیانی رابردووی)، و بەدوو شت دەگا. (تەنیایی‌و ئافەرینێك لە ڤیکتۆریا لازۆوە).

ناوی فیلم: سامسۆن‌و دەلیلە ١٩٥٢، ئەکتەرەکان: هێدی لامار (دەلیلە) خوان مارتین (سامسۆن)

دەلیلە کچە پادشایەکە کە دڵی داوە بە سامسۆن، پاڵەوانی ئەفسانەیی فەلەستین. بەڵام سامسۆن بە پێچەوانە لەگەڵ خوشکی دەلیلە زەماوند دەکا. دەلیلە فەرمانی کوشتنی سامسۆن دەدا.

رازی توانایی سامسۆن لە مووی سەری دایە. سەری سامسۆن دەتاشن‌و کوێری دەکەن. پاش چەن ساڵ کە قژی سامسۆن زۆر دەبێتەوە، دلیلە کە لە کارەکەی خۆی پەشیمان بۆتەوە ئەرکی چاوساغی سامسۆن وەئەستۆ دەگرێ. سامسۆن بە هێزی بازووی خۆی تاج‌و تەختی پادشا دەروخێنێ‌و وڵاتەکەی رزگار دەکا.

نووسینی: ناسر رەسووڵی



ئه‌حمه‌د عه‌زیزی:

# ئێستا بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی کورد له‌ نێو پرۆسه‌ی ئاڵ‌و گۆڕدا ده‌ژی. کام حیزب تێگه‌یشتنێکی سه‌رده‌میانه‌ی له‌م قه‌یرانه‌ هه‌بێ و هه‌وڵی چاکسازی و ریفورم بدا شانسی له‌ به‌رزکردنه‌وه‌ی رۆڵ و پارسه‌نگی خۆی له‌ بزووتنه‌وه‌ی کورد له‌ ئێستا و داهاتودا پتر ده‌بێ

به‌شی یه‌که‌م

دیمانه: عه‌ولا به‌هرامی

ئه‌حمه‌د عه‌زیزی ئه‌ندامی ده‌سته‌ی به‌ڕێوه‌به‌ریی کاروباری ده‌ره‌وه‌ی حیزبی دیموکراتی کوردستانه. ناوبراو له‌ ده‌یه‌ی ٥٠ی هه‌تاوییه‌وه تێکۆشانی سیاسیی خۆی له‌ ریزی حیزب دا ده‌ست پێ‌کردوه‌و ئێستا نیشته‌جێی ولاتی سوئێده‌و له‌ زانکۆی "ئۆدرئۆرن" ی ستوکهۆلم ماسته‌ری له‌ زانستی سیاسی‌دا وه‌رگرتوه. له‌و سه‌ردانه‌دا که‌ له‌م دواییانه‌ بۆ کوردستان ئه‌نجامی‌دا سه‌باره‌ت به‌ پرسی ریفۆرم‌و لایه‌نه‌کانی له‌ حیزبه‌ سیاسییه‌کانی رۆژهه‌لاتی کوردستان‌و به‌ تایبه‌ت حیزبی دیموکراتی کوردستان ئه‌م دیمانه‌یه‌مان له‌گه‌ڵ پێك هێنا:

**پ: ده‌زانین که‌ گۆڕانکاری‌و وه‌رچه‌رخانه‌کانن که‌ پێویستیی رێفۆرم‌و گۆڕانکاری ده‌خولقێنن، پێم باشه‌ وه‌ك یه‌که‌م پرسیاری ئه‌م دیمانه‌یه‌ (به‌ سه‌رنجدان به‌وه‌ که‌ ته‌وه‌ری دیمانه‌که‌مان رێفۆرم‌و گۆڕانکاری له‌ حیزبی دێموکراتی کوردستان دایه) باس له‌و گۆڕانکارییه‌ جۆراوجۆرانه‌ له‌ ئاسته‌کانی ناوچه‌، کوردستان‌و جیهان دا روویان داوه‌و پێویستیی رێفورم له‌ حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و به‌گشتی حیزب‌و رێکخراوه‌کانی نێو بزووتنه‌وه‌ی کوردستانیان زه‌ق کردۆته‌وه؟**

و: ئه‌و گۆڕانکارییانه‌ی که‌ له‌م دواییانه‌دا له‌ ئاستی جیهانی و ناوچه‌که‌دا هاتۆنه‌ته‌ ئاراوه‌ ته‌ئسیرێکی راسته‌وخۆیان له‌سه‌ر سیاسه‌تی کوردی له‌ ناوچه‌که‌ دا داناوه. هۆیه‌که‌شی ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌و کۆمه‌لگایانه‌ی ئێمه‌ تێی‌دا ده‌ژین له‌ رۆژهه‌لاتی نێوه‌راستدا له‌ نێوخۆی خۆیاندا له‌ به‌رده‌م ئالوگۆڕ دان‌و کۆمه‌ڵگای ئه‌و ولاتانه‌ی به‌ سه‌ر کوردستاندا حوکمرانی ده‌که‌ن وه‌کوو ئێران‌و عێراق‌و سووریه‌و تورکیه‌ زۆر گۆڕانی به‌ سه‌ردا هاتوه‌، ئاستی خوێنده‌واری و ئاگاهی‌و به‌ تایبه‌تی ئاگاهیی سیاسی له‌وان دا چۆته‌ سه‌ر. ستاتۆی ژیان‌و پێداویستییه‌کان، نیازی خه‌ڵك بۆ وه‌ی ژیانێکی باشتر له‌ رابردووی هه‌بێ به‌رز بۆته‌وه. له‌ باری ئابووری ئه‌م ولاتانه‌ چوونه‌ته‌ پێشه‌وه. هه‌مووی ئه‌مانه‌ ته‌ئسیرێکی وای داناوه‌ که‌ ئه‌و سیسته‌مه‌ سیاسییانه‌ی له‌و ولاتانه‌دا ده‌سه‌لاتیان هه‌یه‌ وه‌لامده‌ری ئه‌م گۆڕانه‌ سیاسی، ئابوری و کۆمه‌لایه‌تییانه‌ نه‌بێ بۆیه‌ که‌وتوونه‌ به‌رده‌م ئاڵوگۆر. جیا له‌وه‌ شتێکی تریش ئێستا له‌ گۆڕێ دایه‌ ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌ ئیمکاناتێکی یه‌کجار زۆر بۆ پێوه‌ندی له‌ نێوان خه‌ڵکی کوردو دانیشتووانی ئه‌م ولاتانه‌ له‌ نێوخۆو له‌ گه‌ڵ دنیای ده‌ره‌وه‌ پێك هاتووه. ئه‌م ئیمکانه‌ که‌ له‌ رێگای پێشکه‌وتنی تێکنیکی کۆمونیکاسیون و موبادله‌ی بیرو راو زانینی ئالۆگۆڕه‌کان له‌ گۆشه‌و که‌ناری دنیادا، کاریگه‌ریی له‌ سه‌ر بزووتنه‌وه‌ سیاسییه‌کان به‌ تایبه‌ت بزوتنه‌وه‌ی کورد به‌ گشتی داناوه. جگه‌ له‌مانه‌ پێداچوونه‌وه‌ به‌ چه‌مك و دیسکۆرسه‌ سیاسییه‌کان یه‌کێك له‌ تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی سه‌رده‌می ئێستایه. ئه‌مانه‌ هه‌مووی کارێکی وایان کردوه‌ که‌ ره‌وتی سیاسیی کورد، روانگه‌ی سیاسیی کوردو ته‌نانه‌ت شێوازی کاری سیاسی‌و حیزبایه‌تیی کورد له‌ کوردستاندا له‌ گه‌ڵ بارودۆخێکی نوێ رووبه‌رووبێ. حیزبی سیاسی‌و بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی کورد به‌ شێوه‌ی پێشوو، سیاسه‌تڤانانی کورد به‌ روانگه‌ی پێشووه‌وه‌ ناتوانن سیاسه‌ت بکه‌ن. به‌ واتایه‌کی‌تر ستروکتۆرو روانگه‌و بۆچوون‌و شێوازی کاری پێشوو دژبه‌ره‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌لومه‌رجه‌ سیاسییه‌ی که‌ ئێستا پێك هاتووه.

بزووتنه‌وه‌ی کورد به‌گشتی هاتۆته‌ نێو هه‌لومه‌رجێکی نوێوه. پێشتر خه‌باتی چه‌کداری‌و شاخ زۆر به‌هێز بوو به‌تایبه‌تی له‌ رۆژهه‌لاتی کوردستاندا. ئێستا ده‌بینین ئه‌م خه‌باته‌ دامرکاوه‌و شێوازی تری خه‌بات هاتۆته‌ مه‌یدان و زاڵه‌ به‌سه‌ر بزووتنه‌وه‌که‌دا، ئه‌ویش خه‌باتی سیاسی، چالاکیی رۆشنگه‌ری، خه‌بات بۆ دروست کردنی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی مه‌ده‌نی‌و دێموکراتیخوازییه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی ناچه‌کداری. دێپلۆماسی به‌ شێوه‌ی رابردوو باوی نه‌ماوه. هه‌موو ئه‌وانه‌ بۆته‌ باعیسی ئه‌وه‌ی که‌ حیزبی سیاسی‌و بزووتنه‌وه‌ی سیاسی ده‌بێ ئالوگۆڕ له‌ خۆی دا پێك بێنێ. ئه‌گینا ئه‌و شه‌رایه‌ته‌ سیاسییه‌ی که‌ پێك هاتوه‌، ئه‌و نه‌سله‌ تازه‌یه‌ی که‌ له‌ کۆمه‌ڵگاکانی کوردی له‌ هه‌ر چوار به‌ش هاتوونه‌ته‌ مه‌یدان، خاوه‌نی بیری نوێ و پێداویستی نوێیه‌ و تێکه‌ڵییان به‌ مه‌سایلی سیاسی‌و رۆشنبیریی پتره‌ نیسبه‌ت به‌ رابردوو. ئه‌مانه‌ هه‌روه‌ها پێویستی به‌ تاریفێکی نوێ له‌ سیاسه‌ت‌و له‌ کاری سیاسی‌و هتد هێناوه‌ته‌ ئاراوه. پێشتر له‌ دایره‌یه‌کی مه‌حدوود داو له‌لایه‌ن پارته‌ سیاسییه‌کانه‌وه‌ ریوایه‌ت له‌ کاری سیاسی‌و شۆرش‌و شۆڕشگێری ده‌کرا. ئێستا سیاسه‌ت چۆته‌ هه‌موو بنه‌ماڵه‌کانه‌وه‌، سیاسه‌ت به‌ مانه‌یه‌ك دروست کردنی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی پێشکه‌وتووه. هه‌ر له‌ نێو شارو دێهاته‌کانی کوردستاندا، به‌و پێیه‌ خه‌ڵك ئاگاهی‌و زانیاریی چۆته‌ سه‌ره‌وه‌، به‌و پێیه‌ش ده‌خاله‌ت ده‌کا له‌ ده‌سه‌ڵات‌و له‌ کاری سیاسی ته‌نانه‌ت له‌ کاری حیزبه‌ سیاسییه‌کاندا. ئه‌و چوارچێوه‌ به‌رته‌سکه‌ی پێشوو له‌ کاری سیاسی‌دا داوێنێکی به‌رbڵاو و مه‌ودایه‌کی به‌رینی به‌ خۆوه‌ گرتوه.



**ئه‌و ساختاری ته‌شکیلاتیه‌ی که‌ هه‌تا ئێستا هه‌بووه‌، ئه‌و روانگه‌یه‌ی که‌ حیزبه‌کانمان بوویانه‌ ده‌بێ گۆڕانێکی جیددیان به‌سه‌ردا بێ بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن وڵامده‌ری وه‌زعی ئێستا بن‌و تووشی ناته‌بایی به‌ینی کۆن‌و نۆی، به‌ینی شاخ‌و شار به‌ینی ستراکتۆرو لێکدانه‌وه‌ی شێوازی کاری ٢٠ـ٣٠ ساڵ له‌وه‌ پێش له‌گه‌ڵ ئێستادا نه‌بن**

حیزبی سیاسی دیارده‌یه‌کی مۆدێرنه. پارته‌ سیاسییه‌کانی کورد له‌و قه‌واره‌ مۆدێرنه‌ که‌ڵکیان وه‌رگرتوه‌ به‌ڵام ئه‌م قه‌واره‌یه‌ ناته‌بایی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و وه‌زعه‌ سیاسییه‌ی ئه‌وڕۆ. ئه‌و ساختاری ته‌شکیلاتیه‌ی که‌ هه‌تا ئێستا هه‌بووه‌، ئه‌و روانگه‌یه‌ی که‌ حیزبه‌کانمان بوویانه‌ ده‌بێ گۆڕانێکی جیددیان به‌سه‌ردا بێ بۆ ئه‌وه‌ی بتوانن ولامده‌ری وه‌زعی ئێستا بن‌و تووشی ناته‌بایی به‌ینی کۆن‌و نۆی، به‌ینی شاخ‌و شار به‌ینی ستراکتۆرو لێکدانه‌وه‌ی شێوازی کاری ٢٠ـ٣٠ ساڵ له‌وه‌ پێش له‌گه‌ڵ ئێستادا نه‌بن. له‌ به‌ینی ئه‌و تێزو ئانتی تێزه‌دا ده‌بێ سه‌نتزێك بێته‌ ئاراوه‌، ئه‌ویش به‌و رێفۆرمه‌ ده‌کرێ که‌ باسی لێده‌کرێ.

**پ: وه‌ك ئاماژه‌ت پێ‌کرد کۆمه‌ڵێك وه‌رچه‌رخان‌و گۆڕانکاریی گرنگ‌و هه‌مه‌لایه‌نه‌ له‌ هه‌موو ئاسته‌کان دا پێك هاتوون که‌ پێویستیی ریفۆرمیان کردۆته‌ پێویستییه‌کی ژیانه‌کی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، هه‌ر به‌م پێیه‌ش خۆبواردن له‌ ریفۆرم وه‌ك له‌ رابردووش دا دیتمان ئه‌م حیزبه‌ی تووشی قه‌یرانێکی قووڵ‌و هه‌مه‌لایه‌نه‌ کرد. لێره‌دا به‌ پێویست ده‌زانم به‌ سه‌رنجدان به‌وه‌ که‌ زیاتر له‌ ساڵێك له‌وه‌پێش له‌ وتارێکی درێژ دا باست له‌لایه‌نه‌کانی ئه‌م قه‌یرانه‌ کردبوو، لایه‌نه‌کانی ئه‌م قه‌یرانه‌ زیاتر بخه‌یته‌ روو بۆ ئه‌وه‌ی له‌به‌ر رووناکایی ئه‌و باشتر پێویستیی ریفۆرم له‌و لایه‌نه‌ی ژیان‌و چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا باشتر خۆ بنوێنێ؟**

و: به‌ هه‌ر حاڵ وه‌کوو له‌ وڵامی پرسیاری یه‌که‌م دا ئاماژه‌م پێدا له‌ راستیدا هۆکاری سه‌ره‌کیی ئه‌و قه‌یرانه‌ی که‌ ئێستا به‌رۆکی ئه‌حزابی سیاسیی کوردی گرتۆته‌وه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ خۆنه‌گونجاندنی ئه‌م حیزبانه‌ یه‌ك له‌وان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. روانگه‌و توانامه‌ندیی سیاسی‌و فکریی رێبه‌ریی سیاسیی حیزبه‌کان له‌ عۆده‌ی ئه‌و نیازه‌ نه‌هاتوون که‌ ئه‌مرۆکه‌ سه‌باره‌ت به‌ ته‌حلیلێکی دروست له‌ کۆمه‌ڵگه‌کان‌و ره‌چاوکردنی شێوازی نوێی خه‌بات، ته‌حه‌مولی بیروڕای جیاوازو دیدێکی کراوه‌ی سیاسی نیسبه‌ت به‌ کۆمه‌ڵگه‌ به‌تایبه‌ت خوێندنه‌وه‌یه‌کی دروست له‌ نیازه‌کانی ئه‌و نه‌سڵه‌ نوێیانه‌ی که‌ ئه‌مڕۆکه‌ هاتوونه‌ته‌ مه‌یدان و له‌ بواری کاری سیاسی‌و کولتووری‌و رۆشنگه‌ریدا چالاکن. لایه‌نێکی دیکه‌ که‌ حیزبی سیاسیی غافلگیر کردوه‌ مه‌سه‌له‌ی چالاکی بۆ یه‌کسانی و مه‌سه‌له‌ی ژنانه. ئێستا ره‌وتی فێمینیستی له‌ په‌راوێزی پارته‌ سیاسییه‌کانه‌وه‌ له‌ حالی شکڵ گرتن دایه.

ئه‌وانه‌ هه‌مووی هۆکاری ئه‌سڵین که‌ ئه‌م حیزبه‌ سیاسییانه‌ یا بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازیی کوردی به‌گشتی تووشی قه‌یران کردوه. قه‌یرانه‌که‌ له‌وه‌ دایه‌ که‌ ئه‌و حیزبانه‌ زۆر به‌ که‌می ئاماده‌ کاریی ئه‌وه‌یان تێدایه‌ خۆ بگونجێنن له‌گه‌ڵ ئه‌و وه‌زعه‌ نوێیه. وه‌ڵامی ئه‌و پرسیارانه‌ ناده‌نه‌وه‌ که‌ گۆرانکارییه‌کان له‌ کۆمه‌ڵگای کوردستان‌و ئه‌و شه‌رایه‌ته‌ سیاسییه‌ تازه‌یه‌دا خستویه‌ته‌ به‌رده‌م ئه‌و حیزبانه. گۆڕان له‌ حیزبه‌ سیاسییه‌کاندا زۆر که‌م و لاوازه‌ له‌ ئاست ئه‌وه‌ی سه‌رده‌مه‌که‌ ده‌یخوازێ. هۆیه‌که‌ی ئه‌وه‌یه‌ که‌ ئه‌و نۆرم‌و کولتووره‌ کۆنه‌ ته‌شکیلاتی و ئه‌و روانگه‌ سیاسی و فیکرییانه‌ی که‌ پێشتر به‌ سه‌ر ئه‌م حیزبانه‌ و بزووتنه‌وه‌ی کورد دا زاڵ بوو به‌ ئاسانی لاناچێ‌و پێویستی به‌ پرۆسه‌یه‌ك و هێزی وه‌گه‌رخستن هه‌یه.

ئه‌و ئه‌هرومی فشاره‌ ده‌بێ رووناکبیران، رووناکبیران چ له‌ نێوخۆی ئه‌و حیزبانه‌و چ له‌ ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و حیزبانه‌ بن‌و کاریگه‌ری خۆی دابنێ. فاکتۆری ده‌ره‌کییش له‌ ناوچه‌که‌و له‌ ئاستی جیهانیش ده‌توانێ یارمه‌تیده‌ر بێ بۆ گۆران له‌م حیزبانه‌ به‌ تایبه‌ت له‌ ئاستی رێبه‌رایه‌تیی بزووتنه‌وه‌ی کورد که‌ گۆڕان له‌ خۆیاندا پێك بێنن. ئێستا بزووتنه‌وه‌ی سیاسیی کورد له‌ نێو پرۆسه‌ی ئاڵ‌و گۆڕدا ده‌ژی. کام حیزب تێگه‌یشتنێکی سه‌رده‌میانه‌ی له‌م قه‌یرانه‌ هه‌بێ و هه‌وڵی چاکسازی و ریفۆرم بدا شانسی له‌ به‌رزکردنه‌وه‌ی رۆڵ و پارسه‌نگی خۆی له‌ بزوتنه‌وه‌ی کورد له‌ ئێستا و داهاتودا پتر ده‌بێ. یه‌ك دوو ساڵ له‌وه‌پێش باسی قه‌یران له‌ حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارته‌ سیاسییه‌کانی دیکه‌ هاته‌ به‌ر باس. به‌شێکی زۆر له‌ سه‌رکردایه‌تیی حیزبه‌کان یان گاڵته‌یان پێی ده‌هات یان باسه‌که‌یان به‌ جیددی وه‌رنه‌گرت. هه‌ر بۆیه‌ ئه‌و لێك جیابوونه‌وه‌و لێك دابڕانانه‌ی له‌ ئه‌حزابی سیاسیی کوردی له‌و چه‌ند ساڵه‌ی دوایی‌دا هاته‌ دی یا ئه‌و کێشانه‌ی ئێستا له‌ نێو به‌شێك له‌ حیزبه‌ کوردییه‌کاندا هه‌ن، ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ که‌ به‌ پیری وه‌ڵامی نیازه‌کانی گۆرانکاری‌یه‌وه‌ نه‌چوون.

بۆ نموونه‌ ئه‌وه‌ی که‌ باسی ئه‌و وتاره‌ی منت کرد که‌ ساڵ‌و نیوێك له‌وه‌ پێش بڵاو بۆوه‌، ئه‌من له‌و وتاره‌ دا ئاماژه‌م پێدا که‌ ئه‌حزابی سیاسی، له‌ باری فیکرییه‌، له‌ باری بینشی فیکرییه‌وه‌، پێویسته‌ بۆخۆیان خوێنده‌وه‌ی خۆیان هه‌بێ، پێویسته‌ ستراتیژییه‌کی روون‌و شه‌فافیان هه‌بێ بۆ کاری سیاسی. به‌ تایبه‌ت رووی باسه‌که‌م له‌ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. که‌چی به‌داخه‌وه‌ زورینه‌ی خاوه‌ن ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و کاته‌ی حیزب هیچ یه‌ك له‌و ده‌نگ و باسانه‌ی پێوه‌ندیدار به‌ قه‌یرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێرانیان به‌ جیددی وه‌رنه‌گرت. هه‌ر ئه‌م به‌ پیره‌وه‌ نه‌چوونه‌ ئه‌م حیزبه‌ی به‌ره‌و له‌تبوون برد.

ئه‌حزابی کوردی ئێستاش به‌ شێوه‌یه‌کی گشتی هه‌ر له‌ سه‌ر قه‌واره‌ی پێشوو، له‌ سه‌ر روانگه‌ی رابردووو به‌ ستراتیژیی نادیاره‌وه‌ ده‌چنه‌ پێش. هه‌تا ئێستاش هیچ فیکرێکی جیددی بۆ بینانانی کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی مه‌ده‌نی له‌ ئارا نیه. ئه‌م ئه‌رکه‌ به‌ کاری دوارۆژ داده‌ندرێ. له‌ حاڵێکدا ئێستا ئێمه‌ ده‌بینین راسته‌وخۆ له‌ گه‌ل ئه‌م پێویستیه‌ رووبه‌رووین. له‌ باشووری کوردستان که‌ ده‌سه‌ڵاتی کوردی بڕیارده‌ره‌، ئه‌م ده‌سه‌ڵاته‌ گرفتی له‌گه‌ڵ دروست کردنی کۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی هه‌یه. ئێستا له‌ نێوان حیزبه‌ سیاسییه‌کان‌و خه‌ڵك بۆشاییه‌کی مه‌ودا به‌رین په‌یدا بووه‌، ئه‌وه‌ی که‌ پێی ده‌ڵێن گه‌نده‌ڵی له‌ واقیعدا ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی که‌ سیاسه‌تی کورد له‌ باشووری کوردستان ستراتیژییه‌کی شه‌فافی بۆ بنیاتنانی کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی‌و سازه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی و کولتوورییه‌کانی له‌ رۆژه‌ڤی خۆی‌دا نه‌بووه. پرۆژه‌ی به‌ دێموکراسی و مه‌ده‌نیکردنی کۆمه‌ڵگا له‌ سه‌رێوه‌ دابه‌زیوه.

له‌ رۆژهه‌لاتی کوردستانیشدا ئه‌حزابی سیاسی تا ئێستاشی له‌گه‌ڵ بێ، خۆیان به‌ ته‌واوه‌تی ساخ نه‌کردۆته‌وه‌ که‌ بزووتنه‌وه‌ی کورد یا به‌ واتایه‌کی‌تر ناسیۆنالیزمی کورد به‌ره‌و کوێ ئه‌روا. ئه‌مه‌ لایه‌کی ئه‌و قه‌یرانه‌یه‌ که‌ ئه‌حزابی سیاسی وه‌ڵامێکی روونیان پێ نه‌داوه‌ته‌وه. له‌لایه‌ك ئالای کوردستان هه‌ڵ ده‌درێ‌و سروودی نه‌ته‌وایه‌تی لێ ده‌درێ‌و باسی ده‌وڵه‌تی نه‌ته‌وه‌یی بۆ کورد ده‌کرێ، له‌ لایه‌کیش هه‌وڵ ئه‌وه‌یه‌ که‌ به‌ جۆرێك نه‌ته‌وه‌ی حاکم و بانده‌ست رازی بکرێ که‌ کورد ته‌جزیه‌ ته‌ڵه‌ب نین. هه‌ر ئه‌و فکره‌ی پێشوو که‌ له‌ ژێر سایه‌ی سیاسه‌تی واقعبینانه‌دا هه‌وڵ ده‌درا خۆمان بگونجێنین له‌گه‌ڵ به‌رژه‌وه‌ندیی نه‌ته‌وه‌کانی تر. زۆر جار پارته‌ سیاسییه‌کان ده‌که‌ونه‌ ناو وه‌قایعه‌کانه‌وه‌ ئه‌مجار بیری لێ ده‌که‌نه‌وه. له‌به‌ر ئه‌وه‌ له‌ ئه‌حزابی سیاسیی کوردی‌دا ئێستاشی له‌گه‌ڵ دا بێ، خوێندنه‌وه‌یه‌کی خۆیی‌و خۆ ساغکردنه‌وه‌ی فیکری به‌کاری جیددی دانالێن‌و تا راده‌یه‌ك به‌کاری لاوه‌کی دائه‌نێن. ئێمه‌ ئێستاش پابه‌ندی قه‌یدو به‌ندی کاری رووتینی‌و ئه‌و نۆرماتیڤه‌ی پێشووین که‌ له‌ رابردوودا به‌ سه‌رمان دا زاڵ بووه. کار ده‌که‌ین بێ ئه‌وه‌ی بزانین کار بۆچی ده‌که‌ین‌و سنوورێك بۆ ده‌سکه‌وته‌کانمان دیاری بکه‌ین.

مه‌یدانی کار له‌ شاخه‌وه‌ بۆ شار گوازراوه‌ته‌وه. ئه‌مه‌ له‌ واقیعدا ته‌نیا گۆڕان له‌ شێوه‌ی کاری چه‌کدارییه‌وه‌ بۆ غه‌یری چه‌کداری نیه‌ به‌ڵکوو کارتێکه‌ریی له‌ سه‌ر باری فیکرییش هه‌یه. تۆ پێشتر پایه‌گاکانت، دێهاته‌کان و شاخ بوون، ئه‌مڕۆکه‌ پایه‌گات له‌ نێو شاره‌کانه‌، ناڕه‌زایه‌تیی خه‌ڵکه‌، نێو گۆڤاره‌کانه‌، نێو ئه‌نجومه‌ن‌و سه‌ندیکاو شوراو ئیجتماعه‌ کوردییه‌کانه‌ له‌ شاره‌ گه‌وره‌کان دان. گرفت ئه‌مه‌یه‌ که‌ له‌ واقیعدا مه‌یدانه‌که‌ گۆڕاوه‌ به‌ڵام فکرو سیاسه‌تی زال بۆکاری سیاسی‌و رێکخستن له‌و مه‌یدانه‌وه‌ بۆ ئه‌و مه‌یدانه‌ نوێیه‌ نه‌گۆڕاوه. نه‌گۆڕینی شێوازی ئه‌و کاره‌ ته‌شکیلاتییه‌ش یه‌کێك له‌ هۆکاره‌کانی ئه‌و قه‌یرانه‌یه‌ که‌ ئه‌حزابی سیاسیی کورد تووشی هاتوون.

ئێستا که‌ ده‌بینین ئه‌و گۆڕانکارییانه‌ پێك نه‌هاتوون حیزبه‌ سیاسییه‌کان، به‌ تایبه‌تی له‌ رۆژهه‌لاتی کوردستان له‌ حاڵه‌تی ئۆردووگایی‌دا ده‌ژین، له‌ ده‌ره‌وه‌ی ولاتدا ده‌ژین، تا راده‌یه‌ك دوور که‌وتوونه‌ته‌وه‌ له‌ کۆمه‌ڵگه‌، ئه‌م حیزبانه‌ سه‌رقاڵی هێندێك مه‌سایلی ته‌شکیلاتین. ئه‌وه‌ی جێگای هومێده‌ ئه‌و باسه‌یه‌ که‌ سه‌باره‌ت به‌ ریفۆرم و خۆگونجاندن له‌گه‌ڵ شێوازی نوێی کار له‌و مه‌یدانه‌ نوێیه‌دا له‌ هێندێك له‌ حیزبه‌ سیاسییه‌کان به‌ تایبه‌ت له‌ نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان له‌ ئارا دایه.

# گەڕانەوە لە لێواری مەرگەوە

ئامادەكردنی: عەلی بداغی




لە مێژ ساڵە ئیعتیاد بە مادده هۆشبەرەكان سنووری دیاردە كۆمەڵایەتی‌یەكانی لە ئێران دا بەزاندوەو وەك قەیرانێكی قووڵی كۆمەڵایەتی بەرۆكی خەڵكی ئێرانی گرتوە. قەیرانێك كە بە قسەی خودی بەرپرسانی رێژیم، رۆژبە رۆژ پتر قوربانیانی هەڵ دەلووشێ‌و رێژیم‌و دامودەزگا پێوەندیدارەكانی دەستەوەستان‌و تووشی شكست‌و ناكامی كردوە.

ئامارە رەسمی‌یەكان ئەوە پتر لە ١٠ ساڵە! بەردەوام باس لە بوونی ٢ میلیون موعتاد لە كۆمەڵگای ئێران دا دەكەن، ئامارە غەیرە رەسمی‌یەكانیش ئەو رێژەیە بە ٦تا٨و هێندێكشیان بە ١٠ میلیون كەسی دەقەبلێنن. گرینگ لێرەدا ئەوەیە كە ئەم قەیرانە رۆژبە رۆژ زیاتر لە ئێراندا پەرە دەستێنێ، تەمەنی تووشبووان تا دێ نزمتر دەبێ، پێی ئەم بەڵا ماڵوێرانكەرە بۆ قوتابخانەكانی ناوەندی‌و تەنانەت سەرەتاییش كراوەتەوە، ئیعتیاد لە نێو كچان‌و ژنانیش دا تا دێ پتر خۆی دەردەخا. گرینگتر لەوەش ئەوەیە كە ئیعتیاد، پەرەسەندنی خەسارە كۆمەڵایەتی‌یەكانی دیكەشی لێ كەوتۆتەوە. رێژەی تەڵاق، مندالانی سەرشەقام، نەخۆشیی ئێیدز، لەشفرۆشی‌و خۆكوژی بەردەوام لە ئێراندا دەچنە سەرێ‌و هۆكاری سەرەكیی ئەم بەرز بوونەوەیەش، قووڵبوونەوەو پەرەسەندنی قەیرانی ئیعتیاد لە كۆمەڵگای ئێران دایە. گرینگتر لە هەمووی ئەوانەش داننانی بەرپرسانی رێژیم بە شكست‌و سەر نەكەوتنی كۆماری ئیسلامی لە كۆنترۆڵ‌و راگرتنی رادەی خەسارەكانی ئەم قەیرانە كۆمەڵایەتی‌یەو بێ‌ئاكام مانەوەی بەناو بەربەرەكانی‌و خەبات دژی ئەم قەیرانەیە.

لە بازاری ئێران دا ١٧٠٠ جۆر ماددەی سڕكەری شیمیایی، سەنعەتی‌و سوننەتی هەیە. [1] كە گاریگەریی مەنفیی مادده سڕكەرە شیمیایی‌یەكان بەهۆی نەبوونی زانیاریی ئەوتۆ لە سەر جۆری ئەو ماددانەو نەناسراو بوونیان قورسترین زەبری لە كۆمەڵگای ئێران وەشاندوە. پتر لە ٣ میلیون موعتادی ئێران ئێیدزیان هەیەو ئەگەر نەشیان بێ بەردەوام مەترسیی تووشبوون بەو نەخۆشی‌یەیان لەسەرە. [2]

قاچاغچیانی مادده سڕكەرەكان باشترین "مصونیت"ی گرتن‌و زیندانی كرانیان لە ئێران دا هەیە. بڵاو بوونەوەی مادده هۆشبەرەكان لە ئاكامی هەڵوەرینی ئەو جۆرە ماددانەدا نیە كە لە رێگەی ئێرانەوە دەچنە ئورووپاو دەرەوە. بەڵكوو بە شێوەیەكی تەواو سیستماتیك لە كۆمەڵگای ئێران دا بڵاو دەبێتەوە. مەهدیی ئەیووبی، بەرپرسی پێشووی بەناو ناوەندی خەبات دژی مادده هۆشبەرەكان بە ئاماژە بەناوی سەرۆكی چەند باندێكی قاچاغ‌و بڵاو كردنەوەی مادده سڕكەرەكان لە ئێران دا ( كە بە قەولی خۆیان دوای ساڵەها راوەدوونان‌و شەڕو پێكدادان توانیبوویان لە داویان بخەن‌و بیانگرن) دەڵێ كە ئەو كەڵە قاچاغچی‌یانە تەنانەت كەمتر لە چەند مانگ لە زیندان دا ماونەتەوەو بەرهەڵدا كراون. [3] لە كاتێكدا حوكمی داداگای ئەوانە ئیعدام‌و زیندانیی تاهەتایی بووە.

لەوەها دۆخێك دا كە هەر لە بنەڕەت دا شتێك بەناوی خەبات دژی مادده هۆشبەرەكان‌و كەمكردنەوەی خەسارو زیانەكانی ئەو دیاردە ماڵوێرانكەرە لە ئێرانی ئیسلامی‌دا لە گۆڕێ دانیە، ئاسایی‌یە كە "ساڵانە ٨٪ بە ئاماری حەشیمەتی موعتادەكانی ئێران زێدە ببێ." [4]

ئیعتیاد ساڵانە پتر لە ١٠٠٠٠ میلیارد تمەن زیان بە ئابووریی ئێران دەگەیەنێ، ٤٧٠٠ میلیارد تمەنی ئەو بڕە پارەیە لە گیرفانی كڕیارە موعتادەكان دێتە دەرێ‌و بە نەسیبی قاچاغچی‌و مەواد فرۆشەكان دەبێ‌و ٢٦٠٠ میلیارد تمەن بەرواڵەت دەوڵەت بۆ بەربەرەكانی دژی قاچاغ‌و كۆكردنەوەی مەواد لە بازارەكانی ئێران‌و دەرمان‌و پێشگیری لە پەرە سەندنی ئیعتیاد خەرجی دەكاو ٢٧٠٠ میلیارد تمەنیش زیانی دەرەنجام‌و ئاكامی ئەو خەسارە كۆمەڵایەتی‌یانەن كە لە سۆنگەی ئیعتیادەوە بە سەر كۆمەڵگەدا دەسەپێ‌و دەبێ خەڵك تاوانەكەی بدەن. [5]

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە كە كلكەی زۆربەی كارتێلە ئابووری‌یەكانی قاچاغ‌و فرۆش‌و ترانزیتی مادده هۆشبەرەكان لە ئێران دا بە بەرپرسە پایەبەرزو پلە یەكەكانی رێژیم‌و فەرخە ئاغاكان دەگاتەوە كە بازرگانی‌و ترانزیتی مادده سڕكەرەكان لە ئێران دا هیدایەت دەكەن‌و هۆكاری سەرەكیی ناكارامەیی رێژیمیش لەو بەناو بەربەرەكانی‌یەدا هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە.

رێژیم تا ئێستا كەمترین هەزینەی بۆ بەرنامەرێژیی بەرگیری‌و ئامووزشی‌و دەرمان‌و بەربەرەكانیی فیزیكی وەك سێ هێڵی سێگۆشەی خەبات بۆ نەهێشتنی ئیعتیادو مادده هۆشبەرەكان كردوە، بۆ هەركام لەوانەش هۆی سەرەكی هەیە، خەرجی بۆ بەرگیری‌و ئامووزش دانانێ؟ چونكی نایهەوێ زانیاری‌یەكانی پێویست لە بارەی ئاكام‌و دوا دەرەنجامەكانی ئیعتیاد بە خەڵكی بەتایبەت لاوان‌و مێرمندالان بگا، دەرمانیش هەزینەو خەرجێكی یەكجار زۆری وەك دابینكردنی كارو مشوور خواردنی گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی دەوێ‌و سەبارەت بە خەباتی فیزیكییش دەبێ بڵێین كە تا ئێستا چەقۆ نەبووە دەسكی خۆی ببڕێ‌و داهاتوویەكی روونیش بۆ گۆڕان لەم واقیعە بەم مێتودو عەقڵییەت‌و لەم سیستەمەدا بەدی ناكرێ.

**سەرچاوەكان:**

**١ـ هەواڵدەریی فارس، ١٤ی بانەمەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی**

**٢ـ وتاری دوكتور كامەران عەلایی، بەڕێوەبەریی ئەنیستیتۆی پارس لە بەشی بێهداشتی گشتیی زانكۆی لوس ئانجلێس، مای ٢٠٠٧**

**٣ـ راپۆرتی هەواڵنێری هەواڵدەریی فارس، ئەفشین شاعیری، سەرماوەزی ١٣٨٥**

**٤ـ سەید موئەیید عەلەویان، جێگری بەشی ساخلەمەی وەزارەتی بێهداشت، راپۆرتی BBC ٨٥/٤/٢٦**

**٥ـ حەمەرەزا خەتیبیان، بەرپرسی نووسینگەی رێكخراوە ناودەوڵەتی‌یەكانی ستادی خەبات دژی مادده سڕەكەرەكان**

****

## چێژی تەرك كردن زۆر زیاترە لە چێژی كێشان

(ن.ب) ٢٦ ساڵی تەمەنە، تا سێهەمی ناوەندی خوێندوویەتی‌و دواتر لە نانەواخانە كاری كردوە. ناوبراو ٨ ساڵ مەواددی موخەدیری مەسرەف كردوە خۆی گوتەنی ئەوەی بەردەستی كەوتبێ، تامی كردوە. (ن.ب) ی ماندووو شەكەت، بێ وازو لاواز، وەڕەز لە خۆی‌و ژیان، تروسكایی ئومێدێك لەزەلكاوی ئیعتیاد دەردەكێشێ‌و گیانێكی نوێی بە بەردا دەكاتەوە. ناوبراو بە دڵێكی ئاوەڵا لە گەڵمان دادەنیشێ‌و بەسەرهاتی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

ـ چۆن بوو بۆ یەكەمجار ماددەی هۆشبەرت بەكار هێنا؟ كەی‌و چۆن بوو؟


ـ خۆپێشاندانی خەڵكی بۆكان بۆ پشتگیری لە ئۆجەلان بوو. ساڵی ٧٧ كە ئۆجەلان گیراو خەڵكی كوردستانیش راپەڕین، ئەمن دوایی گیرام، زۆریان لێدام‌و ئەشكەنجە كرام. یەكێك لەو ئەشكەنجانە بۆ ترساندن‌و تۆقاندنم، (جوجە كەباب) كردن بوو. لاقم شكا... بۆ شكانی ژانی لاقم مەوادیان پێ‌دەدام‌و ئەمن نەمدەزانی. دواتر لە زیندان سەربازێك ئەو نەهێنی‌یەی بۆ دركاندم، ئەو گوتی كە بەردەوام تریاكیان بۆ لە چایی كردووم‌و دەرخواردیان داوم.... دوایە بۆخۆم داوام دەكرد.... ئێشم زۆر دەبوو، تەواوی ئێسكی لەشم دەیان زریكاند، بەڵام كە بۆیان دەهێنام، ئەهوەن دەبوومەوە.

(ن.ب) دوای بەربوونیشی لە زیندان واز لە تریاك ناهێنێ. چونكی وەك بۆ خۆی دەڵێ هەم ئێش‌و ژانی زۆر بووەو هەم قەتیش پێی وا نەبووە موعتاد دەبێ‌و چارەنووسێكی تاڵ‌و پڕ مەرگەسات تووشی دەبێ. (ن.ب) دەڵێ نەك پێم وانەبوو گیرۆدە دەبم، پێم وانەبوو قەت كەسانی دەوروبەرو تەنانەت بنەماڵەكەشم رۆژێ بزانن كە ئەمن مەواد مەسرەف دەكەم.

(ن.ب) ٣ ساڵی دیكەش تریاك دەكێشێ، دوایە روو دەكاتە هێرۆئین. دەڵێ لە پڕ تریاك گران بوو، سەرەڕای گرانی دەستیش نەدەكەوت بەڵام هێرۆئین وەك خیزو خۆڵ‌و زۆریش هەرزانتر لە هەموو جێیەك دەست دەكەوت. گیرایی‌یەكەشی زیاتر بوو. كەس بەو پیلانەی رێژیمی نەدەزانی. ئەمن ئەگەر بمزانیبایە بەستراوەیی هێرۆئین ئەوەندە زۆرە، دەمم لێ نەدەدا.

كۆتایی مەوادی رەش لە ژیانی موعتادیی (ن.ب)و هاورێیانی‌و رووتێكردنیان بۆ گەردی سپی، دەسپێكی رۆژە رەشەكانی ژیانیان بوو. (ن.ب) دەڵێ رۆژانی یەكەم‌و دووهەم باش بوو... هەرزان بوو... بە هێز بوو... بەڵام دوایە دەرەقەتی نەدەهاتین لە رۆژی یەك "بەست"و دوو بەستەوە گەیشتبووینە ٢٠ــ ٣٠ بەست. بە كێشان چێژێكی ئەوتۆمان پێ نەدەگەیشت، فێری تەزریق‌و گەڕان بە دەوای دەمارەكانی لەشیش بووین.

(ن.ب) چاو دەكاتەوەو لە دەوروبەر دەروانێ، توانای بینینی دیمەنەكانی هەیە، مێر مندالێكی ١٥ ساڵە دوو بەست هێرۆئین لە بەر چاوی (ن) لە فرۆشیار وەردەگرێ، كزە لە جەرگی



(ن) هەڵدەستێ، بەڵام بێدەنگ سەری دادەخاو پێش دەخواتەوە. دوێنێ یەكێك لە رەفیقەكانی دۆستە كچەكەی هێنا بووە پارك‌و فەرمووی كردبوو. كچەكە لەپێشدا قایل نەبوو، بەڵام زوو خۆی بەدەستەوە دابوو... وێنەی ئەو كچانە چ زۆرو خەڵكی موعتادیش لەگەڵ یەكترو دەوروبەر چەند بێ بەزەیی...

لە (ن.ب) دەپرسم خەرجی كڕینی مەواددتان چۆن دابین دەكرد؟ بە بزەیەكی تاڵەوە دەڵێ: چۆنمان دابین دەكرد؟! دەبوا دابینمان كردبا... لە هەر رێگەیەك‌و بە هەر نرخێك... كەسی موعتاد بەرگەی ژان‌و ئێشی خوماری ناگرێ، بۆیەش مل بۆ هەر كارێكی بەجێ‌و نابەجێ رادەكێشێ...

ئەگەر نەیبێ سواڵ دەكا... دزی دەكا... دەست بۆ هەر كارێك‌و كردەوەیەكی ناحەز درێژ دەكا...

ئەو مەوادی دەوێ‌و بۆ ئەو هیچ شتێك لەوە گرنگتر نیە... لەو كاتانەدا غیرەت، شەرەف، ناموس... بنەماڵە پولێكی رەش ناهێنێ... ژیانی چەندان كەس لەم سۆنگەیەوە لەبەر یەك هەڵوەشا.... غرورێكی چەند زۆر كە خرانە ژێر پێلەقەو ناموسێكی زۆر كە بۆ بەستێك گەردی هێرۆئین فرۆشرا...

هێرۆئین هەرزان‌و زۆر... لە سەری هەموو كۆڵانێك، لە سووچی هەر شەقامێك، لە پارك‌و شوێنە



گشتیی‌یەكان‌و لە هەموو جێیەك دەست دەكەوت، بە تەلەفونیش بۆت دەهاتە بەر دەرگای ماڵ، ئەوە تۆ بووی كە پێویستیت بووو زۆریشت دەویست. ئەگەر ئیمكانات‌و پوولت هەبایە ئەوە هیچ، ئەگەریش نا، ئەوە دەبوا گرانترین‌و بە نرخترین بەهاكانی ژیانت بۆ ئەو گەردە هەرزانە دابایە...

مەواددی موخەدیر قاچاغە، تەنانەت كێشانەكەی‌و بەكار هێنانەكەشی تاوانەو سزای هەیە، ئەدی چۆن بەرۆژی روون‌و وا بە هاسانی لە هەموو جێیەك دەستاو دەست دەگەڕێ‌و مەعامەلە دەكرێ، ئەدی هێزەكانی ئینتیزامی‌و ئاسایش‌و...؟ (ن.ب) بە پەرۆشەوە دەڵێ كام هێزی بەرهەڵستكار؟ كام خەبات؟ كام رێگرتن‌و بڵاو بوونەوە؟ كامە مەواد فرۆش هەیە بە دزی مەوادی فرۆشتبێ؟ كێ لەوان گیراوەو لە زیندان دا راگیراوە؟ ١٥ ساڵیش دەبێ خۆ قاچاغچیەكی مەوادی موخەدیریان ئیعدام نەكردوە، وە نەبێ باوەڕیان بە ئیعدام نەبێ. زیندان هەیە، بەڵام تەنیا بۆ كەسی موعتاد. بۆوەی بڵێن ئەوەتا دەگرین‌و دەبڕین... لە زیندانیش چ زۆرە مەوادو حەب... بۆ خۆیان بە زۆر حەبت پێ دەدەن... دەڵێن با ئێشت نەبێ‌و تووشی گرژی دەمار نەبی‌و دوایە بەسەرمان دا ساغ نەبیەوە... تۆ كە لە زیندان دێیە دەرێ، نەك وازت لێ نەهێناوە فێری زۆر شتی خراپتری وەك حەبیش بووی... تازە حەب لەجێی خۆی.. كراك‌و تەمچیزەك‌و دەمچیزەك‌و دەیان ماددەی سڕكەری دیكە كە ئەمرۆ نموونەی بەكارهێنانن لە نێو لاواندا... بەشی زۆری موعتادەكان بۆیەكەمجار لە زیندانەكاندا تووشی ئەم جۆرە مەوادانە دەبن‌و دەرهاتن لە ژێر كاریگەریی ئەوانەش بەراستی كە سەخت‌و دژوارە...

لە (ن.ب) دەپرسم پێت وایە لەبەرچی رۆژ بە رۆژ لاوەكان‌و مێرمندالان پتر لەو زلكاوە دەگلێن؟ ئەو دەڵێ كەسیك كە لە ئامێزی بنەماڵە تەریك دەخرێتەوەو كاتێك هەژاری لە هەموو جێیەك هاوار دەكا، كاتێك لاو بێ هیواو بێ تەمایەو ئاسۆیەكی روون شك نەبا... كاتێك بێكاری‌و فشاری سەختی ژیان لاوەكان دەهاڕێ، كاتێ هیچ وشیاری‌یەك سەبارەت بەدوا ئاكامەكانی ئیعتیاد بە خەڵك نادرێ، كاتێك زۆرترین تەبلیغات‌و جەوسازی بۆ مادده هۆشبەرەكان دەكرێ، كاتێ خەم‌و خەفەت جەرگ‌و دڵت دەردێنێ‌و لەو لاش مەوادی موخەدیری هەرزانت بە ئاسان دەست دەكەوێ، كوڕی ئازای دەوێ تخونی نەكەوێ‌و خۆی بپارێزێ... كاكە گیان! فەزاكە ئامادەیەو مێر مندالان‌و لاوەكانیش فارس گوتەنی "آسیب پذیرن" (لاوازن).

بەو حالەش تەجروبەی تەرك‌و وازهێنان سەركەوتوویە؟ (ن.ب) چۆن توانی شوورەكانی بەستراوەیی برووخێنێ؟ ئەو دەڵێ ئەگەر بەراستی بتهەوێ دەتوانی، سەختەو زۆریش سەختە بەڵام دەتوانی... ئەمن بۆخۆم مادندوو ببووم... چەندەها جار دەمبیست كە دایكم دوعای مەرگی لێ دەكردم... تووك‌و نزای دەرو جیران‌و خەڵكی دیش لە جێی خۆی... ناحەقیان نەبوو... كەسی موعتاد سەرباری كۆمەڵگایە... شار... گەڕەك... بنەماڵە... كۆمەڵگا... هەموویان ناحەز دەكا... هەموویان وێران دەكا... ئەگەر بەو قەناعەتە گەیشتی كە تۆ زیادی‌و لەخۆڕا هەناسە دەدەی، ئەگەر تۆسقالێكیش هیمەت‌و ئیرادەت هەبێ، دەتوانی واز بێنی، دەتوانی بگەڕێیەوە بۆ ژیان... بەڵام هیمەتی خۆت‌و بنەماڵەو كۆمەڵگاشی دەوێ...

قسە زۆرن بەڵام كات‌و بوار كەم، لێی دەپرسم دوا قسەو پەیامت بۆ كۆنە هاورێكانت‌و كەسانی وەك ئەوان: دەڵێ ئەگەر دەنگم پێیان بگا، سادقانە دەڵێم لەززەتی تەرك كردن زۆر زۆر زیاترە لەتام‌و چێژی كێشان. دەتوانن واز بێنن، زەمەنێكی سەختە، كەس بەزەیی بە كەس دانایە، خۆتان فریای خۆتان كەون، ئەودیوی ژیان شیرینە، جوانە، پڕ لە غروورە، هەموو ئەو شتانەی تێدایە كە لە دەستتان داوە، كە لێتان بزر بووە، بەڵام دەتوانن وەدەستیان بێننەوە... بگەڕێنەوە... بگەڕێنەوە...

"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

### لەبیرەوەریی ١٨ هەمین ساڵەی تیرۆرکرانی د.قاسملوو

# چەند سەرنج و پێشنیارێك بۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

هۆشمەند عەلی مەحموود
مامۆستا لە بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە



**سەرەتایەکی کورت...**

د.قاسملوو ١٨ ساڵ لەمەوبەر لە پێناوی هێنانەدیو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمەبەستی بەدیهێنانی خودموختاری بۆ کوردستان و چەسپاندنی دیموکراسی لە ئێراندا، لەسەر مێزی وتووێژ لەلایەن نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ١٩٨٩/٧/١٣ لە ڤییەننای پێتەختی نەمسا تیرۆرکرا.

تیرۆرکردنی قاسملوو وێڕای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەری دانا لەسەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتیو حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی، لە هەمان کاتدا بوو بە گەورەترین ناڕەزایی لەلایەن خەڵکی کوردستان بەتایبەتیو هەندێك لە وڵاتانی ئەورووپی بەگشتی دژ بەکۆماری ئیسلامیی ئێران، لەسەر ئاستی نێوخۆییو نێودەوڵەتی دا.

گومان لەوە دا نیە کە قاسملوو هەم وەك ڕێبەری حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی نزیك بە ٢٠ ساڵ (١٩٧١-١٩٨٩)، وەهەم وەك کەسێتیەکی دیاری نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەنیوەی سەدەی بیستەمی ڕابردوو تا تیرۆرکرانی (١٩٨٩)، چ وەك سیاسییەك، یان وەك ڕۆشن فکرێك خزمەتێکی گەورەی بە گەلەکەی کرد بەمەش ڕۆڵی سیاسیو فەرهەنگیی دیارو بێ وێنەی نواندوە لە ماوەی خەباتی چەند ساڵەی خۆیدا، کە وای کردوە قاسملوو ببێتە کەسایەتییەکی کاریزما، چ لەنێو ڕێبەرانو ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ڕابردووو ئێستاشدا، چ لەنێو بەشێکی زۆری ئوپۆزسیۆنی ئێرانیدا.

لەم بۆنە خەمناکەدا مەبەستمان ئەوە نیە لەم چەند دێرەدا لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئەو سەرکردەیەی کورد بخەینەڕوو، بەڵکوو مەبەستمانە بۆ ڕێبوارانی ڕێگای شەهید قاسملووو ڕێبەرانی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەپێویستی دەزانم چەند پێشنیارێك بخەمە ڕوو بۆ ئەوەی گەر لەئێستاشدا ئیمکانی جێبەجێکردنی نەبێت لە داهاتوودا بیهێننەدی.

ئەمەش بەمانای ئەوەنا کەسایەتییەکانی مێژوومان زیاد لەپێویست گەورە بکەین، بەڵکو قاسملوو بێ ئەم کارانەی داواشی دەکەین جێگای لەدڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز هەیە، چونکە خۆی گەورەیەو پێویستی بەگەورەکردن نیە، بەڵام پێویستە نەوەی نوێ زیاتر پێی ئاشنابنو درێژە پێ دەری ڕێگای بن.

**پێشنیارەکان:**

١- کردنەوەی ناوەندێکی زانستیو ڕۆشنبیری بەناوی شەهید د.قاسملوو، تا هاوکاربێت بۆ توێژەرانو کەسانی زانست خواز، بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، چ لەسەر خودی قاسملوو خۆی بێت یان لەسەر قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەرچەندە لە ماوەی ڕابردوودا هەولێکی وام لەسەر ماڵپەڕی حدکا لەئینتەرنێت بەدی کرد، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بەکردەوە هیچی بۆ نەکراوە.

٢ــ کۆکردنەوەی سەرجەمی نووسینو بڵاوکراوەو ووتارو چاوپێکەوتنەکانی، لە ژێر ناونیشانی (ئینسکلۆپیدیای قاسملوو)، بۆ ئەوەی گەورەییو کارامەیی لەبواری سیاسیو فەرهەنگی دا زیاتر ڕوون بکرێتەوە. جگە لەوەش هەم بۆ توێژەران کارێکی ئاسان دەبێت گەر بیانەوێت لە لایەنە جیاوازەکانی ئەو کەسایەتییە بکۆڵنەوە، هەمیش سەرجەمیان لە فەوتان دەپارێزرێن.

٣- کارکردن بۆ وەرگێڕانی تەواوی نووسینو بڵاوکراوەکانی قاسملوو بۆ سەر زمانە ئەورووپییەکانو، بەپێچەوانەشەوە ئەوەی نەکراوەتە کوردیو فارسی کاری بۆ بکرێت.

هەرچەندە لەم ڕووەوە کارکراوە، بەڵام دڵنیام زۆریان ماونو وەرنەگێردراون.

٤ــ کۆکردنەوەی تەواوی ئەونووسینو بڵاوکراوانەی کەوا لەلایەن کەسانی جۆراوجۆردا لەسەر قاسملوو نووسیویانە، جا ئەو کەسانە چ خۆماڵی بن یان بیانی، لەیەك بەرگی تایبەتیدا بەناوی (قاسملوو لە نووسینی نووسەراندا).

٥- کۆکردنەوەی تەواوی وێنەکانی شەهید قاسملوو لە ئەلبومێکی وێنەیی تایبەتدا، بەپشت بەستن بەو ڕاستیەی کە وێنە گێڕانەوەی مێژووی خەباتی کەسایەتیە سیاسییەکانە ئەوە جگە لەوەی بەم کارە سەرجەمی وێنەکانی شەهید لە ونبوون بوون دەپارێزرێ.

٦ــ هەوڵدان بۆ دابینکردنی کورسیی خوێندن لە زانکۆکانی ئەورووپا، بەتایبەتی لە زانکۆکانی فەرەنسا بۆ خوێندکارانی کورد، بۆ ئەوەی فێرخوازان تیایدا سوودمەند بن.

٧- سەرجەمی ئەوکارانەی خرانە ڕوو دەکرێت لە یەك ماڵپەڕی ئینتەرنێتیی تایبەتدا دابنرێت، بەناوی ماڵپەڕی ئینتەرنێتی شەهید د.قاسملوو.

ئەمانەو چەندین پێشنیاری دیکەی گرنگ، کە دەکرێت لەکاتی خۆیدا زیاتر باسیان لێوە بکرێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنیان.

بەڵام ئومێدەوارم ئەم نووسینە کورتە بەمانای ئەوە نەخوێندرێتەوە کەوا ڕێبەرانی حیزب دوای تیرۆرکردنی ڕێبەرەکانیان بێ وەفاییان نواندوەو هیچیان بۆ نەکردوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە لەبەرچاوگرتنی قۆناغی خەباتی ئێستای حیزبی دێموکرات هەرئەوەندە لەتوانادا هەبووەو دڵنیاشم لە ئێستادا هەرئەوەندە توانایان هەیە.

# لە پەراوێزی کۆنفرانسی خەسارناسیی بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

نووسینی: سمایل شەرەفی

ڕۆژەکانی ١٩و ٢٠ی پووشپەڕی ئەمساڵ (١٣٨٦ی هەتاوی)، کۆمەڵێك چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆنفرانسێکیان لە ژێر ناوی "کۆنفرانسی پاتۆلۆژی (خەسارناسی)ی بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان بەڕێوە برد. بۆ ئەم کۆنفرانسە کە بە مەبەستی باسکردن لە خەسارناسیی بزووتنەوەی سیاسیی خۆرهەڵاتی کوردستانو دیالۆگی نێوان حیزبە سیاسییەکانو ڕووناکبیرانی کوردو دەستنیشان کردنی خاڵە لاوازەکانی نێو بزووتنەوەی کوردو باسکردن لە ڕێچارەکان پێك هاتبوو، زۆرێك لە حیزبو لایەنەکانی ڕۆژهەڵات بانگهێشت کرابوون.

من کە یەکێك لە بەشدار بووانی کۆنفرانسەکە بووم، بە پێویستم زانی لە پەراوێزی ئەم کۆنفرانسەدا، لە چەند خاڵێك دا راو بیرو بۆچوونی خۆم دەرببڕم:

١ــ بەڕێوەچوونی ئەم شێوە کۆنفرانسو کۆبوونەوانەو پێویستییەکی هەنووکەیی:

ئەگەر بمانەوێ واقعبینانەو بە دوور لە دەمارگرژی بڕوانینە بزاڤی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕۆڵو کاریگەریی هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە نیشتمانەکەمان، لانی کەم دەبێ ئیعتراف بەوە بکەین کە پێویستە بە ئاوڕدانەوە لە رابردووو لە هەمان کات دا واقیعییەتەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانو داخوازەکانی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵك، خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ بزاڤی سیاسیی نەتەوەکەمان هەبێو دان بەو راستییە دابنێین کە حیزبو لایەنەکانی ئێمە لە قەیرانی جۆاوجۆری پێکهاتەیی، ستراتیژیکی، ڕێبەری، پەروەردەییو شوناس دا دەژینو پێویستمان بە خۆنوێکردنەوە هەیە. کە وابوو بۆ چارەسەری ئەم کێشانەو هێنانە بەرباسیان پێویستە لە شوێنێکەوە دەست پێبکەین.

ئێستا کە کۆمەڵێك چالاکی سیاسیی دەروەستو دڵسۆز دەستپێشخەریان کردوەو هەنگاوەکانی یەکەمیان بۆ ئەم پێویستییە هەڵێناوەتەوە، بە باوەڕی من جێی شانازیو دڵخۆشییە. ئەوە نەبێ کە بڵێین پێش لەم هەنگاوە، هەنگاوی دیکە هەڵنەهێنراوەتەوە، نا.... بەڵام لانیکەم ئەوە بۆ یەکەم جارە کەسانێك لە دەرەوەی حیزبو لە ڕێگای کۆکردنەوەی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە دەوری تریبونێك، کار بۆ ئەم پێویستییە دەکەن. بەگشتی ئەو یەکەم هەنگاوانە پێمان دەڵێن کە مەحکوومین بەوەکە دەبێ پێکەوە بەخۆمان دا بچینەوەو پێکەوە بزاڤی سیاسیی نەتەوەکەمان ڕێبەریی بکەین.

٢ــ خۆ دزینەوە لە دیالۆگو پێکەوە دانیشتن:

هەر وەك لە سەرەوە باسم کرد زۆربەی نزیك بە تەواوی ئەو هێزو لایەنانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسیی خۆرهەڵاتی کوردستان دا بوونیان هەیە، بۆ ئەم کۆنفرانسە بانگهێشت کرابوون، بەڵام بەداخەوە هێندێکیان وڵامی بانگهێشتنەکەیان بە نەهاتنیان دایەوەو بەشدارییان نەکرد. بەبڕوای من ئامادە نەبوونی ئەم لایەنانە جیا لە خۆ دزینەوە لە راستییەکانو ترس لە "دەرکەوتنیان" ناتوانێ هۆیەکی دیکەی هەبێ. بەداخەوە بەشێك لە حیزبە سیاسییەکانی ئێمە لەگەڵ ئەوەیکە لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەك دا بانگەشەی نزیکبوونەوە لە یەکترو دیالۆگ لەگەڵ یەکتری دەکەن، ئێستاش لە دیالۆگو دانوستان دەترسێنو ئامادە نین لە ڕۆشناییدا بۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕنو دەنگەکانی دیکەش ببیستن. حیزبەکانی ئێمە تەنیا عادەتیان بەو پێکەوە دانیشتنانە هەیە کە لە بۆنە مێژووییەکانو بەتایبەت لە یادی دامەزرانی یەکتریدا پەیامی پیرۆزبایی بۆ یەکتری بخوێننەوە. بەڵام کە باس دەگاتە سەر دیالۆگو قسە کردن لە کێشەکانو لێکدانەوەی کەمو کورییەکان، ئامادە نین پێکەوە لە دەوری یەك کۆببنەوەو دەترسن لەوە کە دان بەوە دابێنین کە لە قەیران دا دەژین، لە رابردوودا چەقیونو هیچ پرۆژەیەکیان بۆ ئێستاو داهاتوو نیە. ئەمەش پرسیارێکی گەورە دەخاتە سەر ئەو پڕو پاگەندەو بانگەشانەی کە هێندێك لە حیزبەکانی ئێمە بۆ



چاکسازی دەیکەین. ئەوان کە ئامادە نین لە کۆنفرانسێك دا گوێ لە یەکتری راگرنو گوێیان لە کەسانی دەرەوەی خۆیان بێ، چۆن دەتوانن دەرك بە داخوازەکانی خەڵك بکەنو واقعییەتەکان بخوێننەوەو هەوڵی کانالیزە کردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکانی کوردستان بدەن.

٣ــ حاشا کردن لە قەیرانو کەمو کووڕییەکان:

لە چەند ساڵی رابردوودا زۆربەی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی ئێمە تووشی لێکدابڕان، لەت بوون، پارچە پارچە بوون هاتوون. پێمان وانەبێ ئەم نادڵخوازە هەرواو لەخۆڕا ڕووی لە حیزبەکانی ئێمە کردوە. بێگومان کۆمەڵێك کێشەو مەسەلەی جۆراوجۆر هەن کە ئەم حیزبانەی تووشی وەها بارو دۆخێك کردوە. ناکرێ لە خۆراو لە ڕووی دەمارگرژییەوە ئەم دیاردانە پاساو بدەینو پووش بە سەریان بکەین. مەبەست لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفرانسە کە هەر وەك لە ناوەکەی خەسارناسیی بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان را دیارە، دەستنیشان کردنی ئەو هۆکارانە بوون کە حیزبەکانی تووشی وەها بارودۆخێك کردوە. بەڵام بەداخەوە هێندێك لە نوێنەرانی حیزبەکانی ئێمە کردبوویانە تریبوونی پاساو هێناوە بۆ کەمو کوڕییەکانو نەتەنیا ئامادە نەبوون دان بە چووکەترین کەمو کوڕیو کێشەی نێو حیزبەکەیاندا بنێن، بەڵکوو بەتوندی بەگژ ئەو ڕەخنەگرانەش دا دەچوونەوە کە قامکیان لە سەر کێشەو کەمو کوڕییەکان دادەنا. بەداخەوە لەتو پەت بوونی حیزبەکانیش تا ئێستا نەیتوانیوە ئەم جۆرە کەسانە وەخۆ بێنێتەوەو رایانچڵەکێنێ. ئێستاش نەتەنیا پێیان وایە بە دوورن لە هەر جۆرە کێشەو کەم کووڕییەك، بەڵکو ئێستای حیزبەکەیان بە دەورانی "زێڕین" ناودەبەنو دەڵێن: "ئێمە پێویستمان بە بیرکردنەوە لە گۆڕانو نوێبوونەوە نیە چونکی هەموو شتێکیان لە جێی خۆیدایە." لە تریبوونی کۆنفرانسەوە هاواریان دەکردکە:

" ئێمە ئیزن بە کەس نادەین باس لە حیزبی ئێمە بکات، ئێمە پێویستمان بە کەس نیە، هەرکەسەو بۆی هەیە باس لە حیزبی خۆی بکا"

ئەم جۆرە تێڕوانینو بیرکردنەوانە درێژ کراوەی هەمان ئەو ئەقڵیەتەیە کە "خودی"و "غەیرە خودی" لە نێو حیزبەکان دا چێ دەکردو ئامادە نەبوو گوێ بۆ بیروبۆچوونی جیاواز راگرێو ئیعترافی پێبکات. ئەوە درێژکراوەی هەمان ئەقڵیەتە کە دەنگی جیاوازی لە نێو حیزب دا بە "کۆماری ئیسلامیی ئێران" دەشوبهاند!!!

٤- تەوەهوومی تەوتەئە (گومانی پیلان)

پێکهاتەی بیرکردنەوەی تا ئێستای هێندێك لە حیزبەکانی ئێمە لە سەر "تەوەهوومی تەوتەئە"(گومانی پیلان) راوەستاوە. "هیچ کەسو گرووپو لایەنێکی دڵسۆز!! نایە رەخنە لە حیزب بگرێو بڵێ تۆ کەمو کووڕیو کێشەت هەیە، هەر کەسێکو گرووپو لایەنێك کە ویستی ڕەخنە لە حیزبەکەی من بگرێو پێم بڵێ کێشەت هەیەو بەشێك لە هەڵوێستەکانت لە بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵك دا نیە حەتمەن پیلانێکی لە ژێر سەر دایەو سەری بە شوێنێکەوە بەندە."، ئەمە بیرکردنەوەی بەشێك لە حیزبەکانی ئێمەیە بۆ دەنگە جیاوازەکانی دەرەوەی خۆیان.

کۆنفرانسەکەی ڕۆژانی ١٩و ٢٠ی پووشپەڕی ئەمساڵ بەلای هێندێك لە ئامادە بووانییەوە کە نوێنەرایەتیی حیزبەکەیان دەکرد، پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو بوو!!!

هێندێك لایەن ئەوەندە ڕەشبینانە بیریان لە پێکهاتنی ئەم کۆنفرانسە کردبۆوە کە تەنانەت ئامادە نەبوونو وڵامی بانگهێشتنی بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە بدەنەوەو، هی واش هەبوو کە چەند ڕۆژ پێش لە هاتنیان بۆ کۆنفرانس خۆیان بە مەبەستی شێواندنی کۆڕەکە تەیار کردبووو تەنانەت خۆیان ماندوو نەکردبوو وەتارەکانیان تایبەت بە تەوەری

←

**چالاکانی دەرەوەی حیزبەکان دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرچاویان هەبێ، بە مەرجێك کە لێبراوانەو بە تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی تێپەڕ بوونو بێگوێدان بە تانەو تەشەری هێندێك کەسو لایەن، بڕۆنە پێشو ناهۆمێد نەبن.**

فەردین سادقی

# بەرەو دوا مەنزڵ
# لەنێو بەدرەقەی بەهەزاران دڵ



### ژیانی هونەرمەندی جوانەمەرگ لە چەند دێڕێك دا:

*فەردین سادقی، ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی شاری سنەی خوێناوی لە دایك بوو. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لە سنە تەواو کرد و دیپلۆمی وەرگرت. لە تەمەنی نەوجەوانیدا رووی کردە کاری هونەری و، بوو بە ئەندامێکی چالاکی تیپی هەڵپەرکێی "ئاویەر"ی شاری سنە و لە چەندین بەرنامەی هونەریدا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٨١ رووی کردە ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شانبەشانی جێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی، توانای هونەریی خۆی بۆ پەرەپێدانی هونەری هەڵپەرکێی کوردی لە نێو حیزب دا و راهێنانی کچان و کوڕانی دیموکرات، تەرخان کرد. سەرئەنجام "گرووپی هەڵپەرکێی رۆژهەڵات"ی دامەزراند و تا ساتی جوانەمەرگبوونی سەرپەرستیی ئەم تیپەی کرد. تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەڵات لە ژێر راهێنانی فەردین سادقیدا، بەدەیان چالاکی و بەرنامەی سەرکەوتوانەی لە جێژن و بۆنە حیزبی و نەتەوەیی یەکان، فستیڤاڵەکانی هەڵپەرکێ و کلیپ بۆ هونەرمەندان و بەرنامە تەلەڤیزیۆنی یەکان دا بەڕێوەبەرد و لە سەر ئاستی کوردستان بوو بە تیپێکی ناسراو و خۆشەویست.*

*ئەم هونەرمەندە بە توانا و دڵ پڕ لە خۆزیایە، بە داخەوە ئێوارەی رۆژی ١٢ی پووشپەڕ (٢٠٠٧/٧/٣) لە کاتی گەڕانەوە لە شاری کۆیە بۆ بنکەکەی بە ماتورسکلیت، ماشێنێك خۆی لێ دا و گیانی لە دەست دا.*



گۆڕستانی شەهیدانی حیزبی دیموکرات، رۆژی چوارشەممە ١٣ی پووشپەڕی ١٣٨٦ (٤ی جولای ٢٠٠٧)، رۆژێکی بێوێنەی بە خۆوە دی. لەم رۆژەدا تەرمی هونەرمەندی جوانەمەرگ فەردین سادقی کە ئێوارەی رۆژی پێشتر لە رووداوی هاتوچۆدا گیانی لە دەست دابوو لە نێو ماتەمی کیژان و لاوان و ژنان و پیاوانی دیموکرات و خەڵکێکی زۆر لە دانیشتووانی شاری کۆیەی هونەردۆستدا، لە مەزارگەی شەهیدانی حیزبی دیموکرات لە نزیك کۆیە بە خاك سپێردرا.

دەوروبەری کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ تەرمی ئەو هونەرمەندە خۆشەویستە لە حاڵێکدا دەیان ماشێنی پڕ لە خەڵك هاوڕێیەتیان دەکرد، لە نەخۆشخانەی ئازادییەوە بۆ گۆڕستانی شەهیدان گوازرایەوە.

دوای بە خاك سپێردرانی، دەستە دەستە لە قوتابیانی هونەریی فەردینی هونەرمەند و دۆستانی چەپکە گوڵیان لەسەر گڵکۆکەی دانا و بۆ مەرگی ناوەختی فرمێسکیان هەڵوەراند.

کاتژمێر ٧ ـ ٥ ی دوانیوەرۆی ١٣ی پووشپەڕ، لە ساڵۆنی گشتیی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، رێورەسمی پرسە و سەرەخۆشی و هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی فەردینی جوانەمەرگ و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو. لەم رێورەسمەدا بنەماڵەی لاوی جوانەمەرگ وئەندامانی رەشپۆشی "تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەڵات" لە شوێنی دیاریکراو لە مەجلیسی پرسە دانیشتبوون. لە شاری کۆیەشەوە، دەستە دەستە کاربەدەستان و دانیشتووان بۆ سەرەخۆشی و هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی هونەرمەندی جوانەمەرگ و حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەهاتن.

لەم رێورەسمە دا بەڕێز حەسەن رەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە وتەیەکی کورت دا بە بۆنەی ئەم رووداوە تاڵە سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی فەردینی جوانەمەرگ و تێکڕای ئەندامان ولایەنگرانی حیزب کرد. دواتر کاك برایم چووکەڵی بەرپرسی فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لاپەڕەکانی ژیانی کورت بەڵام پڕ خزمەت و بەرهەمی کادری لێوەشاوەی فێرگەی حیزب، فەردین سادقیی هەڵ دایەوە و ئاماژەی بە رۆڵ و سەرکەوتن و بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە لە نێو حیزبی دیموکرات و لە ئاستی کوردستان دا کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی رێورەسمی سەرەخۆشیدا، ئەندامی تیپی هەڵپەرکێی رۆژهەڵات خاتوو کوێستان خوسرەوی پەیامی تیپەکەیانی بە بۆنەی کۆچی لە ناکاوی راهێنەرو مامۆستای خۆیان خوێندەوە. کوێستان خوسرەوی گوتی:

"مامۆستا فەردین، ئەگەر لە لایەك جگەرگۆشەی بنەماڵەکەی بوو، لە لایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. سەرەڕای هەموو ئەوانەش مامۆستایەکی سادق و دڵسۆز بوو بۆ ئێمە، لاوانی لایەنگری هونەری هەڵپەرکێ. هەر بۆیە لە دەستچوونی کاك فەردین هەموومانی وەك یەك تازیەبارو کەسەربار کردوە. جارێکی دیکەش بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو دۆستانی خۆشەویستی بەڕێزیان دەکەین."

پاشان خاتوو کوردە عومەر، قایمەقامی شاری کۆیە کە لەم رێورەسمەدا بەشدار بوو، وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە بەشێك لە قسەکانیدا گوتی:

دەمەوێ پێتان رابگەیەنم، ئێستا زۆر لە دانیشتووانی شاری کۆیەش لێرە بەشدارن، هەمووی تازیەبارن، بەڕاستی ئەمڕۆ شار هەمووی پەرێشان بوو. شار هەموو خرۆشا بوو. فەردین بە تەنیا هی بنەماڵەکەی و هی ئێوەی بەڕێز نەبوو. فەردین هی کۆیەش بوو. فەردینی جوانەمەرگ یەکێك بوو لەو تاکانەی، لەو هونەرمەندانەی کە ئێمەش دڵمان پێی خۆش بوو کە لە سەر دەستی وی دەتوانین هونەری کوردی لە شاری کۆیەش پێش بخەین. بە خانەوادە خۆشەویستەکەی رادەگەیەنین کە فەردین زۆر گەورە بوو، زۆر بەڕێز بوو لە لامان. فەردین هەر هی ئەوان نەبوو. فەردین گەنجێکی هەرزەکار نەبوو کە بەدوای تەنها ئارەزووەکانی خۆی بکەوێ. فەردین بۆ کورد هەوڵی دەداو دەیویست بە سەرجەم پارچەکانی کوردستان بڵێ منیش هەم.

### شانازی بۆ لاوێك کە لە تەنیا ٢٤ ساڵی تەمەن دا دەبێتە عەزیزی هەمووان.

**لە رێورەسمی سەرەخۆشیی هونەرمەندی خۆشەویست فەردین سادقیدا، هێژا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وتەیەکی پێشکێش کرد. بەڕێزیان گوتی:**

"...فەردینی سادقی لە بنەماڵەیەکی چووکەڵە هاتەدەرێ و بوو بە ئەندامی بنەماڵەیەکی گەورەتر. ئەو بنەماڵەیە هەر حیزبی دیموکراتی کوردستان نیە، بەڵکوو میللەتی کوردە، رەنگە کەم لە تێکۆشەرانی سیاسی یا بڵێم هەر کەم کەس هەبووە لە خەڵکی دیکەش، لە تەمەنێکی ئاوا کەم دا بۆی رێ بکەوێ کە ئاوا خەڵك بیناسێ و ناوبانگ دەربکا و ببێتە عەزیزی هەمووان. فەردین نەك هەر لە نێو ئێمە، بەڵکوو بە فەزڵی پێشکەوتنی زانست و تکنیك بەڕاستی لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لە هەر جێیەکی کوردی لێیە ناسراوە.

لە دەستچوونی هەموو عەزیزێك بۆ ئێمە زۆر تاڵە. بەڵام لە عەینی حاڵ دا موتەعەهیدمان دەکا. ئەو وەختەی خۆشەویستێکمان لە دەست دەچێ، ئێمە تێکۆشەرانی سیاسی ئیحساس دەکەین ئەرکی ویش کەوتۆتە سەرشانمان، دەبێ لە جیاتی ویش مەسئوولیەتەکە بەعۆدە بگرین. لێرەدا ئەرکی تایبەتی دەکەوێتە سەرشانی هێندێك لە کیژو لاوە کەم تەمەنەکان ئەوانەی کە ئێستا لەسەر ئەو سێنە دانیشتوون، کە نوێنەرەکەیان لێرە قسەی کرد بۆ ئێوە. ئەگەر ئێمە هەموومان هەڵگری پەیامی فەردینی سادقین لە رێگای تێکۆشان بۆ ئازادیی میللەتەکەمان دا، ئەو عەزیزانە، ئەو کیژو لاوانە، ئەو ئەرکەشیان لە سەر شانە کە لە مەیدانی هونەریش دا، رێگاکەی فەردینی سادقی ئیدامە بدەن. خەم هەر چەندیش قووڵ بێ، بەڵام ئەرك و وەزیفە و پەیام لە بەین ناچن و لەبیر ناچێ و نابێ لەبیر بچێ. هەوڵ بدەن پەیامی مامۆستا شەهیدەکەیان بگەیەننە سەر.

ئەمن جارێکی دیکە سەرخۆشی لە باوك و دایك و مام و خوشك و براو هەموو ئازیزانی کاك فەردین سادقی دەکەم. سەرەخۆشی لە هەموو هونەردۆستان دەکەم، لە هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات، لە نێو تێکۆشەرانی دیموکراتیش دا، بەڕاستی سەرەخۆشی و هاودەردی لەگەڵ ئەو کچ و کوڕانە کە شاگردی فەردین بوون، هاوکاری فەردین بوون دەکەم. ناوی فەردین و هونەری فەردین وەك ئەمانەتێك لە ئەستۆی ئەوانە. دڵنیاشم کە شایستەی ئەوەن ئەم پەیامە هەڵ بگرن.

شانازی بۆ بنەماڵەیەك کە رۆڵەی ئاوا لە باوەشی خۆیدا پەروەردە دەکاو، شانازی بۆ لاوێك کە لە تەنیا ٢٤ ساڵ تەمەن دا، ئاوا دەبێتە عەزیزی هەمووان. ئەگەر فەردینمان لە دەست چوو، ئارەزووم ئەوەیە کە فەردینی دیکەمان زۆر بن. میللەتی کورد هەمیشە بەخشەندە بووە، هەمیشەش هەر بەخشەندە بمێنێ.

بۆ جارێکی دیکە زۆر سپاستان دەکەم."



---

**درێژەی**

## لە پەراوێزی کۆنفرانسی خەسارناسیی بزاڤی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا

کۆنفرانسەکە بنووسن و تارە کۆنەکانی دوو- سێ ساڵ لەوەپێشیان لە کۆنە ئارشیوەکاندا هێنابووە دەر کە هیچ پێوەندییەکان بە باسەکانی نێو کۆنفرانسەکەوە نەبوو.

هێندێك لە بەشدار بووانی کۆنفرانسەکە، تەنانەت سنووری ئەخلاقی سیاسیی و حورمەتی کۆڕەکەیان بەزاندو وێڕای بێحورمەتی کردن بە بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکەو بە "هیستریك" و" لۆمپەن" ناو بردنیان، تێگەیشتنی سەقەتی خۆیان لە مەبەستی کۆنفرانسەکە نەشاردەوەو راشکاوانە رایانگەیاند کە "ئێمە پێشتریش دەمانزانی کە ئەم ماستە نەتەنیا موو، بەڵکوو گوریسیشی تێدایە"!!

### ٥ـ تیشکی هیوایەك:

لەگەڵ هەمووی ئەم کەم و کووڕیو کێشانەی نێو حیزبەکانی ئێمە، دیسانیش من پێم وایە، بزاڤی سیاسیی ئەم بەشە لە خاکی نیشتمانەکەمان لە قۆناغی تێپەڕ بوون دایە. چالاکانی سیاسیی دەرەوەی حیزبەکان کەوتوونەتە مناقشەیەکی جیدی و سالمەوەو بە شێوەیەکی مێتۆدیك و زانستیانە خەریکی تاوتوێ کردن و خەسارناسیی بزاڤەکەن. لەگەڵ ئەوەکە رەخنەی جیددی لە حیزبە سیاسییەکان دەگرن، بەڵام دیسانیش لە هەوڵی لێ نزیك بوونەوەیاندان، لەگەڵ ئەوەکە هێندێك لە حیزبەکان بەگومان و تەوەهومەوە لێیان دەڕوانن، بەڵام دیسانیش ئەوان پێیان وایە، ئۆمێد بە لێك حاڵی بوون هەیەو خەریکن کاری بۆ دەکەن. بەو قەناعەتە گەیشتوون و هیوایان بەوە هەیە کە هێندێك لە حیزبەکانیش خەریکن بەخۆیاندا دێنەوەو خاوەن پرۆژەن بۆ ئێستاو داهاتوویان.

ورد بوونەوە لە راسپاردەکانی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنفرانسی خەسارناسیی بزاڤی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، دەریدەخات کە تێکۆشەرانی دەرەوەی حیزبەکانی ئێمە بە چاوو بیرێکی تیژەوە ئاڵوگۆڕی نێو هێندێك لە حیزبەکان دەخوێننەوەو چاوەڕوانی هەنگاوی گەورەترو بنەرەتیترن لە حیزبەکان.

لە پرۆسەی قۆناغی تێپەڕ بوونی بزاڤی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان دا چالاکانی سیاسیی دەرەوەی حیزبەکان دەتوانن رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاویان هەبێ، بە مەرجێك کە لێبراوانەو بە تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی قۆناغی تێپەڕ بوون و بێگوێدان بە تانەو تەشەری هێندێك کەس و لایەن، برۆنە پێش و ناهۆمێد نەبن. بۆ ئەم کارەش پێویستە لە لایەك خۆیان لە دەنگە گۆڕانخوازەکانی نێو حیزبە سیاسییەکانی نزیك بکەنەوەو لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بدەن ئەم جۆرە کۆبوونەوەو کۆنفرانسانە- وێڕای بانگهێشتنی سەرجەم هێزو لایەن و کەسایەتییە سەربەخۆکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان - درێژەی هەبێ و هەر جارەو سوژەیەك بکاتە تەوەری کۆبوونەوەکان. بەم شێوەیە دەتوانن حیزبەکان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ خەڵکانی دەرەوەی حیزبەکانیش بخەنە دیالۆگەوە.

### کۆتایی:

ئەگەر حیزبەکانی ئێمە بیانەوێ روخسارێکی ئەمڕۆیی بە بزاڤی سیاسیی نەتەوەکەمان ببەخشن، پێویستە پێش هەموو شتێك دان بە واقیعی هەنووکەیی خۆیاندا بنێن و لەگەڵ هەوڵدان بۆ چارەسەریی کێشەکان پرۆژەی کاریان بۆ ئێستاو داهاتوو راشکاوانە بخەنە بەردەم رای گشتی و خۆیان لە دڵەراوکێی گۆڕان و ترس لە نوێبوونەوە دوور رابگرن. لە هەموو گرینگتر رێز لە جیاوازییەکان بگرن و دەنگی چالاکی سیاسیی دەرەوەی خۆیان بە هێند بگرن.

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 466   19 July  2007

ا ُ پەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨


## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی خەسارناسیی بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بە ئامادەبوونی تێکۆشەرانی ژمارەیەك لە حیزبو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووناکبیرانو چالاکانی سیاسیی کوردستان، کۆنفرانسێك لە ژێر ناوی "پاتۆلۆژی (خەسارناسی)ی بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ (٢٠ و ٢١ی پووشپەڕ) لە شاری سلێمانیی باشووری کوردستان بەڕێوە چوو.

مەبەست لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفرانسە پێکانی ئەم چەند ئامانجەی خوارەوە بوو:

١ــ کردنەوەی دەرگای وتووێژو دیالۆگ لە نێوان حیزبو لایەنە سیاسییەکان، گرووپو کەسایەتییە سیاسییە سەربەخۆیەکانی کوردستان، بە مەبەستی دیاریکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی بزاڤی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢ــ هاوکاریو لێك نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، لە پێناوی بەهێزکردنی هەرچی زیاتری بزاڤی نەتەوەیی سیاسیی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٣ــ لێکدانەوەی مێژوویی و کۆمەڵناسانەی خەباتی هاوچەرخی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەروەها خەسارناسیی ئەم خەباتە بە مەبەستی پێك هێنانی ریفۆرمو خوێندنەوەیەکی نوێی هەلومەرجی ئێستای حیزبو لایەنە سیاسییەکان.

٤ــ دارشتنو هەڵگرتنی ئاخێوێکی نەتەوەیی ـ دیموکراتیكو گشتگیر کە تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران لەخۆ بگرێو باڵ بەسەر سەرجەم چینو توێژو ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بکێشێ.

زۆربەی لەو وتارو بابەتانەی کە لەم کۆنفرانسەدا پێشکەش کران، خاوەنی ڕەهەندێکی زانستیانە بوونو هەوڵ دەدرا کە گۆشەنیگایەکی مودێرنو ڕەخنەگرانەوە، لایەنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان تاوتوێ بکرێ.

لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا، بەڕێوەبەرانی کۆنفرانسەکە بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی ئەو وتارو بابەتانەی کە لەوێدا خوێندرانەوەو باسیان لەسەر کرا، لە قالبی بەیاننامەی کۆتایی هاتنی کۆنفرانس دا، کۆمەڵێك ڕێکارو پێشنیاریان خستە بەرسەرنجی ئامادەبووان کە بریتی بوون لەم خاڵانەی خوارەوە:

١ـ پێویستیی دامەزراندنی ناوندێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ستراتیژیك لەلایەن حیزبەکانەوە. ٢ــ گرنگیدان بە چەمکی فێرکردنو پەروەردە لە نێو حیزبو لایەنە سیاسییەکان دا. ٣ـ پێویستیی گۆڕان لە ئاخێوی سیاسیی هێزو لایەنەکان داو، ڕەچاوکردنی گوتاری نەتەوەیی. ٤ـ جێگۆڕکێو وازهێنان لە ئوردووگانشینی. ٥ــ نەهادینە کردنی دیموکراسی لە نێوخۆی حیزبەکان دا. ٦ــ پێك هێنانی دیالۆگو کردنەوەی درگاکانی وتووێژو دانووسان لە نێوان حیزبەکان دا. ٧ــ پەرەپێدان بە گوتاری نەتەوەیی لە سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. ٨ـ ئاوڕدانەوەیەکی جیددی لە بزووتنەوەی ژنان، لاوانو خوێندکاران. ٩ــ دەربازکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی بیروزمانی حیزب (زیاتر نەتەوەیی بن). ١٠ــ زەقکردنەوەی کێشەی کورد وەك کێشەیەکی سەربەخۆو بەدەر لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

## لیستەی سەرووەری ( ٩ )

ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کوردو دۆستانو ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی داخوازی حیزبیان بۆ دانی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە داوەتەوەو جوامێریو دڵاوایی خۆیان نیشان داوە. ئەو بەڕێزانە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە حیزبی دیموکراتیان بەسەرکردۆتەوە. لە هەر ژمارەیەکی "کوردستان" ناوی بەشێك لەو بەڕێزانە بڵاودەکەینەوە. لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی دوو شت پێویستە:

١ـ لەبەر هێندێ تێبینی ناوی ئەو دۆستانە نانووسینو تەنیا بە چەند پیتی ناوەکانیان ئاماژەیان پێدەکەین.

٢ــ ئەوانەی پوولی غەیری تمەنیان داوە دراوەکەیان هەرچی بووە بە دۆلار بەراورد کراوەو بۆ ئاسان کردنەوە، دۆلاریش بە نۆسەد تمەن قەبڵێندراوە.

١ـ م.ح.ع  نەوەد هەزار(٩٠,٠٠٠) تمەن
٢ـ ح.ز  نەوەد هەزار(٩٠,٠٠٠)
٣ـ پ.ه.ع  حەوسەدهەزار(٧٠٠,٠٠٠)
٤ـ م.ع.ع.ك  یەك میلیۆن(١,٠٠٠,٠٠٠)
٥ــ دۆستێکی عەبدوڵڵا حەسەنزادە  پێنج میلیۆن(٥,٠٠٠,٠٠٠)
٦ـ ف.ك.ب  نۆسەدهەزار(٩٠٠,٠٠٠)
٧ـ ج.ق.ب  حەوسەدو شەست هەزار(٧٦٠,٠٠٠)
٨ـ م.ح.ش  نەوەدهەزار(٩٠,٠٠٠)
٩ـ ح.ح.گ  سەدهەزار(١٠٠,٠٠٠)
١٠ـ ن.ج.ق  چوارسەدو پەنجا هەزار(٤٥٠,٠٠٠)
١١ـ هاوڕێیەکی ئەدەبیی عەبدوڵڵا حەسەنزادە میلیۆنێك و هەشتسەدهەزار(١,٨٠٠,٠٠٠)
١٢ـ خ.ب.ر  نەوەدهەزار(٩٠,٠٠٠)
١٣ـ ق.ئا  حەوسەدو شەست هەزار(٧٦٠,٠٠٠)
١٤ـ م.ب.ع.ع  سەدو هەشتاهەزار(١٨٠,٠٠٠)

تێبینی: لە سەر داوای بە شێك لەو بەڕێزانەی یارمەتیی حیزبیان داوە لەمەودوا ئەو لیستەیە بڵاو ناکرێتەوە. مەگەر لە سەر ڕەزامەندیی یارمەتیدەران.

## زانای زمان پروفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لە ڕووداوێکی دڵتەزێن دا گیانی لەدەست دا


پروفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، کە چەند مانگێك بوو ماڵەکەی لە بەغداوە هێنابۆوە سلێمانی، دوانیوەڕۆی یەکشەممە ٨ی جولای ٢٠٠٧، لە کاتی بەڕێ کردنی دەستەیەك میواندا، لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆی ماشێنێك لێی دا و بە هۆی توندیی لێدانەکە، بەداخەوە گیانی لە دەست دا.

پروفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، ئەگەر بە بۆنەی خزمەتە زانستییە بە نرخەکانی بە زمانی کوردی، بۆ هەموو کوردێك بە گشتی جێگای ڕێز و خۆشەویستی بوو، لە لای حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتیشی هەبوو. چونکە لە دەیەی ٧٠ی زایینییەوە، کە دوکتور ئەورەحمان بە دوای تەواو کردنی خوێندنی باڵا لە سۆڤیەت را گەڕایەوە بەغدا و لە کۆڕی زانیاریی کورددا وەك ئەندامێکی کارا دەست بەکار بوو، لە گەڵ ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزبمان کە لە بەغدا گیرسابوونەوە، بوو بە دۆست و ئەم دۆستایەتییە هەتا ئەو کاتەی پروفیسۆر ئەورەحمان بە داخەوە گیانی لە دەست دا هەر بەردەوام و بە هێز بوو. ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملووی نەمر و مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە لە دۆستانی نزیکی پروفیسۆر ئەورەحمان ، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش حیزبی خۆشەویستی ئەو کەسایەتییە گەورەیە بوو و بە شێوەی جۆراو جۆر خۆشەویستی و پشتیوانی و هاوپێوەندیی خۆی بۆ ئەم حیزبە دووپات دەکردەوە.

به کۆچی ناوەختی پروفیسۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، حیزبی دێموکراتی کوردستان دۆستێکی بە نرخ و نەتەوەی کورد زانایەکی گەورە و خزمەتکارێکی کەموێنەی زمانەکەیان لە دەست دا. لە دەستچوونی ئەم زانایە بۆ کورد بە گشتی و زانکۆ و ناوەندە زانستییەکانی عێراق و کوردستان بە تایبەتی زیانێکی گەورە و قەرەبوو نەکراو بوو.



## بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا




باس لە کارە بەنرخەکانی "بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەییو ڕۆژنامەوانیی کوردی"، دەرفەتێکی دیکەو بەدواداچوونێکی لە نزیکەوەی دەوێ. بۆیە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا تەنیا یەك لە چەندین بەرهەمی ئەو بنکەیە لە بارەی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بە خوێنەران دەناسێنین.

"بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەیدا "(١٩٠٨ ــ ١٩٨٨) کە بەرهەمی لێکۆڵینەوەو زەحمەت و بەدواداچوونی "جوتیار تۆفیق هەورامی" یە، باس لە ٨٠ ساڵ ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵەکانی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە دەکا.

جوتیار تۆفیق، زانیاریی لە بارەی ١٠٣ بڵاوکراوەی کوردی (ڕۆژنامە، گۆڤارو بڵاوکراوەی دیکە)، کردوە بە نێوەرۆکی بەشێك لە کتێبەکەی. لە پاشکۆی یەکەمی کتێبەکەشیدا، ژیاننامەیچەند کەسایەتییەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گونجاندوە کە ڕۆڵی دیاریان لە پەرەپێدانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەم بەشەی کوردستان دا هەبووە کە بریتین لە:

مەلا محەممەد تورجانی، مەلا ئەحمەد تورجانیزادە، محەممەد شاپەسەندی، دوکتور ئیسماعیل ئەردەلان، حەسەنی قزڵجی، هێمن، عەزیزی یوسفی، سەید محەممەد حەمیدی، سەدیق ئەنجیریئازەر، سارمەدین سادق وەزیری، کەریمی حیسامی، دوکتور محەممەد سەدیق موفتیزادەو سلێمان موعینی. بەڕێز جوتیار تۆفیق پاشکۆی دووهەمی کتێبەکەی تەرخان کردوە بۆ پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوەی هەندێك لە هەڵەکانی کتێبی "ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٢ ــ ١٩٧٤" لە نووسینی "د. هیمدادی حوسێن". لە پاشکۆی سێهەمی کتێبەکەشدا (گۆڤارو بڵاوکراوەکانی کۆمەڵە) ئاماژەیان پێ کراوە.

ئەم کتێبە لە ١٨٢ لاپەڕە پێك هاتووە، ساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن "بنکەی ژین" چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

**ب. هیوا**

## مرواریی دەریای وشە

با هەموو ڕۆژێ، ئاواتێکت لە سەر دابێ، ئەوینێکت لە دڵ دابێو ببنە هۆیەك بۆ ژیان. **(کلۆدیا ئادرین گراندی)**

مرۆڤی ئەوتۆ هەن کە بە بوونی خۆیان لەم جیهانەدا، دنیا ڕووناکتر دەکەن. **(مێری داوسن هاگس)**

زمانی دۆستایەتی، وشە نیە، واتایە. **(هێنری دێیڤید تۆرۆ)**

هەر کارێکی بمانەوێ، دەتوانین بیکەین، ئەگەر بەو جۆرەی شایانیەتی، هەوڵی بۆ بدەین. **(هێلێن کلێر)**

## بەر لەماڵاوایی

## تکایە چیتر دزیمان لێ مەکەن!

قادر وریا

خاوەنی ماڵپەری" پێشمەرگەکان" لەم لینکە دا:
http://www.peshmergekan.eu/babet_pdf/wtekany_d_qasmlu.pdf

بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٦ ( ١٨ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان) ١٨ لاپەرە لە وتەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدەمانی لە سایتەکەی دا بڵاو کردۆتەوە.

ئەگەر کەسێك ئەو ١٨ لاپەڕە لە گەڵ لاپەڕەکانی ١٥٨ ـ ١٣٤ی کتێبی " قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندووە" دا بەراورد بکا، زۆر بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ کە خاوەنی ئەو ماڵپەرە ٢٤ لاپەڕە لە کتێبەکەی منی پاش سڕینەوەی بە ئەنقەستی ناوی کتێبەکەو ناوی خاوەنەکەی، دەقاودەق لە توێی ١٨ لاپەرەدا، بە هەمان سەردێرو تیترو سوتیتر، بە هەمان تەرتیب، بە هەمان ڕێنووسو خاڵبەندی، بە هەمان ژێر نووسو تەنانەت دەتوانم بڵێم بە هەمان تایپو پیتچنینەوە! لە سایتەکەیدا بڵاو کردۆتەوە.

دیارە من ئەو وتانەی دوکتور قاسملوو یا هیچ بابەتێکی دیکەم بە ڕێکەوت لە کتێبەکەم دا نەهێناون.هەرشتێکی کە بۆ خۆم نەم نووسیبێو بۆ خۆم وەرم نەگێڕابێ، یا بۆ خۆم کاری ئامادەکردن، هەڵبژاردن، سەردێر بۆ دانانو پێشەکیو ڕوونکردنەوە بۆ نووسینم بۆ نەکردبێ، نەم گونجاندوە. پێشم خۆشە هەر کەس ولایەنێك بە هەر بیرو بۆچوونیکی سیاسییەوە، لەم کتێبەم یا هەر نووسینو وەرگێرانێکی دیکەم لە پێناوی خزمەت بە حەق و حەقیقەتداو بە تایبەتی بۆ ناساندنی بیروبۆچوونو خەباتو تێکۆشانو کەسایەتییەکانی د.قاسملووی نەمر یا ڕێبەرانی شەهیدی دیکەمان، کەڵك وەربگرن. کە وا بوو من نامەوێ چونکی ئەو شتانە هی منن ، کەلك لێوەرگرتنیان لە هێندێك کەس و لایەن مەنع بکەم. بەپێچەوانەوە، بە مەرجێك سەرەتاییترین ئوسوول و ڕێوشوێنەکان و مافەکانی پێوەندیدار بە بەرهەمی مەعنەوییەوە، ڕەچاو بکرێن، زۆریش مایەی خۆشحاڵیم دەبی کە بەرهەمی هەوڵی چەندین ساڵەم، لە لایەن ئۆگرانیبیروبۆچوون وکەسایەتیی ڕێبەرێکی مەزنی وەك د.قاسملوو ، کەلکی شیاوی لێوەرگیرێ.

خاوەنی ماڵپەڕی ناوبراو جگە لە ناوی کتێبەکەو ناوی خاوەنی کتێبەکە، ژێر نووسی لاپەرە١٥١ی کتێبەکەی منیشی بە ئەنقەست قرتاندوە. چونکە لەو ژێرنووسە دا ئاماژەم بە هەوڵێکی نادروستی لە چەشنی ئەم هەوڵەی ئێستای خۆی کردوە. واتە ئاماژە بە کەڵکوەرگرتنی ئەندامێکی ڕێبەریی حیزبەکەی ئەو برادەرە، کە نائەمینانە هێندێك لە نووسین و وەرگێرانەکانی منی لە کتێبێکی کۆ کراوەی خۆیدا لە بارەی دوکتور قاسملۆوە هێناون. بەڵام سەرنجراکێش ئەوەیە بەڕێوەبەری ماڵپەری پێشمەرگەکان، لە بیری چووە ئەو پێشەکییە مانادارەی لە دەروازەی کۆنگرەی١٣ی حیزب و" لە پازدە ساڵەی ئاوا بوونی هەتاوێکدا" بۆ گوڵبژێرێك لە وتەکانی ڕێبەری شەهیدمان نووسیومە، بقرتێنێو بسڕێتەوە. بەم کارەشی بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ، ریسەکەی لە خۆی کردۆتەوە خوریو دەستی خۆی ڕوو کردوە"!

لێرەدا ڕووی قسەم دەکەمە خاوەنی سایتی" پێشمەرگەکان" و لە گەڵ ئەویشدا بە هەموو بەڕێوەبەرانو کاربەدەستانی حیزبەکەی کاك ساڵە نەلۆسی و ڕاگەیەنەکانی سەر بەوان دەڵێم:

بەڕێزان! فارس گوتەنی " شتر سواری دو لا دولا نمیشە". ئێوە یا نابێ دوکتور قاسملوو بکەن بە موڵکی بێ ئەم لاو ئەو لایخۆتان،یا ئەگەر وەك تا ئێستا نیشانتان داوە،دەتانەوێ بە تەواوی لە پاوانی خۆتانی بگرن، نابێ بە نووسینو وەرگێڕانو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەو بەرهەمی مەعنەویی کەسانێك کە بە هەموو تواناتانەوە هەوڵ دەدەن بە نەیاری دوکتور قاسملوویان بناسێنن، ئەم کارە بکەن! ئەمەیان ئیدی بەدشانسیی ئێوەیە کە زۆربەی ئەو کەسانەی زۆرترین ڕۆڵیان لە ناساندنی بیرو بۆچوونو کەسایەتی و خزمەتەکانی دوکتور قاسملوو وریبەرانی شەهیدی دیکەی ئەم حیزبە دا هەبووە، لە گەڵ ئێوە دا نین. ئێستا کە وایە یا دەبێ خۆتان ، قۆڵی لێ هەڵماڵنو ئەو کارانەی مەمانان کردوومانن، سەر لە نوێ بیانکەنەوەو لە بەرهەمی ئێمە بێمنەت بن. یا ئەگەر هەر ناچارن کەلکیان لێ وەرگرن بۆتان نیە ناوو مۆرکو شوێن پەنجەی ئەو کەسانەی زەحمەتیان پێوە کێشاون، لێیان بسڕنەوە. چونکە ئەگەر هێندیك کەسیش بەم زەوتکردن وداگیرکارییەتان نەزانێ، کەسانێك هەر پەیدا دەبن کە هەست بە ڕاستیی مەسەلەکە بکەنو گاڵتەیان پێ بێ.

بەر استیزۆر سەیرو، هەر لەو کاتە زۆر جێی داخە لە حاڵێکدا هێندێك حیزبو لایەن هەولێکی زۆر دەدەن تا ڕێبەرانیان بکەن بە موڵکی هەموو نەتەوەکەیان، لە نێو لەتێك لە حیزبی دێموکرات دا هەوڵ دەدرێ دوکتور قاسملوو یەك کە لە مێژە هەموو نەتەوەی کورد بە هی خۆی دەزانێ و شانازیی پێوە دەکا، بە زۆرو زۆرداری بیکەن بە موڵکی جیناحێكو هێندێك کەسی تایبەتی! ئەمە وای کردوە ڕاگەیەنەکانیشیان تووشی سانسۆری سەیرو سەمەرە بن. بۆ وێنە " تیشك tv" کە لە ١٨ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا ببووە شاشەیەك بۆ هەڵدانەوەی ئالبۆمیئەو وێنانەی کاك حەسەن شەرەفیو چەند کەسێکی دیکە لە گەڵ د.قاسملوو دا هەیانە، کەچی هەر ئەو کاك حەسەنەی لە کاتی ڕێورەسمە دوامالآوایی لە تەرمی دوکتور قاسملوو لە ئەنیستیتۆی کورد لە پاریسو لە کاتی بە خاك سپاردنی لە گۆرستانی پێرلاشیزدا، هەر نیشان نەدا! بۆ؟چونکە بەڕێزیان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لەو مەراسمەدا بەشدار بوو! دیارەپێشتریش و لە زۆر بوونەی دیکە دا، لەم جۆرەکارانەیان کردوون. واتە بریاربەدەستانو بەڕێوەبەرانی ڕاگەیەنەکانیان، بە سەخاوەتەوە زۆر برگە لە مێژووی حیزبی دێموکرات سانسۆر دەکەن یا بە ئەنقەست خۆیانی تێدا قوت دەکەنەوە تا ڕواڵەتێکی ناواقیعی بە قازانجی خۆیانو بە زیانی لایەنی بەرامبەریان، پێشان بدەن. ئەمە وای کردوە وزەو کاتێکی زۆر بۆ هەڵبڕینی فیلمەکان، مۆنتاژی وێنەکانو سڕینەوەو قرتاندن ودەسکاریی دوکیومێنت و ئارشیوەکان و حەزفو سانسۆری نەفەرەکان تەرخان بکەن. کارێك، کە دروستکردنی مێژوویەکی ساختە بە قازانجی تاقمێکی مەبەستە و هیچیتر و، تەنیا دەبێتە هوی ستەمکردن لە مێژووو حەق و حەقیقەت. هەر بۆیەش زۆر لە بینەرانی بەرنامە ڕاستەوخۆکانی تیشكtv ناتوانن لە ئاست ئەم جۆرە هەولانە بیدەنگ بنو پەیتا پەیتا بە چاویان دا دەدەنەوە!

بەڕێزان! ئێوە تیتۆڵێك لەو سیستەمانە دادڕن کە دەیان ساڵ هەوڵیان دا زۆر کەسایەتی و ناوو بەرهەمو جی پەنجەو ڕۆڵیان بەم هەولانەی خۆتان ئاسایی لە زەینی خەڵك بسڕنەوە، یا تێکۆشان وەك نەیاری گەلو نەتەوەو هتد بە کۆمەڵیان بناسێنن، بەڵام عاقیبەت هەر ڕەنج بە خەسارییان پێ براو، خەڵکی ئاگا پێکەنینی بەم هەولانەیان هات. لەو یەکیەتیی سۆڤیەتەش دا کە دوکتور قاسملوو سیستەمی دەسەلاتدارەتیی ئەوێی بە کورتە باسەکەی نەقد کردەوە، زۆر هەوڵ درا سولژنیتسەکان، ساخارۆفەکانو ڕەخنەگران و جیابیرانی دیکە، "قەرەنتینە" بکرێن، لە بەرچاو و زەینی خەلك لا ببرێن و، ڕوومای دەستپەروەردەی ئەملاوئەولا و، کەسانێکی دوژمن بە سۆڤیەتو ئاشتیو یەکسانییان لێ پێشان بدرێ، وهیچ لە درۆو بۆختانو هدنگۆو چاووراویش نەما، بۆیان هەڵ نەبەسترێ . بەڵام عاقیبەت چی؟. خەلك،لەجیاتی هەڵبژاردنی قارەمانانی مێژووی ساختە،ئەوانەیان بە هی خۆیان زانی کە سیستەمی سیاسی وڵات ، بە دوژمنی ئەوانی ناساندبوون.

لە جیاتی وەکارخستنی مقەستی سانسۆرو دزینی بەرهەمی کەسانیترو کەڵك لێوەرگرتنیان بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆتان، مێشكو بیروقەڵەمتان دەکار خەنو ئەگەر تێگەیشتنو خوێندنەوەیەکی نوێترو دەوڵەمەنترتتان لە بارەی دوکتور قاسملۆوە هەیە، پێشکێشی بکەن.

هەقە ئێوە بزانن نووسینو وەرگێڕانو بەرهەمی مەعنەویی کۆنە هاورێیانتان، بنکەو دارایی حیزبی نین تا بە زۆر دەستی بەسەردا بگرنو لە سەر خۆتانی تاپۆ بکەن!